# شۆڕشناسیی

## دەربارەی شۆڕشو شایستەیی بۆ شۆڕش


نووسینی: عەزمی بشارە

وەرگێڕانی :

دکتۆر یاسین سەردەشتیی          بەرزانی مەلا تەها

- "من لێرەدا دەگەم بەوەی کە ببینم کاریگەریی تێکشاندنی چینە فەرمانڕەوا دەسەڵاتدارەکان لە کات و قۆناغی جیاوازدوا لەلای گەلانی جۆراوجۆر چی بووە، هەڵبەتە من لە بوونی فلان رووداو، فلان هۆکاری بەرێکەوت و رواڵەتیی بێئاگا نیم، بەڵام باوەڕ بکەن کە هۆکاری راستیینە، هۆکاری لەدەستچوونی دەسەڵات لەدەستی خەڵکانێك، ئەوە بووە کە ئەوان ئیدی گەیشتبوونە قۆناغێك کە شایستەیی ئەوە نەبوون چیدی دەسەڵاتیان لەدەستدا بێت."

ئەلێکسیس دوتۆکڤێڵ

- " گوڵەکانی بەرگریی و ئازادییخوازیی لە تۆوی فەرهەنگەوە شین دەبن و شکۆفە دەکەن."

ئەمیلکار کابرال

- شۆڕش ئەو زانستەیە کە دەخرێتە بورای جێبەجێکردنەوە لەپێناو گۆڕینی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ریشەیی و گشتگیر، ئەوەی وادەکات هێزە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووخوازەکان کاروباری ئەو کۆمەڵگایە بەدەستەوە بگرن، ئەوەش ژیانێکی گونجاوترو کاراتر بۆ بەختەوەریی مرۆڤ پێکدەهێنێت، بەوەی هەنگاوێك لەرێگەی پێشکەوتندا بەرەو نموونەباڵاکانی دەنێت، رێگایەك هەمیشەو هەتاهەتایە بە شتی نوێ رازاوەیە کە هانی پێشکەوتن دەدات"

محەمەد عیمارە

# پێرست

سەبارەت بە چەمکی شۆڕش.......................
ئایا دیارییکردنێکی زانستیی بۆ چەمکی (الثورة/شۆڕش) هەیە؟....
دەرچوون و زاڵبوون تیۆرێك نییە بۆ شۆڕش..........
زاراوەی شۆڕش...................................
شۆڕش، کودەتا، چاکسازیی..........................
نوێبوونەوەو نوێخوازیی..................
ئازادیی و شۆڕش................................
سەبارەت بە دۆخی شۆڕش یان شایستەیی بۆ شۆڕش................
شــــۆڕش وەك جووڵانەوەیـــــەك شـــــایەنی بڵاوبوونـــــەوە بێت...................
شۆڕشی دیموکراتیی و ئایدیۆلۆجیی..........................

## پێشکەشکردن:

"شۆڕش" وەك دیاردەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کە ئامانجی گۆڕانکارییەکی ریشەیی و سەراسەرییە لە قەڵەمبازێکی مێژووییدا، بەیەکێك لەو دیاردە هەرە سەرەکیی و سەرنجڕاکێشانەی مێژووی نوێ و هاوچەرخ دادەنرێت کە ریشەکەی بەقووڵایی مێژوودا رۆچووە و رووادنیشی لەقۆناغە جیاوەزەکان و شوێنە جۆراوجۆرەکاندا سەرنجی بایەخدارانی راکێشاوە، بەچەشنێك هەوڵیانداوە کە سەبارەت بە چەمك و مانا و هۆکارو کاریگەریی و هەڵوێستوەرگرتن لە ئاستیدا، سەرنج و زانیاریی و لێکدانەوە و ئەنجامگیریی و رای هەمەجۆرمان بخەنە بەردەست، بەتایبەت کە شۆڕشەکانیش تەنیا لە تەرزو شێوازێکدا خۆ نمایش ناکەن( وەك : شۆڕشی نەتەوەیی، شۆڕشی دیموکراتیی، شۆڕشی چینایەتیی، تەنانەت شۆڕشی پیشەسازیی و تەکنەلۆجیی و..هتد) و سنوورێکی تەواو کۆنکرێتیشیان نییە تاکو لەگەڵ چەمکەکانی دیکەی گۆڕانکاریی وەك " چاکسازیی"و "کودەتا"و "راپەڕین"و "یاخیبوون"..هتد تێکەڵ نەبن. دیارە شێوازەکانی ئەو گۆڕانە ریشەییە قەڵەمبازئامێزە،( بەوەی کە توندوتیژیی تێیدا بە رەگەزێکی خۆڵێلانەدراو نەبینرێت و بەشێوەی ناتوندوتیژیی بهێنرێتەدی)، وایکردووە چەمکەکان و ئەزموونەکانی وەك شۆڕشی سپی و شۆڕشی پرتەقاڵی و شۆڕشی وەنەوشەیی..هتد ببنە ئەزموونی نوێ و لەسەر خەرمانی چەند سەد ساڵەی شۆڕشەکانی دیکە کەڵەکە بن.



شارەزایانی بواری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، هەریەکەو بەگوێرەی بایەخ و تێگەیشتنی خۆیان لەو دیاردە سەرنجڕاکێشە، لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ شۆڕش هەبووە و قامکیان خستۆتە سەر هۆکارە سەرەکییەکانی. ئەوەی کە سەرنجی ئەو بایەخدارانەی راکێشاوە ئەوەیە کە بۆچی هەندێك لە سیستەمە سیاسییەکان زیاتر لەوانی دیکە رووبەڕووی مەترسیی شۆڕش دەبنەوە؟ یان بۆچی شۆڕش لە هێندێك وڵات روودەدات و لە هێندێکی دیکە نا؟ یاخود بۆچی ناوبەناو شۆڕشەکان وەك پەتا بەخێرایی بەناوچەیەکی دیارییکراودا بڵاو دەبنەوە؟ یا چۆن شۆڕشەکان زەمینەی روودانیان بۆ خۆشدەکرێت یان رێگە لە روودانیان دەگیرێت..هتد؟، رەنگە هەرکەس کاتێك ناوی شۆڕش دەبیستێت راستەوخۆ سەرنجی بچێتە سەر دوو هۆکاری سەرکیی کە ستەمکاریی سیاسیی و نادادپەروەریی ئابووریی و کۆمەڵایەتییە، ئەو دوو هۆکارەی تاڕادەیەکی زۆر بەشێکی گەورەی شۆڕشەکانی کۆن و نوێ پێکدەهێنن. بەڵام بە وردبوونەوەی لەو بابەتە شرۆڤەکارییانەی شۆڕشناسەکان کە تاوێستا سەبارەت بە ریشەگەلی شۆڕشەکان پێشکەشیان کردووین، دەتوانین پێنج هۆکاری هەرە سەرەکیی بۆ روودانی شۆڕش بخەیەنە بەرچاو کە بریتین لە بوونی: **گەشەکردنی وابەستە، حکومەتێکی سەرکوتکار لەسایەی تاکێکی دەسەڵاتخوازدا، ، فەرهەنگی سیاسیی ناڕەزایەتییبەخش و بەرگرییخواز، داکشان و داچوونی ئابووریی، سوودوەرگرتن لە دەرفەتی کرانەوەی دەرکیی سیستمی جیهانیی.** تێهەڵکێشبوونی ئەم پێنج هۆکارە بۆتەهۆی روودانی گرنگترین شۆڕشە سەرکەوتووەکانی دنیا، بەتایبەت لەو وڵاتانەی پێشتر بە جیهانی سێیەم ناودەبرا، وەك

شۆڕشەكانی : مەكسيك (١٩١٠-١٩٢٠)، چین (١٩١١-١٩٤٩)، كوبا ( ١٩٥٣-١٩٥٩)، ئێران ( ١٩٧٧-١٩٧٩)، هەروەها نیكەراگوا ( ١٩٧٧-١٩٧٩).

بەو پێیەی كە ئێمە شارەزاییەكی زیاترمان لەمێژووی ئێران و ئاگادارییەكی وردترمان سەبارەت بە شۆڕشی ئێران‌و سەرنگونی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٧٩دا هەیە، هەروەها لەرووی جیۆگرافییەوە نزكترین ئەزموونە لەخۆمانەوە، وادەبینین بێسوود نەبێت كە هێندێك بە درێژیی سەبارەت بەو شۆڕشەو تێهەڵكێشبوونی ئەو پێنج هۆكارەی سەرەوە تێیدا قسان بكەین.

مەبەست لە گەشەكردنی وابەستە بریتییە لەو پەرەسەندنە خێراو كوتوپڕەی نێو سنووره دیارییكراوەكان، كە كەمتر پشت بە گەشەكردنێكی نێوخۆیی قۆناغ بە قۆناغو هەمەلایەنە دەبەستێت‌و زیاتر بەپاڵپشتیی‌و هاندان‌و قازانجی دەرەكیی‌و دەستەیەكی دیارییكراوی ناوخۆ بەڕێوەدەچێت‌و قەیرانی كۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی وەك: هەڵتۆقینی دراو، زێدەبوونی نایەكسانیی، كەمبوونی خزمەتگوزارییە ژێرخانیەكانی وەك شوێنی نیشتەجێبوون‌و پەرپوتی پەروەردەو تەندروستیی..هتد، پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەكان لەنێو چینە كۆمەڵایەتییەكانی وەك : چینی ناوەڕاستی شارەكان، كرێكاران، جووتیاران‌و زەحمەتكێشانی شارو لادێ لێدەكەوێتەوەو گرژیی‌و دژوارییەكان پەرەدەسێنن.

سەبارەت بە ئێران، حكومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٩ بە مشۆرەت لەگەڵ دامودەزگا تایبەتكارە ئەمەریكییەكاندا وردەكارییەكانی هەوڵ پلانی گەشەپێدانی ئابووریی دانا بۆ ماوەی حەفت ساڵان بە ئامانجی



پەرەپێدانی كشتوكاڵ‌و پیشەسازیی‌و خزمەتگوزاریی تەندروستیی‌و فێركاریی، پلانەكە خەرجكردنی ٢١٠٠٠ ملیۆن ریاڵی ئێرانیی لە خۆدەگرت "نێزیكەی ٤٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی" كە حكومەت خوازیاربوو وەدەستی بهێنێت وەك بەشێك لە داهاتەكانی نەوت‌و قەرزی بانكی نیشتیمانیی ئێرانیی‌و بانكی نێودەوڵەتی بۆ بنیاتنان‌و ئاوەدانكردنەوە، بەڵام پلانی ئابووریی نێوبراو بەهۆی كێشەی سەرمایەوە شكستیهێنا، بانكی نێودەوڵەتیش قەرزێكی سنووورداری پێشكەش بە ئێران كرد، هەروەها داهاتەكانی نەوت لە نێوان ساڵانی ١٩٥١ – ١٩٥٤ بە تەواوەتی وەستا،پاش رووخاندنی حكومەتەكەی دكتۆر موسەدیق بە پلانی شا-ئەرتەش-سیاو ئێم ئای ٦،و هەروەها كۆتاییهێنان بەكێشەی نەوت بە قازانجی نیوەیی لەنێوان ئێران‌و كۆمپانیاكانی كۆنسۆرسیۆم، و لێشاوی كۆمەكییە ماڵییەكانی ئەمەریكا بۆ ئێران هەنگاوەكانی گەشەكردن دەستیپێكردەوە، لە ساڵی ١٩٥٥ پلانێكی تری پەرەپێدانی ئابووریی بۆ ماوەی حەفت ساڵان دەستی بە كارەكانی كرد دوای ئەوەی داهاتەكانی نەوت رووی لە باشیی كردو ئەمەریكاش بەڵێنیدا قەرزێكی زۆر ببەخشێت بە ئێران بەمەبەستی جێبەجێكردنی پلانەكە كە نێزیكەی خەرجكردنی ١٠٧١ ملیۆن دۆلاری لە خۆدەگرت، نەخشەكە پتر چڕ كرایەوە لەسەر فراوانكردنی بونیاتی ژێرخانی گواستنەوەو گەیاندن‌و پەرەپێدانی كشتوكاڵ، بەڵام بەرفراوانیی لە پێشكەشكردنی قەرزەكان بۆ كەرتی تایبەت‌و زیادەی خێرا لە خەرجكاریی حكومیدا بووە مایەی هەڵاوسانی تەنگژەی ئابووری‌و كورتهێنانی تەرازووی پێدانەكان‌و بەرزبوونەوەی نرخ بەهۆی هەڵاوسانەوە، حكومەتیش ناچاربوو داوای

برگەلێكی تری قەرز بكات لە وڵاتانی دەرەوە، ئیدی ئەو لایەنانەی قەرزیان دابوو بە ئێران داوایانكرد بەرنامەگەلی جێگیریی ئابووریی جێبەجێ بكات كە كەمكردنەوەی خەرجیی لەسەر بەندەكانی پلانی پەرەپێدانیی ئابووریی لە خۆ دەگرت، لەگەڵ كەمكردنەوەی بەخشینی قەرزی بانكیی بە كەرتی تایبەت، لەگەڵ ئەمەشدا پلانی پەرەپێدانی ئابووریی دووەم هێندێك پێشكەوتنی بەخۆوە بینی، بە تایبەت لە بواری دامەزراندنی بەنداواندا ئەو وڵاتە هەر لەسەرەتای ساڵی (١٩٦٣)وە بەرەو قۆناغێكی گرنگ و خەتەرناك هەنگاوی نا كە خۆی لەپیادەكردنی پرۆسەی پەرەپێدانێكی ئاڵۆز دەبینێتەوە كە تیایدا دەوڵەت رۆڵێكی گەورەو كاریگەری لە گۆڕین و دیاریكردنی شێوازی پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگەدا یاری كرد. شایەنی باسە لەمڕووەوە پێویستە ئاماژە بەو راستیە بكرێت كە وێڕای ئەوەی محەمەد رەزاشا لە زۆربەی چاوپێكەوتن و كۆڕو كۆبوونەوەو وتارەكانیدا ئەو قسەیەی چەند بارە دەكردەوە، كە پرۆسەی كاپیتالیزەكردن و مۆدێرنیزەكردنی كۆمەڵگەی ئێرانیی لەسەر بنچینەكانی شۆڕی سپی، ئێران بەرەو (تمدن / بزرگ شارستانییەتی مەزن) دەبات و دەیكاتە پێنجەمین هێزی سیاسیی و ئابووریی لە جیهاندا. كەچی ئاكامەكانی هەوڵی چەند ساڵەی سەراپا ریفۆرم و شۆڕشە سپییەكە دروست پێچەوانەی بەڵێن و راگەیاندنەكانی شا كەوتنەوەو قەیرانێكی ئابووریی و كۆمەڵایەتیی مەزنیان بۆ ئێران هێنایە گۆڕێ، كە مەترسییدارترین دیاردەكانی: دابەزینی چاوەڕواننەكراوی بەرهەمی وەرزێریی، تێكچوون و وێران بوونی گوندە كشتوكاڵییەكان، هوروژمی جووتیارانی بێ زەوی لە گوندەكانەوە بۆ شارەكان، هەڵتۆقینی خێرای شارەكان و لاوازیی



ئاستی گوزەرانی دانیشتوان، كەوتنەوەی گرانیی و برسێتیی و بێكاریی، شڵەقاندنی چینە كۆمەڵایەتیەكان و بنیاتنانی ئابوورییەكی لاوازی سەرمایەداریی لەسەر دارو پەردوی پەیوەندییە نیمچە دەرەبەگییەكان كە نەئەوەبوو پشت بە كشتوكاڵ ببەستێت و، نە بە ئابوورییەكی پیشەسازیی تۆكمە، ئاكامێكی سەختی وا كە جگە لەهێنانە كایەی توێژێكی سەرمایەداریی مشەخۆرو وابەستە بە رژێم و، جگە لە پاراستنی بەرژەوەندییەكانی كۆمپانیا بازرگانییەكانی بێگانەو كارگە چەك بەرهەمهێنەرەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا قازانجی بەرچاوی گەلانی ئێران و كۆمەڵانی خەڵكی زەحمەتكێشی وڵاتی تێدا بەدی نەدەكرا. دابەشنەكردنی سامانی نیشتمانیی و داهاتی نەتەوەیی بەشێوەیەكی دادپەروەرانە لەنێوان هەرێمەكانی وڵات و چین و توێژەكانی كۆمەڵگەی ئێرانییدا، یەكێك بوو لەو هەڵە ئابوورییە سەرەكییانەی رژێمی شاهەنشاهیی كەبەرەو ئەو چارەنووسەیان برد، لەئێرانی محەمەد رەزاشادا بەشی زۆری هەرێمەكانی وڵات لەپرۆسەی سەرمایە گوزاریی و گەشەپێدان بێبەش بوون، لەم بارەیە تارانی پایتەخت بەشی شێری پچڕیبوو، بەجۆرێك ٨٪ی دانیشتووانی وڵات، ٣/١ی هەموو كارمەندانی دەوڵەتی، ٦٠٪ی كۆی خوێندكارانی ئێران، ٥٠٪ كۆی نوژدارانی وڵاتی تیادا كۆبووەوە، بەشێكی زۆری چین و توێژەكانی كۆمەڵگەو هەرێمەكانی دیكەو وڵات سوودێكی وایان لەو پرۆسانە نەدەدیت، دانیشتوانی ئێران لەگوندەكاندا ژیانێكی كولەمەرگیان بەسەر دەبرد، كە ٩٠٪ی گوندەكانی ئێران لەرووناكیی كارەبا بێبەش بوون. ٣/٢ی دانیشتووانی وڵات بێ دكتۆرو دەرمان بوون، تەنانەت لەخودی تارانی پایتەخت دا ٤٢٪ خەڵكی شوێنی

شیاویان بۆ ژیان نەبووو لەئاوو کارەباو باقی دیکەی پێویستییە خزمەتگوزارییەکان بێبەش بوون، گەندەڵیی ئیداریی، دزیی، بەرتیل خۆریی، هەژاریی، بلاۆبونەوەی سێکسفرۆشیی لە دیاردە بەربلاۆوەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیی بوو، لەئێرانی محەمەد رەزادا کە بەپێی قسەی خۆی بەرەو شارستانیەتی مەزن دەڕۆیشت، کار گەیشتبووە رادەیەك کەسانی واهەبوو لەبەر برسێتیی پاشەرۆکی ئەسپ و ولاٚخیان دەقۆستەوە تابزانن داخۆ دەنکە جۆی ساغی تێداماوە!!

سەبارەت بە هۆکاری دووەم کە بوونی حکومەتێکی سەرکوتکارە لەسایەی تاکێکی دەسەلاٚتخوازدا، ئەوەی هەمیشە شانەبەشانی گەشەکردنێکی وابەستە خۆی دەسەپێنێت‌و کاردەکات بۆ سەرکوتکردنی هێزەکانی چینی خوارەوەو کەنارخستنی چینی ناوەڕاست‌و پێشگیریی لە بەشدارییکردنی بژاردە ئابوورییەکان دەکات لە کاروباری سیاسییدا. ئەم جۆرە حکومەتانە دەگونجێت لە سیستمە پاشایەتییە میراتگرییە ملهوڕەکان یان دیکتاتۆرییە سەربازییەکان یاخود ئەو فەرمانڕەوا چیڕەدرێژانەی کە لەرێگەی ئامرازەکانی سەرکوت‌و ساختەکارییەکانی هەڵبژاردنەوە ماوەیەکی زۆر کورسی دەسەلاٚت قۆرخ دەکەن. گەرچی ئەم حکومەتانە دەتوانن بۆماوەیەك نەزم‌و وەزعی مەمەلەکەت بۆماوەیەك زامنکەن‌و بەوتەی هیوی نویتن :" بتوانن شۆڕشگێڕان لەزیندانیٚ بکەن، بەلاٚم ناتوانن خودی شۆڕش بخەنە نێو زیندان"، چونکە ئەم سیستمانە چوارچێوەی ناڕەزایەتییەکان پەرەپێدەدەن‌و تادێت چین‌و توێژە زیانلێکەوتووو ناڕازییەکان بەرفراوان دەبن‌و لەدەرفەتێك دەگەڕێن کە تێیدا پێکەوە



دەسەلاٚتی وەخت‌و حکومەتە ستەمکارەکەی بکەنە ئامانج‌و پێیدا بتەقنەوەو بۆ رووخاندنی قۆڵی لێهەڵبکەن.

ئاشکرایە کە رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی رژێمێکی دیکتاتۆریی ناسیۆنالیستیی تۆتالیتێر بوو بەجۆرێك شوێنێکی بۆ ئازادییە سیاسیی‌و دیموکراتییەکان لەئێراندا نەهێشتبووەوە، محەمەد رەزاشا لەدوای کودەتای ١٩ی ئوتی ١٩٥٢وە بەدرێژایی ٢٥ ساڵ بەچاولێکەریی باوکی وەك دیکتاتۆرێکی کەم وێنەو بەپشت بەستن بەسوپایەکی پەرداخت‌و هێزە جاسوسیی‌و سەرکوتکەرەکانی کورسی دەسەلاٚتی بۆخۆی مسۆگەرکردبوو، جگە لە خۆی کەس مافی دەستتێوەردانی کاروباری (شهرەبانی، ژاندارمەری، ساواك•، ئەرتەشی) نەبوو، بەئارەزووی خۆی‌و بیٚ لێپرسینەوە دەستی لەتەواوی کاروبارەکانی سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی ولاٚت دەداو خۆی بەسێبەری خودا دەزانی بێئەوەی لەبەر دەم هیچ کەس‌و یاسایەکدا بەرپرسیاربێت. لەئێرانی شاهەنشاهیدا دەرفەتێك بۆ ژیانی پلوڕاڵیی

• ساواك، کورتکراوەی (سازمان اطلاعات وأمنیت کشور / رێکخراوی هەواڵ کۆکردنەوەو ئاسایشی دەوڵەت)ە، ئەو دەزگایەی بەهاوکاریی دەزگا جاسوسییەکانی ئەمەریکاو ئینگلیز و ئیسرائیل لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٧)دا دامەزرێنراو لەچەند بەشی جیاواز پێکهاتبوو، ئامانجی سەرەکییان کۆکردنەوەی هەواڵ و ڕاوەدونانی حیزب و گروپ و رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکان و دوژمنەکانی رژێمی دیکتاتۆری پەهلەویی‌و شەخسی محەمەد ڕەزاشا بوو، شایەنی باسە ساواك وەك دەزگایەکی جاسوسیی جگە لەوەی لە ئیمکانییاتێکی مادی بەرفراوانی لەبەردەستدابوو نوێترین و ئامێرو شێوزای کۆنترۆڵ و سەرکوت و ئەشکەنجەی لەخزمەتدابوون، دەزگای ساواك بە هەزاران کارمەندو جاسوسی هەبوون. لەناو ئەرتەش، لە دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت، بازاڕ، ڕۆژنامەکان، لە ئوتێلەکان، لە پۆست و تەلەگراف، تەنانەت لەنێو گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەناو ئێران و لەدەرەوەی ئێراندا هەبوو، کارمەندانی ئەم دەزگایە بەمەبەستی دەمکوتکردنی دوژمنانی رژێمی دیکتاتۆریی‌و سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن لەهیچ تاوانێك نەدەپرینگانەوە.

سیاسیی و فره حیزبییدا نەبوو، ئازادی هەڵبژاردن و چاپەمەنیی نەدەبوایە قسەی لێبکرێت، ئەو یەك دوو حیزبە کارتۆنییەش کە بەناوی (مردم، ملیون، ایران نوین) دامەزرابوون زۆری نەخایەند لەساڵی ١٩٧٥دا شوێنیان بۆ سیستمی تاقەحیزبیی بەناوی (حیزب رستاخیز/ پارتی رابوون) چۆڵکرد، ئەو حیزبەی کە بەزۆر خەڵکیان ناچار دەکرد ببنە ئەندامی، هەربۆیە بەپێی نووسینی ساواك لەماوەی چەند مانگێکدا ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ( ٢٠) ملیۆن کەس، کەچی دوای راگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ساڵی ١٩٧٩ لەشەوو ڕۆژێکدا ئەندامێکی نەمایەوە.

لەئێرانی شاهنشاهیدا کەمترین نارەزایی بەتووندترین شێواز سەرکوتدەکرا، زیندانەکانی قەسری قاجار، قزڵ قەڵا، فەلەك لئەفلاك، برازجان و عادل ئاوای شیراز بەهێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی وەك حیزبی تودەوجەبهەی میللیی، حیزبی دیموکراتی کوردستان، چریکە فیدائییەکان،وموجاهدین وگروپە چەپ و مارکسیستەکان سیخناخبوون، بەپێی دانپیانانی خودی شا، لە ساڵی١٩٧٠ دا، ٣٠٠٠ گیراوی سیاسیی هەبووە. لەکاتێکدا هێندێك سەرچاوەبە (٥٠-١٠٠) هەزاریان قەبلاندووە.[•] زیندانیی سیاسیی جگەلەوەی لەمافی پارێزەرگرتن و رەخنە گرتن لە حوکمەکەی بێ بەش بوو، خاوەنی چ مافێکی ئینسانیی نەبوو، بەنوێترین ئامێرو شێوازی شکەنجە ئازار دەدران. هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٧دا زیاتر لە ٤٠٠ کەس پاش

[•] ریتشارد دبلیو گوتام , القومیة فی ایران , ترجمة : فاضل الخفاجی , مراجعة : الدکتور علی محمد المیاح . بغداد , ١٩٧٨، ل٤٧٠.



دادگاییکردنێکی سەرپێی سەربازیی گوللەباران کراون، تیرۆرکردنی کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی دژ بەڕژێم لەناوەوەو دەرەوەی ئێران ئەرکێکی سەرەکیی رێخراوی ساواك بوو، لەمڕووەوە لیژنەی نێودەوڵەتی مافپەروەران لە ژنێڤ لە راپۆرتێکیدا ساڵی ١٩٧٦ بلاویکردەوە "ژمارەیەك بەڵگە دەیسەلمێنن کەئێران شێوازی نابەجێی بۆ شکەنجەی لاشەیی و دەروونیی بەکاردێنێت."[◆] هەروەها رێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتیی ئاشکرایکرد، کە هیچ وڵاتێکی جیهان هێندەی ئێران پێشینەیەکی خراپی لەبواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا نییە. هەربۆیە ئاسایی دێتە بەرچاو کەدروشمەکانی( ئازادیی، دیموکراتیی و بەردانی گیراوە سیاسییەکان) لەپێشەوەی ئەودروشمانەدابوو کە بە درێژایی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن هەزار کەسەوە بەرزدەکرایەوە.

شایەنی باسە، بۆئەوەی شۆڕش رووبدات پێویستە ناڕەزایەتییەکان پەرەبسێنن و لەچوارچێوەی هەڵمەتێکی یەکانگیر دژ بە رژێم دەربکەون. بۆئەوەش دەبێت فەرهەنگی سیاسیی بەرهەڵستکاریی و بەرگرییخوازیی شکۆفە بکات و بێئومێدیی و بێمتمانەیی لە دەسەڵاتی وەخت پەرەبسێنێت تاکو زیاترینی چین و توێژە ناڕازییەکان لەسایەی توڕەیی و بێزارییان ئامادەیی هاوکاریی پێشانبدەن و لەسایەی دروشمی هاوبەشی وەك "ئازادی" و "سەربەخۆیی" و دادپەروەریی"دا دژی ستەمکاریی دەسەڵات بێنەمەیدان. بۆئەوەش سوود لە فەرهەنگی مللیی و ئایدیۆلۆجیای وەك نەتەوایەتیی و سۆشیالیستیی و ئاینیی و

[◆] أدور سابلیە , ایران مستودع البارود , ترجمة عبدالمنعم حسنین , القاهرة , ١٩٥٨ ،ل ٥٥.

تەنانەت ئەفسانە میللییەکان ..هتد وەردەگیرێت،چونکە چەندە یەکانگیریی چین و تویژە ناڕەزایەتیەکان بەهێز بێت، ئەوەندەش ئەگەری ڕوودانی شۆڕش و سەرکەوتنی لەباردەبێت و بەپێچەوانەشەوە.

لەڕاستییدا، تایبەتمەندیەکانی دیکتاتۆریی و سێکیولاریستیی و ڕۆژئاواگەرایی ڕژێمی پەهلەویی ناکۆکییەکی توندو گرژو دژواری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەکۆمەڵگای ئێرانیدا هێنابووەئارا، زیندوکردنەوەی نەریتی ئیمپراتۆریی و سەپاندنی کلتوری فارسیی بەسەر کلتوری ئیسلامیی و شیعەگەرێتیدا، گۆڕینی ساڵنامەی کۆچیی بە شاهەنشاهیی، سوکایەتییکردن بەپیاوانی ئاین و بەتوندیی سەرکوتکردنی هەر ناڕەزایەتییەکیان، هاندان و بڵاوکردنەوەی لایەنە نێگەتیڤەکانی فەرهەنگی ڕۆژئاوا لەنێو کۆمەڵگەی ئێرانییدا وەك: هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی خێزان، بەدرەوشتیی، نۆشینی خواردنەوە کهولییەکان، بەکارهێنانی حەشیشەو مادده سڕکەرەکان، هاندانی ڕوتکردنەوەی ئافرەتان و ڕاکێشانیان بۆ کۆڕی بەزم و خۆشیی کاربەدەستانی ڕژێم، برەوپێدانی دانس و سەمای ڕۆژئاواو کردنەوەی باڕو شوێنی ڕابواردن و سێکسخانەکان، هاندانی بەرەلاّیی و تێکشکاندنی ڕۆحیەتی لاوان و دوورخستنەوەیان لەهەموو ڕەوشتێکی بنیاتنەرانە، ئەوانەی لە ئاکامی شکستی ریفۆرمی کشتوکاڵیی لەلادێکانەوە روویان لەشارەکان کردبوو نەئەوەبوو بتوانن فەرهەنگی ساکاری لادێییانەیان بپارێزن، نە ئەوەشبوو بتوانن تێکەڵ بە فەرهەنگی ڕۆژئاواگەرایی شارەکان بن، ئەوەی تووشی نامۆییەکی سەختی کردبوون. ئەوەی لەگەڵ فەرهەنگ و بەها کۆمەڵایەتییە مەزهەبیی و ساکارەکانی کۆمەڵگەی ئێرانییدا یەکیان نەدەگرتەوە،



ئەوەش ئەوانەی لە سایەی دەزگای ئاینیی زیاتر لەڕژێمی شا دردۆنگ کردو بەتوندیی بۆ دژایەتیکردنی هێنانیە مەیدان. هێزە ناڕازییە ئێرانییەکانی وەك ئیسلامیی بونیادگەرا (لایەنگرانی خومەینی)، ئیسلامی رادیکاڵ (پەیڕەوانی عەلی شەریعەتی)، ئیسلامی لیبراڵ (جەماعەتی مەهدی بازرگان)، نەتەوەیی دیموکراتی( جەبهەی میلی)، مارکسیزمی کلاسیکی(حیزبی تودە)، مارکسیزمی رادیکاڵ (چریکە فیدائییەکان)و هەروەها سۆسیالیزمی ئیسلامیی(موجاهدینی خەلق)، ئەوە جگە لە نەتەوە غەیرە فارسەکانی وەك کوردو ئازەر کە لە فارسگەرایی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم و پێشێلکردنی مافەکانیان هەراسان بوون. هەریەك لەم هێزانەو بەگوێرەی پێکهاتەی ئایدیۆلۆجیی ودنیابینی خۆیان لە ڕژێم سەنگەریان گرت و ئامادەبوون لەپێناو ڕووخاندنی ڕژێمداو لەسایەی دروشمەکانی "ئیستیقلال" و "ئازادیی" و عەدالەت" ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەویی بکەنە ئامانجی هاوبەش و ملیۆنەها ئێرانی بە چەپ و ڕاست و لیبراڵەوە، بە کوردو ئازەری و عەرەب و فارسەوە، بە لاوو ژن و پیرو منداڵەوە بێننە سەر شەقامەکان و درێژە بە خۆپێشاندانەکان بدەن تاکو ژێرەوژوورکردنی سیستمی شاهەنشاهیی دانەمرکێنەوە. دیارە لەقۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێراندا خومەینی وەك چەترێك توانی هەموو هێزە نەیارەکانی ڕژێم لەپشت خۆیەوە کۆبکاتەوە (خەتی ئیمام)، ئەو خومەینەی سەرزەنشتی شای بەوە دەکرد کە:"وڵاتی بە بێگانان فرۆشتووەو خەڵکی بێبەش و مەحرومی فەرامۆش کردووە".

دوو هۆکاری دوایی شۆڕش، واتە داکشان‌و داچوونی ئابووریی‌و هەروەها کرانەوەی دەرەکیی سیستمی جیهانیی دەتوانن لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و دەرەکیی، دەوڵەتە سەرکوتکارەکان لاوازترو هێزە شۆڕشگێڕەکان جەسوورتر بکەن. بێگومان هەریەك لەو دوو هۆکارەش زۆر کاریگەرن بۆ خێراترکردن‌و زەمینەخۆشکردنی تەقینەوەی شۆڕش.

لەئێراندا دوو دیاردەی سەرەکیی رۆڵیان لە داکشانی ئابوورییدا بینیی، یەکەمیان گەندەڵیی دارایی‌و دووەمیشیان دابەزینی لەناکاوی نرخی نەوت لەدوای ناوەڕاستی سالآنی ١٩٧٠کاندا. لێرەدا ناکرێت باس لەو دەستبلآویی‌و پارە بەفیرۆدانەی شاهەنشاو خودی بنەماڵەی پەهلەویی‌و دەزگا بیرۆکراتییەکانی رژێم نەکرێت، کە بۆخۆی چەشنێك بوو لەتالآنیی سەروەت‌و سامانی نیشتمانیی. وەك ئاشکرایە وێرای ئەوەی دەوڵەت بەفەرمیی بودجەی ٤٠ ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجی سالآنەی شا بڕیبووەوە، کەچی ناوبراو بێ هیچ لێپرسینەوەیەك مافی دەرهێنان‌و خەرجکردنی سامان‌وپارەو پولی دەوڵەتی هەبوو، خودی شا راستەوخۆ چاودێری دەرامەتی کۆمپانیای نەوتی ئێرانی دەکرد، (دەزگای خێرخوازیی پەهلەویی)* کە بە رەواڵەت وەك دەزگایەکی خێرخوازیی سەیردەکرا، ئامانجی جگە لەکۆکردنەوەی پارەو پول بۆ بنەماڵەی پەهلەویی شتێکی دیکە نەبوو. ئەودەزگایە لە ئێراندا

* ئەوەی جێگەی سەرنجە، رەزاشا پەهلەوی کە بۆخۆی لەبنەماڵەیەکی هەژار بوو، پاش ئەوەی بووە شای ئێران وەك مرۆڤێکی چاوبرسیی کەوتە هەڵپە بۆ خۆدەوڵەمەندکردن‌و تا بڵێی مرۆڤێکی رژدو دەستنوقاو بوو، محەمەد رەزای کوڕیشی هەمان ئەخلاقی باوکی بە میرات بۆ مابووەوە، کەس نەیبستبوو ئەوانە خێرخواز بن.



خاوەنی دەیەها بانك‌و کۆمپانیاو ناوچەی گەشت‌وگوزار بوو ٣٢ ملیۆن دۆلار پارەی مۆڵی هەبوو. شایەنی باسە هێندێك سەرچاوە سامانی شەخسیی محەمەد رەزاشا یان لەدەرەوەی ئێراندا بە ٣٠ ملیار فرەنك مەزەندەکردووە، کە بۆخۆی ژمارەیەکی خەیاڵیاییە. پسوڵەی پێداویستییەکانی دەربار لەکێشدا نەبوو، ئەو پارانەی کەلە بۆنەو یادە جیاوازەکاندا خەرج دەکران جێگای باوەڕ نەبوون، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٦دا، بەبۆنەی ئاهەنگی هاتنە سەرکاری کورسی شاهێتیی‌و لەساڵی ١٩٧١دا بەیادی جەژنی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهێتی لە ئێراندا نزیکەی ٣٠٠ملیۆن دۆلار خەرجکرا. هەروەها لاساییکردنەوەی دەوڵەتە سەرمایەدارە مەزنەکان، بە بەخشینی قەرزو بەشدارکردن لەسەرمایەگوزاریی پرۆژەو کۆمپانیا مەزنە ناودارەکان، کەبەدوای دابەزینی نرخی نەوتدا قەیرانێکی دارایی گەورەیان بۆ ئێران دروستکرد وزۆر بەخراپیی لەسەر ئابوورییە فشەڵەکەی ئێران رەنگی دایەوە. چونکە لەدوای نیوەی دووەمی ئەو دەیەیەدا، مەسەلەکە رەوتێکی تری گرتەبەر کە پەنمینی ئابووریی، کەوتنەوەی بێکاریی، وەستاندنی پرۆسە سەرمایە گوزارییەکان‌و بلآوبوونەوەی گرانیی، نالەبارترین دیاردە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران بوون. لەراستیدا ریفۆرمی زەوی بەو شێوازەی لەئێراندا پیادەکرا گورزێکی گەورەی لەسامانی کشتوکاڵی وەشاندو بەسەدان هەزار جوتیار کە ریفۆرم نەیدەگرتنەوە بەرەو شارەکان کۆچیان کرد، بەم شێوە هەم گوندەکان هێزی کاری خۆیان لەدەستدا کە ئاکامەکەی بە وێرانبوونی پرۆسە سەرەکییەکانی ئاودێریی‌و دابەزینی بەرهەمی کشتوکاڵیی کۆتاییهات، هەم شارەکانیش توانای لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی

نەبوو کە رووی تێدەکرد، هەر بۆیە ئەو توێژەی کۆمەڵ لە دژوارترین هەلومەرجدا ژیانێکی کولەمەرگیان بەسەر دەبرد، ئەمەش وای لێکردن ئامادەبن لەپێناوی هەرگۆڕانێکدا بەگەرمیی بێنە مەیدانەوە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا، لەکۆتایی ١٩٧٠کاندا تووشی ساردییەکی کتوپڕهات، بەتایبەت دوای هاتنەسەرکاری حیزبی دیموکرات لەئەمەریکا بەڕابەریی (جیمی کارتەر) مەسەلەکە رەهەندێکی نوێی گرتەخۆ. کارتەر بەراشکاویی رایگەیاند کە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادە نییە چەك بەو ولاّتانە بفرۆشێ کە رژێمەکانیان مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن و ناوی ئێرانی لەپێشەوەی ئەولاّتانەدا برد، ئەم ئاخاوتنەی کارتەر تیشکی سەوزی بۆنەیارانی رژێمی  شاهەنشاهیی لەدەرەوە وناوەوەی ئێران هەڵکرد کە بۆ رووخاندنی ئەو رژێمە وەخۆکەون. بەمەش هەر پێنج هۆکارەکە تێهەڵکێش بوون و شۆڕشیان لە ئێراندا کردە واقیع.

دیارە شۆڕشیش وەك هەر دیاردەیەکی دیکەی زیندووی سیاسیی و کۆمەلاّیەتیی، بەگۆڕانی ژیان و ئاستی شارستانییەتی مرۆڤایەتیی، دەکرێت گۆڕان بەسەر تایبەتمەندییەکانیدا بێت و شێوازو چۆنێتی روودانی لە قۆناغێکەوە بۆ ئەوی دیکەی جیاواز بێت، وێڕای ئەوەی پێشبینییکردنی وردی کاتی روودانی شۆڕش فرە سەختە، بەلاّم نزیکەی هەمیشە هۆکارەکانی روودانی شۆڕش بەجۆرێك چەسپاویی دەمێننەوە. هەر لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو راستییەش بدرێت، کە چەندە ناکۆکیی نێوان چینە کۆمەلاّیەتییەکانی کۆمەڵگایەك توندتر بێت، چەندە بۆشایی نێوان دەسەلاّت و خەڵك مەزنتر بێت، چەندە ئارەزووی چینەکانی خوارەوە بۆ گۆڕان بەجۆشتر بێت، چەندە کەلێنی



نێوان مۆرەکانی چینی فەرمانڕەوا بەرینتربێت، چەندە ئەگەری یەکخستن و رێکخستنی ناڕازییان دژ بە سیستم لەبارتربێت، چەندە ئامانجی شۆڕشکردن و سەرکەوتنی مژدەبەخشتربێت، چەندە دەسەلاّت لە رێگرتن لە گەشەکردنی ئاست و مەودای ناڕەزایەتییەکان دەستەوسانتربێت، چەندە رێبەرایەتیی گروپە شۆڕشگێڕییەکان بەتوانا و لێهاتووتربێت، چەندە هێزە سەرکوتکارەکان لەسەرەتای کرێوەی شۆڕشدا لاوازو راڕاو دەستەپاچەتر بێت، چەندە لەرزە دەرەکییەکان و کاریگەریی رووداوە هەرێمییەکان لەسەر دەسەلاّتە خۆجێیەکە راتەکێنەرتربێت، چەندە دەوڵەت و دەستگاکانی حکومەت لەبەرچاوی خەڵکی بێمتمانەتر بێت، چەندە دەسەلاّت لەبەرامبەر خواستەکانی خەڵکدا گوێنەبیستتربێت، هێندەش ئەگەری قەومانی شۆڕش چاوەڕوانکراوتر دەبێت.

هەرلێرەشدا، دەکرێت ئاماژە بەو شۆڕشانە بدرێت کە زەمینەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێتیان رەخساند و لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکاندا گۆڕانکارییەکی گەورەیان لە سیستمی جیهانیی بەگشتیی و لە ئەورووپای رۆژهەلاّت بەتایبەتیی هێنایەکایەوە، ئەوەی کە بەهێزیی یەکێتیی هێزە بەهەڵستکارەکان و زێدەبوونی ناکۆکییەکانی نێو دەسەلاّت و بێلایەنی سوپا و هێزە چەکدارەکان و هۆشیاریی دیموکراتیی جەماوەر رۆڵی مەزنیان لە سەرکەوتنیدا گێڕا. ئەوەی بەسەرکەوتنی بەرەی دیموکراتی لیبراڵ لەبەرامبەر سیستمە کۆمۆنیستە تۆتالیتارییەکان کۆتاییهات، و بیرمەندانێکی هێنایەسەر ئەو باوەڕەی کە "مێژوو کۆتاییهاتووە"و ئیدی سەردەمی شۆڕشەکان پێچرانەوە. لەڕاستییدا، گەشەکردنی هۆشیاریی دیموکراتیی و هێزە

**مەدەنییەکان وایکرد کە چیدی شۆڕشگێڕان لەپێناوی ئازادیی و دادپەروەرییدا وێڵی گەڕان بەدوای وەشاندنی گورزی گورجکبڕ وتوندوتیژیی نەبن و بەدوای میکانیزمی ناتوندوتیژدا بگەڕێن بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان. لەم نێوەشدا بیرمەندان کەوتنە پەی دۆزینەوەو داهێنانی تیۆرەکانی ناتوندوتیژیی لەپێناوی گۆڕانکاریی و گواستنەوە لە قۆناغی دیکتاتۆریی و ستەمکارییەوە بۆ دیموکراتیی و ئازادیی..**

**جێگای سەرنجە ساڵی پار رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش یەکێك لە گرنگترین و مەترسییدارترین قۆناغەکانی مێژوویی خۆی دەستپێکرد، قۆناغی رابوونی جەماوەریی و رامالینی سیستمە دیکتاتۆرییە بنەماڵەییەکان و هەوڵدان بۆ ئاواکردنی سیستمێك کە کار بۆ هێنانەکایەی ئازادیی و دادپەروەریی بکات، ئەوەی ناوی "بەهاری عەرەبیی" لێنرا. ئێمە لە وتارێکماندا بەناونیشانی "گەلان خوازیارن کە سیستمی خۆیان ئاوا بکەن" کە لە ٢٢ی فێبرایەری ٢٠١١دا لە یەکێك لە سایتە کوردییەکاندا بڵاومانکردۆتەوە نووسیومانە:"**

"ئاشکرایە ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو ئەو وڵاتانەی دەیان ساڵە سیستمی ستەمکارو گەندەڵکارو دژ بە مافی مرۆڤی تێدا سەپێنراوە، وەك حەتمییەتی مێژوویی دیموکراتیزەبوون کەوتوونەتە بەر باهۆزو شەپۆلێکی گۆڕانکاریی گەورە، گۆڕانکارییەك، داینەمۆکەی نەوەیەکی نوێیەو خولیای بنیاتنانی سیستمێکی هاوچەرخی هەیە کە پایەکانی ئازدایی، دادپەروەریی و مافی مرۆڤە، ئەو نەوەیەی کە لە ئاکامی جیهانگیریی و تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا چیدی وەك نەوەکانی پێشوو ئەسیری کەلتورێکی ملکەچیی و جەبرییەتی دەستبەرداربوونی مافە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی نییەو لەسۆنگەی بارگاویی



بوونی بە کەلتوریی جیهانی دیموکراسیی و ئازادەوە خرۆشاوەو کەوتۆتە خۆ لەپێناو وەرچەرخان و قەڵەمبازێکی مێژووییداو خوازیارە کۆتایی بە قۆناغێکی داڕزاو لە بوونی تەرزە سیستمێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ستۆك و ئێکسپایەر بهێنێت کە بناغەکەی لەسەر زۆرداریی، جەردەساڵاریی و چەواشەکاریی دامەزراوەو دەیەوێت سیتمێکی نوێ و ئاوا بکات و پەردە لەسەر قۆناغێکی مێژوویی نوێ هەڵبداتەوە.

ئەوەی لەگۆڕێدایە تەنیا راپەڕینێکی رەمەکیی و شۆڕشێکی خۆجێی سونەتیی داخراو نییە، بەڵکو وەرچەرخانێکی جیهانیی هاوچەرخەو فاکتەرەکانی قووڵاییەکی مێژووییان هەیە. ئەوەی دەستپێکردنی وەك هەر رووداوێکی تری مێژوویی لەئاکامی هۆکارێکی راستەوخۆ هاتەکایەوە کە خۆسووتاندنی (محەمەد بوعزیزی) تونسیی بوو وەك نارەزایەتییەك دژی ئەو زللەیەی لەلایەن (پۆلیس) ێکەوە لێیدرا، ئەو زللەیەی جیهانێکی گڕتێبەردا، نەك هەربووە هۆی راپەڕاندنی نەوەی نوێ و راونانی سەرۆکە دیکتاتۆرە پاوانخوازە ستەمکارەکەی تونس، بەڵکو بووە سەرەتای وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ناوچەکە بەتایبەت و لە جیهانیش بەگشتیی. ئەو شەپۆلی وەرچەرخانەی بەخێرایی پەڕییەوە بۆ میسرو سەرۆکە سکرابە ملهوڕەکەی ئەوێشی رامالیی و ئێستا رووی لە لیبیاو یەمەن و ئێران و بەحرەین و ئەرمینیاو چین کردووەو هاکە لەو وڵاتانەش سیستمە ستەمکارو جەردەسالارەکانی لە ریشەوە گۆڕیی و سیمبولەکانی خیستنە زبڵدانی مێژووەوە."

**سەبارەت بە رەوشی باشووری کوردستانیش کە لەدوای رووداوەکانی ١٧ی شوبات/فێبرایەری پارەوە رووبەڕووی دۆخێکی ناجێگیرتر بۆتەوەو دیالێکتێك خۆی سەپاندووە داخوا گەلی کوردیش لەم پارچەیەی کوردستاندا دەتوانێت پەی گەلانی عەرەب لەتونس و میسرو لیبیا و یەمەن و سوریا بکەوێت و "شۆڕش دژ بە ستەمکارانی بکات"، یان وەك هێندێك دەڵێن "کوردستان تونس و میسر نییەو کورد**

لەبەهاری ساڵی ١٩٩١دا بەراپەڕینەکەی قۆناغێك پێش بەهاری عەرەبیی کەوتووە"!! بێئەوەی درك بەوە بکەن کە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیی دژ بە ستەمکاریی خۆماڵییە نەك داگیرکاریی دەرەکیی، هەروەها وڵاتێکی وەك چین بە یەك گوڕمە شۆڕشی نەتەوایەتیی و کۆمەڵایەتیی خۆی تەیکرد. ئەمەش بۆخۆی مشتومڕێکە دەکرێت وردتر قسەی لەبارەوە بکرێت.

بە سەرنجێکی مێژوویی لە ڕەوتی سەدەو نیوێکی گەشەکردنی سیاسیی وکۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردیی، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە کۆمەڵگای کوردیی نەك هەر گەشەکردنێکی پێکەوەپەیوەستو پلەبەپلەی تەی نەکردووە (evolution)، بەڵکو لەئاکامی چەندین هۆکاری جیۆپۆلۆتیکیو سیاسییو کۆمەڵایەتیی بەدۆخێکی ئەوپەڕی ناسروشتییو ناجێگیرییدا تێپەڕیوەو فرە بە سستیی لەگەڵ چەرخی مێژوودا چۆتە پێش، ئەوەی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی بۆ کورد وەك تاكو وەك کۆمەڵ هێناوەتەئارا، کە زادەی ئەو پەرەسەندنە ناسروشتییەن. ئەوەش وایکردووە مێژووی گەلی کورد مێژوویەکی بەتاڵ بێت لەو تەرزە شۆڕشانەی (Revolution) کە گەلانێکی وەك فەرەنسیی، یان ئەمریکیی یاخود وەك روسیی لەمێژووی خۆیاندا ئەنجامیان داون. ئەوەش بە شۆڕشی کوردستان ناودەبرێت کە لەڕاستییدا جووڵانەوەی چەکدارانەی کوردە دژی ستەمی دەوڵەتانی داگیرکەر، هێندەی هەژانێکی کاتیی نابەرامبەرو کاردانەوەی خۆجێی ڕەمەکییو شەڕوشۆڕ بووە (Revolt) هێندە بزاڤێکی جەماوەریی یەکانگیریی خاوەن پرنسیپو بەرنامەی ڕاستیینەی شۆڕشگێڕانە نەبووە. ڕەنگە ئەوەی کە شۆڕشەکانی کورد لەماوەی سەدەی بیستەمدا نزیکەی



تەواویان خۆجێ بوون، بە نەمانی سەرکردەکانیان بەزیون، هەمیشە لە ناکۆکییو براکوژییدا چەقیون، بەڵگەیەك بێت بۆ ئەم بۆچوونەی ئێمە. هێشتا لەوەش روونتر، کە تەواوی تێکڕای ئەزموونە دەسەڵاتدارییە کوردییەکانی سەدەی بیستەم : حوکمڕانییەتی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٤،کۆماری کوردستان لە مەهاباد ١٩٤٦، حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستا ١٩٩٢-؟ ، لەئاکامی خەباتێکی قۆناغ بەقۆناغی سەرکەوتووەوە نەهاتۆتە ئاراو هەر هەموویان هەلومەرجێکی دەرەکیی زەمینەی هەڵتۆقینی بۆ رەخساندوون بێئەوەی بناغەیەکی پتەوو تۆکمەیان بۆ داڕێژرابێت. پایەی توێژی رووناکبیری کورد ئەوەندە لەرزۆك بووە ئەو توێژەی کزۆڵەی ناچارکردووە دەست بەداوێنی سەرەکخێڵو شێخەکانەوە بگرنو بەوەش مێنتەڵیتەی خێڵ بەهەموو نەرێنییەکانییەوە (ساکاریی، پەرتییو ناکۆکیی، توندوتیژیی، خۆبەکەمزانیی، شەڕەخۆریی، هەڵاواردنی ژنان، خەساویی زهنیی، خۆسەنتەریی..هتد) بۆتە بەشێك لە سەرخانی شۆڕشەکانو وایکردووە لەکاتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتیشدا نەتوانن وەرچەرخانی رادیکاڵ لەکۆمەڵگادا بێننەئارا. هەربۆیە کاتێك بەراوردکاریی لەنێوان بەهاو دەستکەوتە بنیاتنەرەکانی مێژووی ١٥٠ ساڵی شۆڕشی چەکداریی کوردستان لەگەڵ وێرانکارایی و عەقڵکوژییو خوێنی بەناهەقڕژاوی سەدەها هەزار ئینسان دەکەین، بەرداوردکارییەکی فرە ناهاوسەنگ دەبێت، ئەمەشە کە ئەنتۆنیۆ گرامشی ناوی لێناوە "سستە شۆڕش / passive revolution ".

هەربۆیە ئێمە، وێڕای ئەوەی کۆمەڵگای کوردیی بە کۆمەڵگایەکی ستەملێدراو دەزانینو بەردەوام ڕەخنەی ئەوەمان لە دەسەڵاتدارانی

سوننەتیی کورد گرتووە کە نەیانتوانیوە پاش راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ لەباشووری کوردستاندا سیستمێکی دامەزراوەیی نیشتمانیی هاوچەرخ دابمەزرێنن‌و کار بۆ بەرقەرارکردنی ئازادییەکان‌و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی بکەن‌و بەوەش ستەمکارییەکی خۆماڵییان هێناوەتەئارا. دیارە هیچ شتێکش لەوە باشتر نییە کە خانوویەکی وێران لەبناغەوە تێکدەیت‌و سەرلەنوێ بە نوێترین مۆدێل‌و جوانترین دیزاینی وەخت دروستیبکەیتەوە، بەڵام ئایا ئەم مەسەلەیە بۆ کوردو لەم قۆناغەی ئێستایداو بە تەرزی خۆماڵیی(شەڕۆشۆڕ) کردەنییە؟!!ئایا هەمان ئامرازی توندوتیژیی کە لەشۆڕشی نەتەوەییدا گۆرانی بەباڵادا دەچڕرێت، دەکرێت بۆ شۆڕشی دیموکراتیش پەنای بۆ ببرێت؟!! ئێمە بڕوامان وایە کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان لەم هەلومەرجەی ئێستایدا بە تەرزە کوردییەکەی شۆڕش (هەژان‌و شەڕۆشۆڕو سووتاندنی تەڕوشك پێکەوە) ناتوانێت بەئاکامێکی بنیاتنەرو ئایندەیەکی باشتر لەوەی کە هەیە بگات. شایەنی باسە، پێدەچێت هەستکردن بەمە وایکردبێت ئێستا زۆربەی هێزە بەرهەڵستکارەکان، بە بەشێك لە هێزەکانی نێو دەسەڵاتیشەوە، خوازیاری ئەوەبن لەڕێگەی گرتنەبەری ئاکاری مەدەنیی‌و گەشەکردنی هێمنی ئەزموونەکەوە، هەڵە بونیادییە مەزنەکانی پێشوو راستبکەنەوە، لەو بارەیەشەوە زیاتر چەمکەکانی "چاکسازیی"، گۆڕانی ریشەیی"، "چاکسازیی هەمەلایەنە"، "وەرچەرخانی گشتگیرو هێمنانە" هاتونەتەگۆڕێ. دیارە لەم رووەوە چەندە ئەرکێکی گەورەی خەڵکی ناڕازیی‌و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانە، پشت لە تەرزە سوننەتییە کوردییەکەی شۆڕش بکەن‌و رێدۆزی ناتوندوتیژیی‌و مەدەنیی



هاوچەرخ بۆ گۆڕانکاریی بێننەئارا، دە هێندەش زیاتر ئەرکی سەرشانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە بۆ رێگرتن لە بە بنبەستگەیشتن، هەنگاوی جیدیی بنێن‌و تەنیا گرەو لەسەر رێگرتن لە بڵاوبوونەوەو پەیدابوونی هێزێکی بەهێزو مەزنی سەرتاسەریی ئۆپۆزسیۆن‌و هەروەها پەرەپێدانی توانای سەرکوتکردن لەرێگەی هێزی چەکداری تۆکمەو "فیداییەکانەوە!" نەکەن، چونکە بێباکیی فاکتەرەکانی شۆڕش دەخولقێنێت‌و بەهێزتری دەکات‌و ئەو هەڕەشانەشی لە بەغداوە دەکرێن، بەتایبەت سەبارەت بە ئەگەری بڕینی ١٧٪ی بودجە، دەگونجێت داکشانی ئابووری لە کوردستاندا بێنێتەئارا، و ئەگەر ئەوە روویدات دەگونجێت شۆڕشێك بخاتە سەر راستەڕێ‌و گەر بە تەرزە کوردییەکەشی بقەومێت، گرێنتییەك بۆ نەسووتانی تەڕو وشك پێکەوە نامێنێت، بەتایبەت کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکیی‌و سنگدەرپەڕاندنی مالیکیی‌و ئاڵۆزبوونی هەلومەرجەکەی عێراقی(هیواو ئاشتیی!!)و گرژبوونی پەیوەندیی هەرێمیی‌و نێودەوڵەتیی، زۆر چاوەڕواندەکرێت گرژیی‌و ئاڵۆزیی بەهۆی گۆڕانکاریی هاوکێشە سیاسییەکانەوە بێتەئارا. ئەو راستییەش گرنگە لێرەدا بیخەینەبەرچاو کە چاکسازیی گشتگیرو هێمنانە لە باشووری کوردستان پێویستی بە رێبەرایەتییەکی سیاسیی مۆدێرن هەیەو بە دەسەڵاتداران‌و مێنتەڵیتەی سوننەتی بەڕێوەناچێت. بەهاری عەرەبیش دەشێت هاندەرێکی دەرەکیی بێت بۆ گوڕانکاریی، بەڵام کورد گەر بە باشیی لە نەورۆزی کوردیی خۆی تێبگات‌و بەدیدێکی نوێتر تێیبڕوانێت، ("چەکوشەکەی کاوە" کە چەکوشی ئاسنگەرە لە بنەڕەتدا بۆ تەعدیلۆ فشارە نەك رووخان. هەربۆیە پێویستە گەشەپێدانی فەرهەنگی دیموکراتیی‌و

ئاکاری مەدەنیی بکاتە ئامراز، هەروەها لەبری لەناوبردنی "زوحاك" کە من وە سیمبولێك بۆ هەر دەسەڵاتێکی رەهای نادادپەروەرو نادیموکراتی دادەنێم، دەبێت چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی و نەهێشتنی دوو ماری شانەکانی کە من وەك هێماگەلێك بۆ ستەمی سیاسیی و قۆرخکاریی ئابووریی و گەندەڵیی دەبینم، بکرێتە ئامانج)، دەتوانێت لەسایەیدا نوێببێتەوە.

خوێنەری ئازیز، ئەم کتێبەی بەردەستت، کۆڵینەوەیەکی رۆشنبیرو نووسەری بیرمەندی عەرەب "عەزمی بشارە"یە کە لەبنەڕەتدا بەزمانی عەرەبیی و بەناونیشانی "في الثورة و القابلية للثورة" نووسراوەو بەدواداچونێکی مێژوویی و هزریی چەمك و پراکتیکی شۆڕشە، هەربۆیە بە گرنگمان زانی لەگەڵ برای بەڕێز کاك بەرزانی مەلاتەها بیکەین بە کوردیی تاکو خوێنەرانی کوردزمان سوودی لێببینن و کەلێنێکی گەورەی بواری شۆڕشناسیی لە کتێبخانەی کوردییدا پێ پڕ بکەینەوە، شایەنی باسە، هەوڵماندداوە لەکاتی وەرگێڕانەکەدا لەهەر کوێ پێویست بە روونکردنەوە بکات لە پەراوێزداو بەجیا لە پەراوێزەکانی نووسەر کە بەژمارەن، روونکردنەوە بدەین . شایەنی باسە، چ خودی بابەتەکەو چ شێوازی نووسەری ئەم بابەتە بۆخۆی لەڕووی زمان و دەربڕینەوە هێندێك ئاڵۆزەو زۆر جار لەتەنیا دێڕێکدا چەند بیرۆکەیەکی پێکەوە گرێداوە، لەو بڕوایەشداین کە خودی نووسەر لە بنەڕەتدا بابەتەکەی بۆ بژاردە نووسیبێت. هەربۆیە وەك هەر تێکستێکی دیکەی هزریی، خوێنەری ئازیز پێویستە بەجۆرێك ئارامییەوە لەگەڵی بڕوا. دواجار هیواداریین ئەم بەرهەمە شوێنی خۆی بگرێت و سوود بەخوێنەرانی بگەیەنێت لەگەڵ رێزمدا.

د.یاسین سەردەشتیی

زانکۆی سلێمانی



## سەبارەت بە چەمکی شۆڕش

ئەرستۆ، لە کتێبی "سیاسەت"دا، دەڵێت کە تەواوی شێوازەکانی حوکمڕانێتیی، شایەنی ئەوەن شۆڕشیان لەدژ بکرێت، لەوانەش هەردوو جۆرە حوکمڕانێتییە سەرەکییەکە کە: ئۆلیگارکی و دیموکراتین، هەروەها ئەوەی ئەو بە سیستمی حوکمڕانێتیی هاوسەنگ یا دەستووریی یاخود ئەریستۆکراتی ناوی دەنێت، ئەو سێ زاراوەیەی کە نزیکەی لای ئەو، هاومانان. ئەرستۆ وایبینیوە کە لە ئۆلیگارکی و دیموکراتییدا رەگەزگەلێکی دادپەروەریی هەن، بەڵام هەریەك لەو دووانە مەترسیی شۆڕشیان لەسەرە، کاتێك بەشی هەریەك لە دەسەڵاتدارن یاخود گەل لە حوکمڕانێتیی، لەگەڵ بۆچوونی پێشوویان لەبارەیەوە ناگونجێت. پێویستە سەبارەت بەم چەمکەی " بۆچوونی پێشوو"ی ئەرستۆ ئەوە زێدە بکەین، کە هەروەها دەزانین کە ئەوە ئەو بۆچوونەیە کە خودی سیستمە هێناویەتییە بوون.

ئەرستۆ، شۆڕشەکان دەکات بە دوو جۆرەوە: یەکێکیان دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو دەستوورەی کە هەیەو لە سیستمێکیی حوکمڕانێتیەوە بۆ سیستمێکی دیکەی دەگوێزێتەوە، جۆرەکەی دیکەشیان، گۆڕینی فەرمانڕەواکانە لە چوارچێوەی بونیادی ئەو سیستمەی کە هەیە.[*1]

[1]Aristotle, Politics, Translated by Benjamin Jowett with introduction, Analysis, and Index by H.W.C. Davis, (Dover Publication Inc., Mineola, NY: 2000) P188.

ئەم سەرچاوەیە هەمان چاپی ئۆکسفۆردی پێشووە کە ساڵی ١٩٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

دەگونجێت ئەم دابەشکردنە ئەرستۆییە، بنەمای ئەو جیاوازییە هاوچەرخانە بێت، کە پاشتر لەنێوان **شۆڕش** لەلایەك‌و **چاکسازیی‌و کودەتا** لەلایەکی دیکەوە، ئاماژەیان بۆ دەکەین. هەر لێرەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە ئەرستۆ پێیوایە، گواستنەوە لە سیستمێکەوە بۆ ئەوی دی پرۆسەیەکی بازنەییە، یاخود چەندبارەبوونەوەیەکی نیمچە حەتمییە، ئەوەش بەو مانایە دێت، کە نابێتەهۆی شتێکی نوێ، واتە بەشێك نییە لە پرۆسەیەکی گەشەکردن‌و پێشکەوتن.

پێدەچێت، دیموکراتی لای ئەرستۆ، کەمتر لە ئۆلیگارکی، تووشی مەترسیی شۆڕش ببێتەوە، چونکە ململانێیەکان لە سیستمی ئۆلیگارکیدا، لەنێوان گەل‌و چینی فەرمانڕەوادا، یاخود لەنێو خودی چینی فەرماڕەوادا دەبێت، بەلام لە دیموکراتییدا، دەشێت ململانێ تەنیا لەگەڵ چینی فەرمانڕەوادا بێت،و لەنێو خودی گەلدا ململانێیەکی

[*] ئەرستۆ بەرژەوەندیی‌و خێری گشتیی بە بنەمای جیاکەرەوە دادەنێت لەنێوان فەرمانڕەوایەتیی باش‌و فەرمانڕەوایەتیی بەددا. ئەو پێی وایە خەڵکی لەبەر هۆکاری زۆر جیدیی شۆڕش بەرپا دەکەن، گرنگترین هۆکاریش لای ئەرستۆ بریتیە لەو نادادپەروەریی‌و نایەکسانییەی لە کاتی پراکتیزەکردنی سیستمە سیاسییەکاندا،بەتایبەت ئۆلیگارکی، لەنێوان کەمینەیەکی قۆرخکاری سیاسیی‌و ئابووریی دەسەلاتدارو زۆرینەی خەڵکی بێدەسەلات‌و هەژاردا، دێتەئارا. ئەوەی هەستێکی گشتیی لای چینە بێدەسەلاتە هەژارەکان دەورووژێنێت کە کەمینە قۆرخکارەکە بە سەرچاوەی تێکڕای نەهامەتییەکانی خۆی و بێحورمەتییپێکردن‌و بێبەشکردنی لە جیاوکەکان لەقەڵەم بدات‌و لەدەرفەتی گونجاودا لێی بێتەدەست‌و قڵپیکاتەوە.



ئەوتۆ نییە.[2] ئەوەش وێناکردنێکی نامۆی واقیعێکی جیاوازە. لەڕاستییدا، ئەرستۆ، سەبارەت بە ئاستی شوناسی گەل لە دیموکراتییدا، دان بە هەماهەنگییدا دەنێت، ئەوەش ئەوەمان وەبیردەخاتەوە، کە دیموکراتی "پۆلس/شار"ە یۆنانییەکان، تەنیا دیموکراتییەکی جەماوەریی بووە، بەلام پاشتر ئەو دێتەوەو ئەو جیاوازییانەی کە لەسەر ئاستی ئەوەی ناوی دەنێت " race / رەگەز "، دەکاتە یەکێك لە هۆکارەکانی ململانێ، ئەوەش کاتێك لە تەنیا دەوڵەتێکدا رەگەزەکان جۆراوجۆر دەبن. ئەو، لە مێژووی شارو نشینگە یۆنانییەکانی سەر کەنارەکانی رۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست، چەندین نموونە دێنێتەوە.[3]

جەماوەر، ئەوکاتە لەسایەی ئۆلیگارکیدا شۆڕش بەرپادەکات، کاتێك ئەوەی بە بیردادێت، کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت. ئەو لەبەرئەوە ئەوەی بەبیردادێت، چونکە هەستێکی پێشینەی سەبارەت بە یەکسانیی خۆی هەیە،و بەوەش گریمانەی ئەوە دەکات، دەبێت تاکەکانی بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت. بەلام لە دیموکراتیدا، ئەشراف‌و خانەدانەکان رادەپەڕن، چونکە هەستێکی ئەوتۆیان لاهەیە، کە ئەوان لەوانی دیکە جیاوازن، لەکاتێکدا ئەوان بەشێکی یەکسانیان هەیە لەگەڵ ئەوانەدا کە لە دانایی‌و لێهاتووییدا لەوان شیاوترن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا مەرجێك خۆی دەردەخات، ئەویش ئەوەیە وەکیەکیی لەنێوان مرۆڤدا لە چوارچێوەی

[2] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٠.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٤.

کۆمەڵێکی دیارییکراودا[4]، پاساو بۆ یەکسانیی دێنێتەوە، نەبوونی وەکیەکییش ڕەتیدەکاتەوەو هەڵیدەوەشێنێتەوە. گریمانەی وەکیەکیی، هەوڵی بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراتی دەبزوێنێ، یاخود وادەکات سیستمێکی دیموکراتی کە هەیە، پەسەند بکرێت. هەر ئەمەشە، پەیوەندیی لەنێوان دامەزراندنی کۆمەڵێك و پەیوەندییپێوەکردن و بوونە ئەندامی وەکیەك تێیدا، لەگەڵ بیرۆکەی دیموکراتیدا ڕووندەکاتەوە، هەروەها ئەوەی لەگەڵ بیرۆکەی نیشتیمانییدا، بۆ سەردەمە هاوچەرخەکان گواستراوەتەوە. ئەوەی لەگەڵ خۆیدا، ئەو بنەما مەعنەوییەشی گواستەوە، کە لەسەر وەکیەکیی لەڕێگەی ئەندامێتیی لە کۆمەڵێکدا، وەك شوناسێك[5] لە چوارچێوەی گروپێکی وێناکراودا بنیاتنرابوو، واتە شوناسی نیشتیمانیی یاخود نەتەوەیی.

شۆڕشی فەرەنسیی، هەر بەتەنیا شۆڕشێکی دیموکراتی نەبوو، بەڵکو نیشیمانییش بوو. ئەوەش بەڕێکەوت نییە، چونکە دیموکراتییە هاوچەرخەکان، لەڕێگەی هۆشیاریی نەتەوەیەك سەبارەت بە سەرەوەریی خۆی وەك نەتەوەو لەرێگەی مافەکانی هاوڵاتییانەوە دامەزراون، لەبەرامبەر نۆرمەکەی پێشوو، کە تێیدا جیاوکەکانی

---

[4] لێرەدا بنەمای سیاسەتەکانی شوناس دەبینینەوە.

[5] لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە شوناس لە بنەڕەتدا وەك چەمکێکی فەلسەفیی و تەنانەت لە لۆجیکی شەکڵییدا واتە وەکیەکیی بەپێچەوانەی جیاوازیی و ناکۆکیی. لە عەرەبییدا (هوية) بەواتای ئەوەی بۆخۆی خۆیەتی، واتە شتێك یەکسان بێت بە خۆی، بەڵام ماناکە لە نێو بیرۆکەی کۆمەڵ وەك شوناسێك ونبووە، لەگەڵ ئەوەی کە بیرۆکەی ئینتیما بۆ کۆمەڵێك، بیرۆکەی یەکسانیی ئەو کۆمەڵە تاکە پەیوەستە بەو کۆمەڵەوە هەڵدەگرن بەو سیفەتەی کە ئەمە کۆیاندەکاتەوە.



خانەدانە ئەریستۆکراتەکان/کەمینە لەلایەك و نەبوونی مافەکانی ڕەعییەت لەلایەکی ترەوە، نەتەوەی بەهیچ مانایەك پێکنەدەهێنا. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا چەسپاندنی هەستی نەتەوەیی، بڵاوبوونەوەی زمانی نەتەوەیی، پەراوێزخستنی زمان و زاراوە خۆجێیەکان، یەکخستنی سیستمی فێرکردن و کارگێڕیی، نەهێشتنی سەربەخۆیی هەرێمیی و خۆجێیی کڵێساکان، تێکوپێکدانی دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان کە سروشتی دەرەبەگایەتییان هەبوو، گشتگیرکردنی سەربازگیریی بەزۆرو سرودی نیشتیمانیی...چەندین شتی دیکە پەرەیانگرت، کە دواتر بوونە تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی جووڵانەوە نەتەوەییەکان. هەربۆیە شۆڕشەکانی سالانی ١٨٢٠-١٨٤٨، پەیوەستبوون بە پرۆسەی پەرەپێدانی هەستی نیشتیمانیی و خەملێنی خودی نەتەوایەتیی، وەك ئەوەی لە حاڵەتەکانی وەك: یۆنان، پۆڵەندا، ئێرلەندا، هەنگاریا، سربیا و پروسیا و ئەوانی دیکەدا روویاندا، واتە شوناسی شۆڕشە دیموکراتییەکان، بەشدارییکرد لە خەملێنی نەتەوایەتیی وەك کۆمەڵێك کە هەڵگری مافە سیاسییەکان بن، یان بەپێچەوانەوە، هەندێکجار وایدەکرد جووڵانەوە نیشتیمانییەکان ڕێگەی دیموکراتی بگرنەبەرو خاوەندارێی لێبکەن. بە بڕوای ئێمە، شۆڕشە دیموکراتییە عەرەبییەکان، ئەو دەمە لە بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراتییەکاندا سەرکەوتوودەبن، کە بەشداریی لە خەملێنی شوناسی نیشتیمانییدا بکەن، ئەوەی تاکو ئێستا لەو قەوارانەدا کەبە دەوڵەتی هەرێمیی دانرابوون، بایەخی ڕەوایەتیی تەواوی خۆی نەبووە. ئەگەر بەڕاستیی قەوارە دیموکراتییەکان بەرپابن، ئەوە لەسەر حسابی نەتەوایەتیی عەرەبیی نابێت، بەڵکو چەمکەکەی خۆی دەگۆڕێت و

دەبێتە شوناسێکی کەلتووریی و بەشدارییەکی ویژدانیی و بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووریی، کە شوناسی نیشتیمانیی کامڵ دەکات، ئەوەی بەبڕوای ئێمە گۆڕانێکی گرنگە. گرفتەکە لەوەدایە، کە لەو وڵاتانەی تێیدا شۆڕش ناتوانێت خولیای ئازادیی بگۆڕێت بۆ دیموکراتی، دەشێت قەوارە نیشتیمانییەکان هەرەسبێنن، بەتایبەت، ئەگەر ئەو دەوڵەتە چەند شوناسێکی تێدابێت، ئەوەی ناتوانێت نەتەوەیەکی نیشتیمانیی پێکبهێنێت. ئەمەش ئەوەیە کە پاش داگیرکاریی ئەمریکیی لەعێراق روویدا.* هەربۆیە پێویستە لەو جیاوازییەی نێوان خولیابوون بۆ ئازادیی و پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراتی پاش شۆڕش، لەگەڵ سەرکەوتن لە بنیاتنانی دامەزراوە نیشتیمانییە دیموکراتییەکان لەسایەی شوناسێکی عەرەبیی گشتگیری ئەم دەوڵەتانە تێبگەین، وەك

* لە وڵاتانی دواکەوتووی فرە ئیتنییدا، بەهۆی لاوازی ستراکچەری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و فەرهەنگییەوە،بنیاتنای شوناسێکی نیشتیمانیی گەر مەحاڵ نەبێت ئەوە یەکجار سەختە. ئەوەش مەترسیی سەر شۆڕشەکان و کەوتنەوەی جەنگی ناوخۆو دەستپێکردنەوەی خولێکی دیکەی ستەمکاریی دی دێنێتەئارا، پاش ئەوەی کە بەرهەمی شۆڕشەکە، لەلایەن پێکهاتەیەکی دیارییکراوە قۆرخدەکرێت و ناچاردەبێت لەرێگەی توندوتیژییەوە ئەوانی دیکەی لێ بێبەش بکات و خراپتر لە دەسەڵاتە ژێرەوژوورکراوەکەی پێشوو درێژە بە قۆرخکاریی خۆیی و بێدەنگی و سەرکوتکردنی ئەوانی دیکە بدات، هەرئەمەشە هۆکاری سەرەکیی شکستخواردنی شۆڕشەکان لەهێنانەکایەی سیستمێکی ئازادو دادپەروەردا. ئەوساکەش خەڵکی ئەو پەیندە دووبارە دەکەنەوە کە دەڵێت"هەزار رەحمەت لە کفن دژ".



مەرجێك بۆ بەردەوامبوونی ئەم دەوڵەتانە وەك قەوارەگەلێك، پاش هەرەسهێنانی ئەو سیستمەی کە هەیە.

بەگشتیی، ئەرستۆ وادەبینێت، کە تەنانەت ستەمکارەکانیش، لەئاکامی ئەو توانایەی کە هەیانە لە مۆبێلیزەکردن و کۆکردنەوەی هەژاران دژی دەوڵەمەندان یاخود خانەدانەکان، دەگەنە دەسەڵات، و ئۆلیگارکی دەگۆڕن بۆ ستەمکاریی. زۆربەی جار ستەمکاریی بانگەشەی هەستی خەڵکی بۆ یەکسانیی دەکات، بەڵام یەکسانیی وەك مەحکوم نەك حاکم. هەربۆیە، بەگوێرەی ئەرستۆ، حوکمی ستەمکاریی بریتیە لە پێکهاتەیەك لەنێوان دیموکراتی و ئۆلیگارکیدا بەشێوە پەڕگرەکەیان،[6] واتە خراپترینی هەردووکیان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. هەربۆیە، بەگشتیی، دیماگۆجی پێش ماوەکانی ملهوڕیی و ستەمکاریی دەکەوێت. بەگشتیی، دیماگۆجییەکان، بۆ خۆیان خەڵکی دژی دەوڵەمەندان و بژاردە هاندەدەن و بانگەشەی یەکسانیی بە گوێی هەستی گشتییدا دەدەن. دیماگۆجست ئەوەیە کە دەبێتە دەسەڵاتدارێکی ملهوڕو بەناوی هەژارانەوە حوکمڕانێتیی دەکات.* هانا

[6] Aristotle

* مەرج نییە ئەم "دیماگۆجیە/ گەوجاندن"ە تەنیا تایبەت بێت بە شۆڕشە چینایەتییەکان، بەڵکو شۆڕشە چەکدارییە نەتەوەییە رزگاریخوازەکانی مێژووش زۆرجار بەمە کۆتاییان هاتووە، چونکە پاش رزگارکردنی خاکی نەتەوەیی، دەستەیەکی قۆخکار بەناوی رەوایەتیی شۆڕشگێڕانەوە، لەسەر هەمان داروپەردوی دەسەڵاتەداگیرکارەکەی پێشوو زۆر جار بەهەمان ئاکاریش، درێژە بە قۆرخکاریی و ستەمکاریی دەدەن. لەم رووەشەوە جووڵانەوە نەتەوەییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم لەسەدەی بیستەم و دامەزراندنی

ئارێندت دەڵێت، کە ملهوڕەکانی چاخەکانی کۆن –بەهەمان شێوەی ئەوەکانی قۆناغی هاوچەرخ– گەیشتوونەتە دەسەڵات، ئەویش بە پاڵپشتیی ڕەشەخەڵك و هەژاران. گومانی تێدا نییە، کە هانا ئاردنێت، ئەمەی لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتگرتنەدەستی ڕێبەرایەتییە فاشییەکان و نازییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نووسیوە. ئەو وای دەبینێت، کە دەرفەتی مەزنی ئەم ڕێبەرایەتییانە بۆ پاراستنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییان، لە خواست و ویستی خەڵکەوە بۆ یەکسانیی لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا هەڵدەقوڵێت. هەرچەندە ئەم گشتگیرییەی ئەو، وەك گشتگیریی، دروست نییە، بەڵام تائێستا، سەبارەت بە زۆربەی ئەو حاڵەتانە ڕاستە، کە تێیاندا، ڕەوایەتیی ستەمکاریی، لە هێنانەئاراو دابینکردنی ڕەوشێکی کۆمەڵایەتیی یەکسان بۆ خەڵك سەرچاوەدەگرێت. ئەم یەکسانییەی، کە زۆربەی جار، لەسەر یەکسانیی لە هەژاریی یاخود پلەیەکی تۆزێك بەرزتر لە هەژاریی رادەوستێت. هەروەها، هێشتا زامنکردنی پێویستییە سەرەکییەکانیان، یەك لە هەرە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی ملهوڕیی و ستەمکارییە، جگەلەوەی، نەبوونی سەرچاوەی ئەم "ڕەوایەتیی"ە، لەڕێگەی

---

ئەو دیکاتۆرییانەی بەهاری عەرەبیی وا خەریکی درویێنەکردن و هاڕینانە باشترین نموونەیە. هەروەك شاعیر دەڵێت:

خوێنی هەزاران لاوانمان ڕژا      بۆ دادپەروەریی و ئازادیی ئینسان
کەچی ئاکامی خەبات و خوێنمان   بوو بە خۆراکی ماری شانەکان .



برسییکردنەوە،* بەهۆی لیبراڵەکردنی ئابوورییەوە، یەك لەو هۆکارانەیە کە زەمینە بۆ شۆڕش دژی ستەمکاریی خۆشدەکات.[7]

لەوانەیە بەسوودبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە دیموکراتی، وادەکات یەکسانیی لەنێوان خەڵکدا، لە تەنیا کارو ڕوویەکەوە، بگۆڕێت بۆ یەکسانیی لەسەرجەم کارو ڕووەکاندا، لەکاتێکدا ئۆلیگارکی وادەکات، نایەکسانیی نێوان خەڵکی، لە کاروبارێکدا، بۆ نایەکسانیی لە تێکڕای کاروبارەکاندا، بگۆڕێت. هەربۆیە زۆربەی جار یەکێکیان دەبێتەهۆی هێنانەکەی ئەوی دیکە. بەڵام ئەریستۆکراتی، کە ئەرستۆ بەلایەوە باشە، بە هەندێك نایەکسانییەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکات، لەبەرئەوەی لە چەند کاروروویەکەوە نایەکسانن، هەروەها بەجۆرێك لە یەکسانییشەوە مامەڵەیان دەکات، چونکە لەهەندێك کاروو ڕووی دیکەوە یەکسانن، تێکڕای ئەوەش بەگوێرەی پێویستیی و شیاوییەوە بەڕێوەدەچێت. لێرەشەوەیە کە ئەهلی "فەزیلەت• virtue / " و " شایستەیی/ merit " فەرمانڕەوایەتیی دەکەن، بەڵام ئەوان دەزانن کە بە شتێك لە دەسەڵاتدران جیاوازن، و لە زۆر شتی دیکەدا لەگەڵیاندا

---

* فەتح عەلی شای قاجار لەسەرەمەرگیدا ئامۆژگاری ناسرەدینی کوڕی دەکردو پێی وت:" ئەگەر دەتەوێت زۆرترین ماوە حوکم بکەیت هەوڵبدە ڕەعیەتەکەت نەفام و برسیی بن"! ڕاستە ئەو ئامۆژگارییەی وایکرد ناسرەدین نزیك بەنیو سەدە حوکم بکات، بەڵام دواتر بە دەستی لاوێکی شۆڕشگێڕ کوژرا.

[7] حنة ارندت، في الثورة، ترجمة: عطا عبدالوهاب، ط١، (بيروت: المنظمة العربية للترجمة، ٢٠٠٨)، ص ٨٥-٨٦ .

• فەزیلەت بەواتای ئاستێکی بەرزی چاکەکاریی دێت، کە لەکۆندا لە دانایی، دادپەروەریی، پاکیی، ئازایی و میانەڕەوییدا کۆکراوەتەوە.

یەکسانن، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، ئەم بڕە دادپەروەرییەش لەدیدی بیرمەندێکی یۆنانیی پێش هەزاران ساڵ، بنەمای دەستووره باشەکانە.

## ئایا دیارییکردنێکی زانستیی بۆ چەمکی (الثورة/شۆڕش) هەیە؟

ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە، کە چەندین هەوڵ هەن ئەستەمە بگەنە ئاستی پێناسەیەکی زانستیی، وشەکە بۆخۆی، لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی زماندا هاتووە. تەنانەت لە نووسینە مێژووییەکانیشدا، وەك ناوێك لە ژمارەیەك دیاردەی جیاواز لەڕووی توندییەوە نراوە، کە سەبارەت بە هەر جووڵانەوەیەکی چەکداریی– یان تەنانەت ناچەکدارییش– کە دژی ڕژێمێکە لە ڕژێمەکان، تادەگاتە ڕووخاندنی ڕژێمێك و گۆڕینی بە یەکێکی دی، ئەوەی وادەکات بە زەحمەت وردکاریی لە زاراوەکەدا بکرێت. لە زمانی عەرەبیی خۆیدا، زاراوەکە بۆ وەسفی چەندین جووڵانەوەی جەماوەریی جۆراوجۆری وەك "شۆڕشی زنجەکان"* و "شۆڕشی قەرامیتەکان"* بەکارهاتووە. ئەوەی ئەو

* شۆڕشی زنجەکان، ئەو شۆڕشەیە کە لەلایەن عەلی کوڕی محەمەدەوە ( ٨٨٣ زاینی مردووە) ڕێبەرایەتیی کراوە، ناوبراو کە بەچەند پشتێك دەگەڕێتەوە سەر ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب، دوای بەربوونی لە زیندانی بەغدا،چووە بەحرەین و لەوێ جووڵانەوەی خۆی دژی دەوڵەتی عەباسیی دەستپێکرد، پاشتر ڕووی لە بەسرە کردو سوودی لە بوونی قولەڕەشە کۆیلەکانی ئەوێ کردو شۆرشێکی مەزنی بەرپاکرد کە گرنگرتین بنەماکانی ئازادکردنی کۆیلەکان و مافی موڵکداریی و چەسپاندنی یەکسانیی و دادپەروەریی بوو، ئەمانە دەوڵەتێکیان



عەرەبانەی سەدەی بیستەمیش بەکاریانهێناوە، کە شۆڕشەکانی قۆناغە هاوچەرخەکەیان کاریلێکردوون بۆ تێگەیشتنی رابردوو بە چەمکەکانی هەنوکە، لە هەوڵێکدا بۆ پەیوەستبوون بە میرات وکەلەپورێکی شۆڕشگێڕانەی گریمانەکراو کە وەك بزاڤی بەردەوامی چینە چەوساوەکان دەنووسرێتەوە. هەروەك چۆن شۆڕشەکانی زنج و قەرامیتەکان هەن، ئاوهاش شۆڕشەکانی عومەر موختار ( ١٨٦٢–١٩٣١ )و شۆڕشی ئەلڕیف، بە ڕێبەرایەتیی موحەمەدی کوڕی عەبدولکەریم خەتابی ( ١٨٨٢–١٩٦٣ )، هەروەها شۆڕشی جەزائیرو شۆڕشی فەلەستینیی و شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆی ١٩٥٢ بەرێبەرایەتیی جەمال عبەدولناسڕ ( ١٩١٩–١٩٧٠ )، هەروەها شۆڕشی ١٤ی یۆلیۆی

دامەزراند ناوچەیەکی بەرفراوانی لە باشووری عێراق و کەنداو گرتەوەو بیست ساڵ شەڕی دەوڵەتی خەلافەتیانکرد کە دواتر لەهەزار دەردەسەری و دواتی کوشتنی زیاتر لە نیوملیۆن مرۆڤ، خەلیفە مەعتەمیدی عەباسیی بەسەیاندا زاڵبوو.

* قرمتییەکان یەکێکن لە مەترسییدارترین و ناودارترین و گرنگترین گروپەکانی ئیسماعیلییە باتینییە شیعەکان لەمێژووی ئیسلامییدا کە لەلایەن حەمدان قرمتی خەڵکی ئەنباتی عێراقەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا، زۆربەی ئەوانەی سەر بەم گروپە بوون بریتیبوون لە کرێکارو پیشەگەرەکان، وەك دەوترێت گروپەکە وەك ڕەوتێکی شۆڕشگێڕی ئیشتیراکی داوای هاوبەشییکردنی لە ماڵ و ساماندا کردووە، جگەلەوەی دوورکەوتنەوە لە سێرمۆنیای ئاینی و هزری خودانەناسی و مادیگەرایانە، هەروەها چێژگەرایی خراونەتە پاڵ ئەم ڕەوتە. ئەمانە سەرەتا لە کوفە دەرکەوتن، دواتر لە یەمەن و بەحرەین و یەمامە بڵاوبوونەتەوەو دەوڵەتەکانیان لەچەندین بۆنەدا پەلاماری دەوڵەتی عەباسیی و فاتمیان داوەو چەندین کاری وەك کوشتنی حاجییەکان و گواستنەوەی بەردە ڕەشەکەی کەعبەو چەندین کاری دیکەیان ئەنجامداوە.

١٩٥٨به ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم ( ١٩١٤-١٩٦٣ ) هەن. ئەوەش هەمان ڕێبازی شۆڕشگێڕیی سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپییەکانە کە وشەی "شۆڕش" یان لە یاخییبوونەکەی سپارتاکۆس "شۆڕشی کۆیلەکان" لە ڕۆمای کۆن، ناوە. هەروەها ڕێبازی چەپی ئەڵمانیی، هەر لە کارل مارکسەوە، جووڵانەوە ئاینییەکەی بەڕێبەرایەتیی تۆماس مۆنتسەر تەقییەوە بەناوی "شۆڕشی جووتیاران" ناوبردووە. لەکاتێکدا مێژوونووسە ئەوروپییەکان، ئەم جووڵانەوەیان لە چوارچێوەی چەمکی "چاکسازیی"، یاخود ئەو جووڵانەوە ئاینییە ڕزگارییخوازانە دادەنا کە دەرئەنجامی ئەم جووڵانەوەیە بوو، بەو چەشنەی کە پرۆسەیەکی خاوەن ڕەهەندو دیاردەگەلێکی جۆراوجۆر لە جووڵانەوە ئاینییو کۆمەڵایەتییو ناڕەزایەتییخوازو شۆڕشگێڕەکان دەگرێتەخۆ. ئەوەی کە دەشێت ئاماژە بۆ جیاوازیی لەنێوان ڕێبازی بیرمەندو ڕێبازی مێژوونووسدا بکات.

بەڵام بەکارهێنانی ئەم چەمکە(واتە شۆڕش) لە وەسفی یاخییبوونە جەماوەرییەکاندا، لە قۆناغێکی درەنگوەختدا هات، کە بەهۆی کاریگەریی ئایدیۆلۆجییە شۆڕشگێڕییەکانی سەدەی بیستەمەوە بوو. دەتوانین بایەخی شۆڕشی فەرنسیی، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هەروەها شۆڕشی چینو کوبا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بێنینە بەرچاو، پاشتر وەرچەرخانی چەمکی شۆڕش دژی دیکتاتۆرییەکانو نفوزی ئەمریکیی، کە لە ئەمریکای لاتینییەوە هاتبوو، بۆ چەمکێکی سەرەکیی لە لاهوتی سیاسییدا، کە بەگشتیی تایبەت بوو بە ڕۆشنبیرە چەپەکان لە جیهانی سێیەمدا.



بەڵام کۆنە مێژوونووسەکانی عەرەب، ئەوانە وشەی "شۆڕش"یان بەکارنەهێناوە، بەڵکو وشەگەلێکی وەك "**خروج**/ دەرچوون•" و "**فتنة**/ئاژاوە"* یان بەکارهێناوە، ئەوان وتوویانە " **ثورة الزنج**/ئاژاوەی زنج"و "**خروج القرامطة**/ یاخییبوونی قەرامیتەکان". لەڕاستییدا، ئاژاوە، ئەو ململانێ ئەهلییەیە کە لەڕێگەی توندوتیژییەوە هاوسەنگی سیاسیی کۆمەڵایەتیی لەنێو کۆمەڵە ئەهلییەکاندا دەستکاریی دەکات. دەگونجێت ئەوەش پەیوەستبێت بە چەمکە ئیسلامییەکەوە بۆ یەکێتیی کۆمەڵو جێگیرییەکەی، کە ئەویش بۆخۆی، بە بڕۆزی "تەمصیر/شارسازیی"یەوە پەیوەستە، کە بەمانای بنیاتنانی شارە جێگیرەکانو پلانەکانی لەبەرامبەر شێوازی کۆمەڵایەتیی سەحرانشینی

• وشەی "دەرچوون یان چوونەدەر" لە زمانی کوردییدا زۆر بەکەمیی بۆ شۆڕشو وەستان بەدژی دەسەڵات دێت، بەڵام لەهێندێك چەمکی وەك "لەدین دەرچوون"، "لە یاسادەرچوون"، "لەخەت دەرچوون" وەك پاشگرێك بۆ یاخییبوونو دژوەستانەوە و پێشێلکردن دێت. پێشتر لای خۆشمان کاتێك کەسێك دژی دەسەڵات دەوەستاو ڕووی لەشۆڕش دەکردو دەچووە چیا، پێیان دەوت "چۆتە دەرەوە". ئەوەشی لەو تێکستانەی سەرەوەدا هاتووە پەیوەندیی بە زمانی عەرەبییەوەیە نەك کوردیی.

* یەکەمین فیتنە لەمێژووی ئیسلامییدا ٢٥ ساڵ دوای مردنی پێغەمبەر هەڵگیرسا، واتە ساڵی ٦٥٦ی زاینی کە کوشتنی عوسمانی خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدی لێکەوتەوە. دووەمین فیتنە ساڵی ٦٨٠ هەڵگیرساو چەندین ساڵی خایاند تا دەوڵەتی ئەمەویی تێدا جێگیربوو، سێیەمیش بریتیبوو لە شۆڕشی عەباسییەکان (٧٤٧-٧٥٠ز) کە دەوڵەتی ئەمەویی ڕووخاند، چوارەمینیان لەساڵی ٨١٠ی زاینی لەنێوان هەردوو کوڕەکەی هارون ئەلرەشیدی عەباسیی، واتە ئەمینو مەئمون، هەڵگیرساو تاکو سەرکەوتنی تەواوی مەئمون لە ٨١٤ بەردەوام بوو.

کۆچەریی ئەعرابیی دابەش و پشێوئاسا. هەربۆیە چەمکی مێژوونووسە عەرەبەکان، بۆ ئەوەی مێژوونووسە هاوچەرخەکان بە "شۆڕش" وەسفی دەکەن، سەر بۆ ئەو چوارچێوەیە دادەنەوێنێت، کە حوکمی ئاکامەکەی دەکات، ئەوەش بریتییە لە دانانی (**الخروج على الجماعة**/ لەکۆمەڵدەرچوون ) وەك کەمکردنەوەی بنیاتنان. لەکۆمەڵدەرچوون یان دەرچوون لە ئوممەت، بنەمای لۆمەکردنی خەواریجەکانە، سەبارەت بە یاخیبوون لە سوڵتانێکی ستەمکار، جیاوازیی لەبارەوە هەیە، هەندێك وەك دەرچوون لە ئوممەتیان داناوە، هەندێکیش بە کارێکی رەوایان لەقەڵەمداوە، بگرە لە هەندێك حاڵەتدا وەك ئەرکێك دانراوە.

نزیکترین وشە لە چەمکی شۆڕشی هاوچەرخەوە بریتییە لە "الخروج/ دەرچوون" بەواتەی لەماڵدەرچوون و چوونەدەرەوە لەپێناوی داواکردنی مافدا. لێرەدا سەرەتا دەرچوون بریتی نییە لە دەرچوون لە بازنەی ئوممەت، تەنانەت یاخیبوون لە سوڵتانیش نییە، بەڵکو "دەرچوونە بۆ"، دەرچوونە بۆ لای خەڵك لەپێناو داواکردنی مافدا. ئەوەی دەرچوونە بۆ نێو فەزای گشتیی، لەم حاڵەتەدا لەپێناو داواکردنی هێنانەدی ماف یان رەتکردنەوەی ستەم.[8] ئەوەش **یەکەم** دەرچوونە لە ماڵەوە بۆ سەرشەقام یاخود بۆ مەیدان و ناوەندی شار، ئەوەش واتای تێپەڕین و جێهێشتنی سەبرو ئارامیی و ناڕەزایەتیی و بێزاریی لە فەزای تایبەتدا، و گواستنەوە بۆ فەزای گشتیی. جیاوازیی

[8] هەروەك ئەوەی کە چوونەدەر لەلای کۆمەڵی (تەبلیغ و دەعوە) ئەم سەردەمەماندا هەیە، ئەوان زاراوەی چوونەدەریان بۆ شەڕو جیهاد بەکارهێناوە، بەمانایەکی نوێ کە چوونەدەرە بۆ بانگەشەو گەیاندنی پەیام.



لەنێوان رەخنەو بێزارییدەربڕین، یان لەنێوان گلەیی و شکایەت، لەگەڵ کاری سیاسییدا، هەروەك جیاوازییە لەنێوان دانیشتن و چوونەدەرەوەدا. هەروەها **دووەم** ئەوە بۆخۆی دەرچوونە لە بنەماکانی گەمەکەو هەروەها ئەو یاسایانەشی کە بەڕێوەدەچن، بگرە دژی ئەو رەوایەتییەشی کە هەیە. دەرچوون، مانای هێزو توندیی هەڵدەگرێت، چونکە ژمارەیەك لەو یاساو رێسایانە پێشێلدەکات کە هەن، هەروەها ئەو بنیات و ئامرازانەش پێشێلدەکات، کە ئەو یاساو رێسایانە دەپارێزن. لەبەرئەوەی دەرچوون لەو رەوایەتییەی کە هەیە، لەپێناو داواکردنی بەدیهاتنی مافێکە، کە چیدی بەدیهاتنی لەنێو ئەو سیستمەی کە هەیە، مومکین نییە، یاخود بۆ لابردنی ستەمێکە، کە لابردنی لەنێو ئەو سیستمەی کە هەیە، و بەو ئامرازانەی کە دابینکراوە، چیدی مومکین نییە. ئەوەش ئەو لێکچوون و هاوشێوەییەیە، کە لەنێوان دەرچوون بەمانا بەکارهێنراوەکەی لە مێژووی ئیسلامیی، و هەروەها شۆڕش بەمانا هاوچەرخەکەیدا هەیە.

## "دەرچوون"و "زاڵبوون" تیۆرێك نییە لە شۆڕش

سەبارەت بە "دەرچوون"، سەرسوڕمانێك هەیە کە خراوەتە پاڵ ئەبی زەڕڕی غەففاری ( ساڵی ٣٢ی کۆچیی مردووە ) کە دەڵێت :" سەرمسوڕماوە لەوەی کە لەماڵەکەیدا ژەمەنانێك نابینێتەوە، ئەوە چۆنە ناچێتەدەرەوە بۆسەر خەڵك و شمشێرەکەی لەکالان دەرکێشێت!!"بەڵام چەمکی "دەرچوون" لەو دەمەوە مانایەکی هێمایی جیاوازی

**گرتۆتەخۆ، کە هێندێك لە چوونەدەرەوەکەی ئەبی زەڕڕی تێدایە. کە تێیدا چوونەدەرەوە، بریتیە لە یاخییبوونی چەکداریی دژی دەسەڵاتی وەخت، وەك دەرچوونێك لە رەوایەتیی و چوونەدەرەوە بۆ فەزای گشتیی، بەتایبەت کاتێك چوونەدەرەوە دەبێتە بزاوتێکی گۆڕان لە کۆمەڵگایەکی دابەشبوو لەنێوان رەعییەت و دەوڵەتێکی سوڵتانییدا.**

**دەگونجێت "التغلب/زاڵبوون"، ئەو چەمکەی کە زانایانی ئاینیی وەك دەروازەیەك بەکاریانهێناوە بۆ بەخشینی رەوایەتیی واقیعیی بە دەسەڵات، لە چوارچێوەی خەلافەتی ئیسلامییدا، و ئەوەی زانایان و مێژوونووسانی وەك ئەلماوەردی* ( ٣٦٤-٤٥٠ ك) و تەنانەت ئیبن خەلدونیش* ( ٧٣٢-٨٠٨ك) هەوڵی تیۆریزەکردنیان داوە، ئەو چەمکە**

* **ناوی عەلی کوڕی محەمەد کوڕی حەبیبە، نازناوی ئەبولحەسەنە، خەڵکی بەسرەیە و لە بنەماڵەیەك بووە کە بازرگانیان بە گوڵاوەوە کردووە، لەسەر دەستی ئەبی قاسمی سەیمەری زانستە ئاینییەکانی خوێندووە و پۆستی قەزای لە سەردەمی هەردوو خەلیفە ئەلقادر و ئەلقائیم بیئەمریلادا وەرگرتووە،گرنگترین کتێبەکانی" نصیحة الملوك"و"الاحكام السلطانية و الولايات الدينية"یە، لای ئەلماوەردی، دەسەڵات بەخششێکی یەزدانیە و سوڵتان تەنیا لەبەردەم خودادا بەرپرسیارە و دەسەڵاتدار شوانە و خەڵکیش مێگەل، لای ئەو باشترین دەسەڵات پاشایەتی رەهایە لەسەر بنەمای ئاینیی و دادپەروەریی کە لەرووی سەربازییەوە بەهێز و لەرووی سامانیشەوە دەوڵەمەند بێت. قۆناغەکانی دەوڵەتیشی کردووە بە سێ بەشەوە: دامەزراندن بە توندوتیژیی، قۆناغی هێمنی و نەرمیی، قۆناغی ملهوڕیی و گەندەڵکاریی.**

* **ناوی عەبدولڕەحمان کوڕی محەمەدە، لەتونس لەدایکبووە و لەبنەماڵەیەکی حەزرەمەوتییە، جگە خوێندنی زانستی ئاینی، چەندین ئەرك و پۆستی راوێژکاریی و قەزایی و دپلۆماسیی بینیوە، بەشدارییەکی مەزنی لە گەشەکردنی**



**بێت کە لەبەرامبەر چوونەدەرەوەدایە. ئەوەی لەرێگای رەوایەتییپێدانییەوە، بەشێوەیەکی سوڵتانیی ئەنجامدراوە، بە بەخشینی رەوایەتیی بە پرۆسەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەبەرامبەر پێشاندانی تەرەفداریی و ملکەچیی بۆ خەلیفە. زاڵبوون ئەو کارە پێشینەیە کە لەچوونەدەرەوەی سەرچاوەدەگرێت، ئەوەی هەروەها ئاکامێکی چاوەڕوانکراویشێتی، بەشێوەیەك کە دووانەیەکی هەمیشەیی لێپێکهاتووە (چوونەدەرەوە/زاڵبوون)، لە دیالێکت و ململانێی تایبەت بەو رژێمەی لەگۆڕێدایە چ بەرهەڵستکاریی و وەلائو ملکەچییەکی تێدا نییە. هەربۆیە ئیبن خەلدون، بەو رێچکەیەدا رۆیشتووە، کە ئەودەوڵەتە نوێیەی(رووداوەکە)، کە زادەی چوونەدەرەوەیە، بە "دولة الخروج/دەوڵەتی دەرچوون" یان "دولة الخوارج/دەوڵەتی دەرچووان" وەسفکردووە، ئەوەی کە ئەو مەبەستی**

**هزری سیاسییدا کردووە، نەك تەنیا سەبارەت بە لێکدانەوەی عەقلانیی بۆ پەرەسەندنی خیلافەت و سیستمی دەسەڵاتدارێتیی لەمێژووی ئیسلامییدا، بەڵکو لە رەتکردنەوەی زۆر لە وشکەڕاو بۆچوونە چەقبەستووەکانی پێش خۆی. ئەو سیستمە رەهاکان بەلادەرو ستەمکار دەزانێت بەجۆرێك دەسەڵاتدارەکانیان بەهۆی چاوبرسێتیی و چێژگەرایی بێسنووریانەوە تووشی داڕزان دەبنەوە، ئەو رەزامەندیی خەڵك لە دەسەڵات بە بنەمای جێگیریی سیاسیی دادەنێت و واقیعبینانە لە گەشەکردنی دەوڵەت و گواستنەوەی لە دۆخی کۆچەرییەوە بۆ شارستانیی کۆڵیوەتەوە، بەناوبانگترین کتێبی ئیبن خەلدون ئەوەیە کە بە "المقدمة" ناودەبرێت.**

لێی تاقمی خەوارجەکان نەبووە،[9] ئەوانەی کە لە ڕووداوی "تحكيم/داوەری" یە بەناوبانگەکەی مێژووی ئیسلامیی نێوان عەمری کوڕی عاصو ئەبی موسای ئەشعەریدا ناسراون. دەگونجێت ئیبن خەلدون، بۆچوونەکەی خۆی لەسەر بۆچوونی بەدرەددین کوڕی جەماعە ( ٦٣٩-٧٣٣ ك ) بنیاتنانبێت، ئەوەی کە لە قاهیرەی مەملوکیی ژیاوەو هەر لەوێش بەر لە لەدایکبوونی ئیبن خەلدون بە سالێك، کۆچی دوایی کردووە. ئەو لەکتێبەکەی خۆیدا " تحرير الاحكام في تدبير اهل الاسلام/ دەرکردنی بڕیارگەلێك بۆ بەڕێوەچوونی خەڵکی ولاتی ئیسلام" دەڵێت :" ئەگەر کات بەسەر ئیمامێکدا تێپەڕیو یەکێك ڕووبەڕووی بووەوە کە ئەهلی ئیمامەت نییەو ئەو کەسە توانی بە هێزو سەربازەکانیو بێ هیچ بەیعەتو بەدواداهاتنێك، خەڵك ملکەچ بکات، بەیعەتەکەی دەبەسترێتو ملکەچبوون بۆی پێویستە بۆئەوەی موسوڵمانان ڕێکبخاتو قسەیان بکاتە یەك، لەراستییدا، ئەوەشی لێ ناکرێت بە عەیبە، کە نەزان بێت یان فاسق.

[9] نەیارەکانی خەواریج باس لەوە دەکەن کە ئەم ناوەیان لەبەر ئەوە پێوە لکاوە لەبەرئەوەی بانگەشە بۆ چوونەدەر دژبە ئیمامە دادپەروەرەکان دەکەن، نەك لەبەر ئەوەی دژی پاڵپشتییکەرانی عەلی چوونەتەدەر، ئەوانەی بە ئاکامی داوەرییەکەی نێوان عەمری کوڕی عاسو ئەبی موسای ئەشعەری رازیی نەبوون. بەلام ئەو خەواریجانەی کە خۆیان بە کۆمەڵی بڕوادار ناولێناوە بە شۆڕشەکانیانو پەسەندنەکردنی دەسەلاتی دەوڵەت لە هەرێمەکان ناسراون، بەوەی رەوایەتییان بە چوونەدەر دژبە حاکمی ستەمکار داوە، سنووری چوونەدەریشیان دژی فەرمانڕەوای ستەمکار بە ٤٠ پیاو داناوەو ئەوەیان پێ بەس بووە بۆ شۆڕش دژی ئەو فەرمانڕەوایانە.



ئەگەر کەسێك بەهێزو زاڵبوون خۆی بەسەر ئیمامەتدا سەپاندو دواتر کەسێکی دیکە هاتو بەهێزو لەرێگەی سەربازەکانییەوە ئەوەی یەکەمی لادا، ئەوەکەی دووەمیان بۆتە ئیمام، بەهۆی ئەوەی کە لە بەرژەوەندیی موسوڵمانانو یەکخستنی قسەیاندا پێشکەشی کردووە."[10]

هەروەها ئیبن تەیمیەش* ( ٦٦١-٧٤٤ ك ) لەم لێکدانەوە واقیعییەی ئەو نزیکدەبێتەوە، ئەو پێیوابوو، کە قۆناغی خیلافەتی راشیدی، لەڕاستییدا، درێژەوەبووی قۆناغی پێغەمبەرایەتییە، ئەوەشی لەو قۆناغەوە بەشێوەیەکی کرداریی هەیە، موڵكو خاوەنێتییە نەك خیلافەت، ئەو موڵکەی کە بە "الملك العضوض/ خاوەنێتییەك کە

[10] وەرگیراوە لە: محمد فتحي عثمان، من اصول الفكر الاسلامي، دراسة لحقوق الانسان و لوضع نهاية الدولة و الامامة في ضوء شريعة الاسلام و تراثه الناريخي والفقهي، ( بيروت: موسسة الرسالة، ١٩٨٤)، ص ٤٣٨.

* ناوی ئەحمەد کوڕی عەبدولحەلیم کوڕی عەبدولسەلامە، نازناوی ئەبولعەباس تەقییەدینە، خەڵکی حەڕانەو دوای ٥ ساڵ لە داگیرکردنی بەغداد لەسەدەستی تەتار لەدایکبووە.لەسەردەستی باوکی خوێندوویەتی. لەسەردەمێکی ئاڵۆزو پڕ ئاشووبی پەلاماری مەغۆلو خاچپەڵگرەکاندا بۆ ناوچەکە ژیاوە هەربۆیە لەترسی ئاژاوەو ئاشوبی زیاتر دژی ئەوە بووە شۆڕش دژ بە دەسەلاتداران بکرێت. ئەرکەکانی دەوڵەت لای ئەو : دارایی، بەدیهێنانی دادپەروەریی، جیهادکردن، پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ هونەی پیشەو کارکردن، ئابووریی، پەروەردەی ئاینییو رەوشتیی(بلاوکردنەوەی چاکەکارییو ریچگرتن لە خراپەکاریی). لە بۆچوونە سیاسییەکانی : هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایان نەك دامەزراندنیان، دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، پێداگرتن لەسەر دادپەروەرییو ئەرکی ئەخلاقیی دەوڵەت.

ستەمی تێدا بێت " دەناسرێت. فوقەهاو زانایانی ئاینیی ئەو قۆناغە، ئەوەندە دەربەستی یەکێتیی ئومەتو پەرۆشی ئێمامەت بوون، دژ بە بەردەوامیی دابەشبوونەکان بوون، تەنانەت گەر باجەکەشی پاساوهێنانەوە بێت بۆ سوڵتانێکی ستەمکار.

فەقیهە موسوڵمانەکان، لەو رووەوە فیقهێکیان پێشکەشدەکرد، کە پەیوەندیی بە واقیعەکەوە نەبوو، ئەوان دەیانوت کە خیلافەت بەشورا لەنێوان ئەهلی حەلو عەقدا دەچەسپێت، ئەوەی لەهەندێك حاڵەتدا ببووە وتەگەلێکی رەخنەیی دژی واقیعی خیلافەت کە ببووە موڵكو خاوەنایەتیی. تاکو ئەو کاتەی ئیمامی ئینو حەنبەل ( ١٦٤-٢٤١ ك ) لە سەدەی سێیەمی کۆچیی هاتو پاساوی بۆ خیلافەت بە زاڵبوون هێنایەوە( کاتی خۆی مەبەست لەوە نەبوو پاساو بۆ میرایەتی لەچوارچێوەی خیلافەتدا بێنێتەوە، ئەوەی لەسەردەمی ئەودا نەبوو)و وتی:" ئەوی زاڵبوو بووە خەلیفەو ناوی ئەمیری موسوڵمانانی لێنرا، بۆ هیچ کەس حەڵاڵ نییە کە بڕوای بە خوداو رۆژی دوایی هەبێت رەتیکاتەوەو بە ئیمامی خۆی نەزانێت، جا ئەو زاڵبووە پیاوچاك یان پیاوخراپ بێت، ئیدی ئەوە میری موسوڵمانانە."[11] هەروەها

[11] ئەبو یەعلای ئەلفەرا لەوکتێبەیدا کە هاوکاتی کتێبەکەی ئەلماوەردییە لەوی وەرگرتووە، ئەوەی کە زۆر کەس لێی وەرگرتووە،جگەلە ئاماژەکردنێکی زۆر بۆ حەنبەلییەکان: ابو یعلى محمد بن الحسین الفراء الحنبلي، الاحکام السلطانیة، صححه و علق علیه محمد حامد الفقی، ( بیروت: منشورات محمد علي بیضون لنشر کنب السنة و الجماعة، دار الکتب العلمیة، لاتاریخ)، ص ٢٠.
هەروەها ئەبو یەعلا لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت کە ئیبن ئالحەنبەل هەروەها شتی دژبەیەکی وتووە.



حەنابیلەکانی قۆناغی دوایش، وەك ئەبی یەعلای فەرا ( ٣٨٠-٤٥٨ ك ) روونیانکردۆتەوە بەوتەی :" مەبەست لە زاڵبوون لێرەدا ئەو زاڵبوونەیە کە بەیعەتی بەدواداديێت، ئەوەی وا لە زاڵبوو دەکات ببێتە خەلیفە، نەك خودی زاڵبوونەکە بۆ خۆی."[12] لەڕاستییدا، زۆربەی جار بەیعەت دەبێتە بەشێك لە زاڵبوون، هەروەك لە حاڵەتی راپرسین سەبارەت بە سەرۆك کۆمار لە قۆناغی هاوچەرخدا روودەدات، کاتێك کەسێك لە رێگەی کودەتاو بەشێوەیەکی نادیموکراتیك دەگاتە دەسەڵات، ئاکامی راپرسینەکە رەوایی دەستووریی پێدەبەخشێت. ئەوەی سەنجڕاکێشە ئەوەیە، کە میدیای فەرمیی، تەنانەت لە حاڵەتی راپرسیی لەسەر خولێکی نوێ بۆ سەرۆك لە وڵاتە عەرەبییە نادیموکراتییەکاندا، راپرسییەکە بە "موبایەعە" ناودەنێن، وەك هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی سیمبولگەرایی ئیسلامیی لە "رەوایەتیی" حوکمدا.

ئەبولحەسەنی عەلی کوڕی محەمەد ئەلماوەردی ئەلشافیعی ( ٣٦٤-٤٥٠ ك )، لە سەدەی پێنجەمی کۆچییدا، سەبارەت بە مەسەلەی "زاڵبوون"، بەدوای واقیعییەتی ئیبنولحەنبەلدا چووە، بۆئەوەی لە کتێبی "الاحکام السلطانیة" دا پاساو بۆ چەند شێوەیەکی گەیشتنە دەسەڵات لەو قۆناغەدا بێنێتەوە کە بە سەردەمی دووەمی عەبباسیی ناودەبرێت، وەك "امارة الاضطرار و الاستیلاء / میرایەتیی ناچاریی و دەسبەسەرداگرتن" (مەبەستی کرداریی ئەو لێرەدا سەڵتەنەت یاخود میرایەتیی بۆیهییەکان بوو لەسایەی خیلافەتی عەباسییدا)، لەپاڵ وەلیعەهدی ئیمامی پێشوو، واتە میراتیی،و دەستنیشانکردنی لەلایەن

[12] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤.

ئەهلی حەل‌و عەقدەوە. میری بۆیهیی نازناوی "امیر الامراء / میری میران" هەڵگرتبوو کە دواتر لەلای هێندێکی دیکەیان بۆ نازناوی سوڵتان پەرەیسەند، بەڵام هێشتا ئەوە خەلیفە بوو کە ڕەوایەتیی دەبەخشییە ئەو میرانە. فیقهی ئەلماوەردی کەوتبووە نێوان واقیعی میرایەتیی دەستبەسەرداگرتنی بۆیهییەکان‌و نێوان خیلافەتی ڕەوای عەباسییەکانەوە، بۆ پاراستنی ئیمامەت وەك بەخشەری ڕەوایەتیی لەحاڵەتی لێکدانەوەی چاوپۆشییکارانە لەگەڵیدا.

ئەوەش بەشێوەیەکی بەهێزتر لەلای ئەشاعیرەکان* دەبینینەوە، بەتایبەت، کوڕی موجاهیدی بەسڕی ( ٣٧٠ ك مردووە ) کە هاوزەمانی ئەبی حەسەن ئەلئەشعەری بوو، کە ئەویش ئەشعەرییەکی مالیکییەو تەنانەت ئەوانەشی قەدەغەکردووە کە هاوشێوەی وەك ئەلماوەردی ڕێگەیپێداوە، ئەوەی کە دواتر بە واقیعییەتی سیاسیی ناسراوە، کە بریتییە لە وەستانەوەو دەرچوون لە دەسەڵاتی ئیمامە فاسق‌و ستەمکارەکان. ئەوەش ڕەنگدانەوەی جێگیریی "کۆمەڵی ئیسلامیی"و یەکێتییەکەیەتی لەو دەستەواژەیەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت: " سوڵتانێکی ستەمکار باشترە لە ئاژاوەیەکی بەردەوام‌و پایەدار." ئیبن حەزم ئەلزاهری ( ٣٨٤-٤٥٦ ك )،دژ بەمە وەستایەوە، ئەوەی کە نموونەی بە دەرچوون‌و وەستانەوەی ئیمامەکان هێنابووەوە، لەوانە

* بە ئەهلی سونەت‌و جەماعەتیش ناسراون‌و بەرجەستەی نێوەندگەرایی ئیسلامیی دەکەن، دامەزرێنەری ئەم ڕەوتە ئەبولحەسەن عەلی کوڕی ئیسماعیلی ئەشعەرییە، خەلچکی بەسڕەیەو پێشتر هەلچگری هزری مەعتەزیلەکان بووە، دواتر هەوڵی داوە لەنێوان عەقڵانییەتی موعتەزیلەو مەزهەبی تێکستگەراکاندا، ڕەوتە نیچوزەندگەراکەی خۆی بێنێتەئاراو جۆرە یەکبوونییێك دروستکات.



سەحابە هەرە بەڕێزەکان دژی موعاویە، هەروەها وەستانەوەی حەسەنی بەسڕی‌و تابیعینە مەزنەکان بەخۆیان‌و شمشێرەکانیانەوە دژی حەجاج.[13] بەڵام وتاری واقیعییەتی سیاسیی، کە بەرجەستەی ناوەندگیریی دەزگای ئاینیی دەکات لەنێوان تێکست‌و دەوڵەتدا، لەلای ئەو فوقەها لێکدەرەوانە لەبڵاوبوونەوە بەردەوام بوو، ئەوانەی کە پاساوی دەسەڵاتی وەختیان بە لێکدانەوەو مانا بۆ دۆزینەوەی تێکست دەهێنایەوە. ئەوەی لەلای ئەبی عزی شرۆڤەکاری "العقيدة الطحاوية"، و تەنانەت لای ئیبن تەیمیەش دەیبینینەوە.

لێرەدا پێویستە لەسەرمان، لەنێوان هەڵوێستی (**السلفي الظاهري** و **الموقف التأويلي**/سەلەفیی ڕووخساریی‌و هەڵوێستی لێکدانەوەیی مانایی) جیاوازیی بکەین، هەروەك بە گشتیی لەو قۆناغەدا باو بووە. بەتایبەت ئەو قۆناغەی فکری ئەشعەریی تێدا بڵاوبووە. ئەوەی یەکەمیان، دواجار لەگەڵ حوکمداری فاسقدا چاوپۆشیی نەکردووە، لایەنگریی لەوەش کردووە کە شەڕ دژی ئەوانە نەکرێت کە لە دەسەڵاتی ئەو حاکمە فاسقە دەرچوون، بگرە هێندێکجار وەستانیان لەدژی ئەو حاکمە پێ لەپێشتر بووە، لەگەڵ ئاگادارکردنەوە سەبارەت بەو پەشێویی‌و نالەبارییەی کە لەو دەسەڵات دەرچوونە دەکەوێتەوە. بەڵام بەگشتیی بەلای ڕەتکردنەوەی ئاژاوەدا کەوتۆتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت دەرچوون‌و وەستانەوەیان لە دژی دەسەڵاتی

[13] بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە بڕوانە: حاكم المطيري، الحرية او الطوفان: دراسة موضوعية للخطاب السياسي الشرعي و مراحله التأريخية،ط٢، (عمان : الموءسسة العربية للدراسات والنشر، ٢٠٠٨)، ص ١٦٣-١٦٤.

حوکمداران لەپێناو پاراستنی یەکێتیی ئۆمەتدا، ڕەتکردۆتەوە. بەڵام وتاری لێکدانەوەیی، لایەنگریی لە ڕەتکردنەوەی دەرچوون و وەستانەوە لەدژی فەرمانڕەوایان کردووە، هەروەها پاساویهێناوەتەوە بۆ هەر سیستمێك لەڕێگەی زاڵبوون و بە کۆدەنگی ئوممەت دامەزرابێت. کۆدەنگیی رای دژ ڕەتدەکاتەوە، بەوەش چ بەرهەڵستکارییەك نامێنێت، واتە کەمینەك لەبەرامبەر زۆرینەدا، بەڵکو تێکڕای دەنگەکانە، هەر رایەکی دیکە دەرچوونە لەو کۆدەنگییە. ئەو لە کۆدەنگی دەرچوونە، روویەکی دیکەی دەرچوون و دژوەستانەوەی سیاسییە، ئەوەی کە خۆی لە خۆیدا، خراپەکاریی و ئاژاوەگێڕییەو ستەمێکە وێنەی نییە.

سەنجڕاکێش ئەوەیە، کە سەلەفییەکانی سەردەمی ئێستا، تەنیا لایەنێکیان لە وتاری دامەزرێنەرەکانی وەك ئیبن حەنبەل و ئیبن تەیمیە وەرگرتووە، ئەوەش ڕێگرتنە لە دەرچوون و وەستانەوە دژی سوڵتان. کاتێك رەوتێکی سەلەفیی رەخنەیی هاتەئارا، ئەوانە سونەتێکی دەوڵەمەندیان لای باوکانی سەلەفیی لە فوقەهاکاندا بینیەوە کە پاساو بۆ دەرچوون و وەستانەوە دژبە فەرمانڕەوای ستەمکار دێنێتەوە. بەڵام بە وردکردنەوەی سەرنج ئەوە دەردەکەوێت، ئەوەی دەرچوون و وەستانەوە دژبە فەرمانڕەوایەکی ستەمکار حەرامدەکات، لەڕاستییدا ئەو زۆربەی جار دەرچوون لە دەسەڵاتی سوڵتانێك حەرامدەکات کە خودی خۆی لەدەسەڵاتی ئەوەی پێش خۆی دەرچووەو بەزاڵبوون ڕەوایەتیی خۆی بەدەستهێناوە کە بۆتە کۆدەنگیی، بەوەش دەرچوون لەدەسەڵاتی ئەو دەرچوونە لە کۆدەنگیی. لێرەشەوە ئەو وتارە لەسەر ترادسیۆنێك راوەستاوە کە دەسکەنەی کردووە، ئەو پاساوی شەرعیی بۆ دەرچوون لەدەسەڵاتی فەرمانڕەوای وەخت دژی ئەوەی پێشوو



دەدۆزێتەوە، بەڵام پاساوی چوونەدەر دژی ئەو فەرمانڕەوایە ڕەتدەکاتەوە، لە نێو تێکستەکانیشدا پاساوی حەرامکردنی بۆ دەدۆزێتەوە.

ئیبن تەیمیە، بڕوای وابوو، کە ئیمامەت لەسەر دوو بنەما وەستاوە کە: "هێزو ئەمانەتە"، ئەوەش بە پشتبەستن بە چەند تێکستێکی قورئانیی کە تێیدا پێش ئەمانەت، باس لە هێز کراوە وەك " ان خير من استأجرت القوى الامين"(سورەتی قیسەس:٢٦)، هەروەها وتەی فەرمانڕەوای میسر بۆ یوسف " انك اليوم لدينا مكين أمين" ( یوسف:٥٤) ئەو ئاماژەی بە وتەیەکی بەناوبانگی ئیبن حەنبەل داوە کە هێزی بە زێدە بایەخدارتر لە چاکەکاری زانیوە کاتێك بژارە لەنێوان هەردوولایاندا بکرێت: " بەڵام خراپەکاری بەهێز، هێزەکەی بۆ موسوڵمانانەو خراپەکەشی بۆ خۆیەتی، بەڵام چاکەکاری لاواز، ئەوا چاکەکەی بۆ خۆیەتی و لاوازییەکەشی بۆ موسوڵمانانە." لێرەشەوە ئیبن تەیمیە، سیفەتی فەرمانڕەوایەتییکردنی لە دوو سیفەتدا کۆکردۆتەوە کە هێزو ئەمانەتە، ئەو لێرەدا لە زانایانی ئەهلی سوننەت و خەڵکی دیکەش جیاوازە، ئەوانەی بە درێژیی باسیان لە سیفاتە جۆراوجۆرەکانی ئیمام کردووە، یاخود ڕێگەگەلێکی دیارییکراویان بۆ دەسەڵاتگرتنەدەست دیارییکردووەو لەنێویاندا باسیان لە بەزۆر دسەڵاتگرتنەدەست نەکردووە، بەڵام دوای دەستبەسەرداگرتن، بەیعەتیان کردۆتە تەواوکارییەکی شەرعیی حوکم، بەوەش کۆدەنگیی ئوممەتیان هێناوەتەئارا، دەرچوونیش لەو شەرعییەتە دەرچوونە لە کۆدەنگیی، لەلای ئیبن تەیمیە، توانا، بنەمای فەرمانڕەوایەتییکردنی واقیعییە، لەکاتێکدا ئەمانەت، مەرجێکی

ڕەوایەتیی فەرمانڕەوایەتییکردنە. دیارە ئیبن تەیمیەش ڕایەکی هەیە کە ڕێگە بە دەرچوون لەدەسەڵاتی هەر فەرمانڕەوایەك دەدات، بەمەرجی پابەندبوون بە شەریعەتی ئیسلامییەوە، ئەو بەشێوەیەکی گشتیی لۆمەی دەرچوونو وەستانەوەی دژبە دەسەڵات نەکردووە ئەگەر وەستانەوەیە دەرچوون نەبێت لە شەریعەت، لەگەڵ جەختکردنەوە لەوەی کە دەگونجێت ئەو دەرچوونو وەستانەوەیە خراپەکارییەکی مەزنتر لەو خراپەکارییەو ستەمەی فەرمانڕەوای وەخت بەدوای خۆیدا بهێنێت. ئەمەش بۆتە بنەماو پشتپێبەستنی هەموو ئەو جووڵانەوە ئیسلامییانەی کە ڕێگەیان بە دەرچوون لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوای موسوڵمان داوە ئەگەر ئەو فەرمانڕەوایە مورتەد بوو یاخود گەر حوکمەکەی پێچەوانەی شەریعەت بوو، لەمەشدا ئاسانکاریی زێدەتریانکرد بە پشتبەستن بە لێکدانەوەگەلێکی کراوەتر سەبارەت بە هەڵوێستی ئیبن تەیمیە لە ڕەواییدان بە دەرچوون لە دەسەڵاتی فەرمانڕوایانی تەتار، لەسۆنگەی ئەوەوە کە ئەوان لەنێو خۆیاندا بە ڕێبازێك حوکمدەکەن کە بە "ئەلیاسق" یان "ئەلیاسە" ناودەبرێت نەك بە شەریعەتی ئیسلامیی، هەرچەندە ئەوان شایەتومانیش بە خواو پێغەمبەریش دێنن.

لەواقیعدا، ئیبن تەیمیە، بەگشتیی، شۆڕشی دژبە فەرمانڕەوا ستەمکارەکان ڕەتدەکردەوە، ئەو پێی وابوو" ئەوەی ناسراوە لە ئاینزای ئەهلی سوننەت ئەوەیە کە وانابینن خەڵك لە دەسەڵاتی ئیمامەکان دەربچنو بە شمشێر شەڕیانبکەن، ئەگەر ستەمیشیان لێبوەشێتەوە، هەروەك فەرمودە دروستە زۆرو زەوەندەکانی پێغەمبەریش(د.خ) بەڵگەن بۆ ئەوە...لەبەرئەوەی خراپەکاریی شەڕو ئاژاوەگێڕیی، مەزنترە لەو خراپەکارییەی زادەی ستەمی ئەو فەرمانڕەوا ستەمکارانەیە، تاوێستا نەمانزانیوە تاقمێك لەدژی سوڵتان وەستابنەوەو لەدەسەڵاتی دەرچووبن، بێئەوەی دەرچوونو وەستانەوەکەیان ئەوەندەی گەندەڵیی نەهێنابێتەئارا کە مەزنتر بێت لەو گەندەڵییەی لایبردووە..."* هەروەها ئیبن تەیمیە، کاتێك مەبەستیبووە مشتومڕ لەگەڵ شیعەکاندا بکات، سەبارەت بە جەختکردنەوە لە ملکەچیی بۆ فەرمانڕەوا، لە بێفەرمانییکردنی خواداوەندا نەبێت، نووسیویەتی:" وتەی ئەهلی سوننەت هەواڵێکی ڕاستگۆو وتەیەکی دانایانەیە، وتەی ڕافیزەش هەواڵێکی درۆزنانەو وتەیەکی پوچە، ئەهلی سوننەت دەڵێن میرو سوڵتانو خەلیفەی خاوەن دەسەڵاتی وەخت توانای کاری مەبەستداری فەمانڕەوایەتییکردنی هەیە، هەروەها ئیمامی نوێژکردن ئەوەیە کە نوێژ بە خەڵکی دەکات، ئەوانیش ئەویان

---

* زۆرینەی شۆڕشو ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتییەکان لەمێژوودا زادەی نادادپەروەریی و ستەمکارییەکی درێژخایەنن، ئەو نادادپەروەرییەی دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی کینەو ڕقێکی ئەستووری زۆرینە بێبەشو هەژارەکانی کۆمەڵگا بە چەشنێك تەقینەوەی ئەوپەڕی توندوتیژیی بەدوای خۆیدا دێنێت کە کۆنترۆڵکردنی مەحاڵە یاخود یەکجار ئەستەمە، هەربۆیە یەکەمین ئامانجی شۆڕشگێرەکان، سەرو ژنو ماڵوسامانی دەسەڵاتداران بووەو دواتریش پەلامار ڕوو لە چینە باڵادەستەکان دەکاتو بەرەخوار دێت، بێئەوەی ئەزموونی پێشینەو میکانیزمێکی دروستو گونجاوی دابەشکردنەوەی ئەو سامانو موڵکانەیان هەبێتو لەسنوورێکدا پەلامارەکان ڕابگیرێنو زەمینە بۆ ئاشتیی و ئاسایشو هێمنیی برەخسێننەوە. ئەمەش وادەکات پشێوییەکی مەزنو ناجێگیرییەکی درێژخایەنو توندوتیژییەکی هەمەلایەنە بێتەگۆڕێ کە ستەمکاریی پێشوویان لەبیربەرێتەوە. ڕەنگە شۆڕشی مەزدەکییەکان لەمێژووی ئێرانی کۆندا باشترین نموونە بێت لەمبارەیەوە.

به ئیمامیان قبوڵە، ئیمامی نوێژکردن شایەنی ئەوە نییە کە ئیمام بێت گەربێتو نوێژ بە کەس نەکات، بەڵام واچاکترە ببێتە ئیمام، جیاوازیش لەنێوان ئیمامو لەنێوان واچاکترە بێتە ئیمام، لە گێلۆکەکانیش شاراوە نییە. هەروەها دەڵێن هاوکاریی سەبارەت بە چاکەو خواپەرستیی دەکرێت نەك سەبارەت بە خراپەو دوژمنکاریی، هەروەها ملکەچیی ئیمام لە ملکەچییکردن بۆ خودا نەك بێفەرمانیی دەکرێت، نابێت بەشمشێرەوە دژی ئیمام بوەستن ، فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەڵگەن بۆ ئەوە. هەروەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوون. لە ئیبن عەباسەوە – رەزای خوای لێبێت – پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: ئەوەی شتێکی لە میرەکەی بینی کە پێیناخۆشە، سەبری لێبگرێت، چ کەسێك لە خەڵکی نییە لە دەسەڵاتی سوڵتان دەرچووبێتو لەسەر ئەوە مردبێت، تەنیا مردنێکی هاوشێوەی قۆناغی جاهلییەت مردووە، خەڵکی لە وەستان دژبە سوڵتانو لە کۆمەڵ دەرچوون وریاکردۆتەوە، فەرمانیداوە سەبارەت بەو کارانەی ئەمیر کە جێگەی پێناخۆشییە ئارامبگرن، ئەوەشی تایبەت نەکردووە بە سوڵتانێك یان میرێك یاخود کۆمەڵێکی تایبەت."[١٤]

بەڵام ئیبن تەیمیە، ئیمام بە سەرچاوەی رەوایەتیی نابێنێت، بەڵکو کارکردن بە شەریعەت. ئەو وتوویەتی تەنیا فەرمودەیەك کە وەستان دژی دەسەڵاتی ئیمام قەدەغە دەکات، فەرمودەکەی کەوسەری کوڕی حەکیمە لە نافیعەوە، ئەوەش فەرمودەیەکی دانراوە. بەڵام ئەو فەرمودە

[14] شیخ الاسلام ابوالعباس احمد ابن تیمیة، " مختصر منهاج السنة"، اختصره الشیخ عبدالله الغنیمان، الجزء الاول، (المدینة المنورة: ١٤١٠هجري))، ص ٧٤-٧٥.



دروستانەی سەبارەت بە شەڕکردن دژی دەرچووان هەن، باس لە شەڕکردنی دەرچووان دەکات لەسەر شەریعەت نەك ئیمام. ئەو وتوویەتی:" ئەما شەڕکردن دژی کەسێك کە تەنیا لە دەسەڵاتی ئیمامێکی دیارییکراو دەرچووە، سەبارەت بەوە لە تێکستەکاندا فەرمانێك نییە." تەنانەت ئیبن تەیمیە، وەستانی دژ بە ئیمامێکی دادپەروەریش بەهۆی گومانو لێکدانەوەوە، پاساوداوە، هەروەك دەرچوونو وەستانەوەکەی موعاویەی کوڕی سوفیان دژی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب.[١٥] ئەم هەڵوێستەی ئیبن تەیمیە، پاساودانە بۆ دەرچوونو وەستانەوانەی لە حاڵەتی مێژووی ئیسلامییدا روویانداوە، ئەوەی واقیعی دەوڵەتی ئیسلامیی پاش موعاویەی پێکدەهێنا.• ئەو لێرەدا لەڕووی کرداریییەوە میرایەتیی دەستبەسەرداگرتن پاساودەدات. دەرچوونو یاخییبوون ئەگەر میرایەتییەکی هەبووش رەتبکاتەوە، ئەوا پاساو بۆ دامەزراندنی غەیری ئەو دەکات، پاش ئەوەی بەهێز لێی رادەپەڕێت. ئاشکرایە کە پاساودانەکە بە کاریگەرییەکی گەڕانەوەییە، ئەوەی بەهۆی ئاکامەوە حوکمی بەسەردا دەدات، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە، ئیبن تەیمیە، دەرچوونی موعاویەی لەدەسەڵاتی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب ریسوادەکرد گەر بهاتایەو ئەوەی دوایییان سەرکەوتبایە،

[15] احمد ابن تیمیة، مجموع الفتاوي، جمع و ترتیب : عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، ج ٤، ( المدینة المنورة: مجمع الملك فهد لطباعة مصحف الشریف، ١٤٢٥ هجري/ ٢٠٠٤م)، ص ص ٤٥٠-٤٥٢.

• شایەنی باسە موعتەزیلەکان کە بەرجەستەی عەقلانییەتی مێژووی ئیسلامیی دەکەن لایەنگریی دەرچوونو شۆڕش بوون دژی ئیمامی ستەمکار بەمەرجێك هێزی دەرچوو بالادەست بێتو ئەلتەرناتیڤیشی لە ئیمامی شۆڕشگێڕ ئامادەو ساز بێت.

هەرچەندە ئیبن تەیمیە لە واقیعێکی دیکەدا ژیاوە. ئەوەی بایەخی ئەو بووە بریتیەلە پاراستنی ئەو یەکێتییە ئیسلامییەی کە بەگوێرەی شەریعەتی خودا بەڕێوەچووە.

گەر دەربڕینێکی دروست بێت، فیقهی سیاسیی سوننی پێش ئیبن تەیمیە، زیاتر پراگماتیی بووە، بەوەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام لەپاڵ هەڵبژاردنی ئەهلی حەلو عەقد بۆ ولایەتی عەهد، واتە جێنشین، دانیناوە بەدەسەڵاگەشیتن لە ڕێگەی زاڵبوونەوە. ئەوە ئەلجوینی* ( ٤١٩– ٤٧٨ ك) بوو کە ئیمامەتی زاڵبووی پاساودا، تەنانەت گەر مەرجەکانی ئیمامەتیشی تێدانەبێت، مادامەکی زاڵبووە، ئەوەی ناوی "والی" لێنا، ئەوەی لەسەر والییەکان کردە مەرج کە راوێژ بە زانایان بکەن. ئیبن قودامە ( ٥٤١–٦٢٠ ك ) لەکتێبی "الكافی فی تفسیر ئیبن حەنبەل"دا، دەڵێت:" ئەوەی ئیمامەتی چەسپا، دەرچوون لەدەسەڵاتو شەڕکردن لەدژی حەرامە، ئەوەی کۆدەنگیی موسوڵمانانی لەسەر چەسپا، وەك ئیمامەتی ئەبی بەکری سددیق، یاخود بە پەیمانی ئەو ئیمامەی پێش خۆی هات وەك پەیمانی ئەبی بەکر بۆ عومەر، یاخود

* ناوی عەبدولمەلیکی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یوسفە، خەڵکی جوینی نیسابورە، چۆتە بەغدا لە خوێندنگای نیزامییە خوێندوویەتی، خاوەنی چەندین کتێبە کە گرنگترینیان لەبواری کاروباری سیاسییدا بەناوی " غیاث الامم فی تیاث الظلم"ە. ئەو بنەمایانەی کە لەلای ئەلجوینی بۆ فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامیی پێویستن ئەوەیە کە: فەرمانڕەوا دەسەڵاتو هێزی خۆی لە خەڵکەوە وەربگرێت، بە پێی شەرع فەرمانڕەوایەتیی بکات، ملهوڕو تاکڕەو نەبێت، ئازادی تاكو موڵكو خەڵك بپارێزێت، فەرمانڕەوا خاوەنی زاستو ئاینپەروەریی و ئازایەتیی و پێگەیشتوویی عەقڵ بێتو نافەرمانی خودا نەکات.



بەفشارخستنە سەر خەڵك تاکو ملکەچی دەبنو بە ئیمامی بانگ دەکەن، وەك عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان. لێرەدا هاوتەریبی دەرچوونو ئیمامەتی زاڵبووندا بەروونی دەردەکەوێت. ئیبن قودامە، دەرچوونو وەستان دژی ئیمارەتی دەستبەسەرداگرتنو زاڵبوون حەرام دەکات. ئەوەی یەحیا کوڕی شەرەف ئەلنەوەویش ( ٦٣١–٦٧٦ك ) دانیپیێداناوە بەچەشنێك گەیشتۆتە ئەوپەڕی راشکاویی بەوەی پاساوی بۆ ملکەچیی بە فشاری ئەو حوکمە هێناوەتەوە، واتە پاساودان بە ملکەچی ستەم بە ستەم، بەشێوەیەك کە ستەمی مەزنتر لای ئەلبەنانی ( ١١٦٣–١٢٠٦ك ) چوونەدەرە لەدژی فەرمانڕەوا، ئەوەی کە هاوسەردەمی شێخ محەمەد کوڕی عەبدولوەهابە* ( ١١١٥–١٢٠٦ك )، هەروەها ئەو راشکاویەی لەم وتەیەدا وێنادەبێت کە دەڵێت:" ئەوەی فشارو توندی لەسەر خەڵك زێدە بوو ملکەچیی بۆی دەبێتە ئەرك"، ئەم

* محەمەد کوڕی عەبدولوەهاب ساڵی ١٧٠٣ زاینی لە نەجدی نیمچە دوورگەی عەرەب لەدایکبووە، لەسەردەستی زانایانی مەکەو مەدینە خوێندوویەتیی. ناوبراو لەسەر بنەمای فیکری ڕەوتی سەلەفی ئیمامەکانی ئیبن حەنبەلو ئیبن تەیمیەو ئیبن قیەمی ئەلجۆزیە ڕەوتەکەی خۆی پێشخستووە کە گەڕانەوەیە بۆ تێکستو بنەماکانی ئایینو پاککردنەوەی لەو خەوشانەی پێوەی پەیوەستبووە. کوڕی عەبدولوەهاب لەنەجد دەوڵەتێکی دامەزراندو دژی دەوڵەتی عوسمانیی کەوتە شەڕەوە، بانگەشەی بۆ گەڕانەوەی خیلافەت دەکرد بۆ عەرەبو قوڕەیشییەکان. ڕەوتەکەی دژی "قیاس/پێودانگ" و " رأی/ را" و "تأویل/لێکدانەوەیی مانایی" بوو. ڕەوتی وەهابیی بەهۆی ساکارییو دواکەوتوویی و خێڵەکییبوونی ژینگەی لەدایکبوونییەوە، ڕەوتێکی چەقبەستووو دژەعەقڵانیی و نامەدەنیی و دڕ بوو، ئەوەش ڕێگەی لە بڵاوبوونەوەی گرت لەدەرەوەی ناوچەکەی خۆی.

دێڕەی بۆ موعاویە دەگەڕێنرێتەوە، بەمەش شارەزایانی مالکیی مشتومڕەکانی خۆیان سەبارەت بە ئیمامەت تایبەتکردووە. هەروەها ئەم دەربڕینە لە پەراوێزی زۆربەی شرۆڤەکارییەکاندا دەبینین وەك "حاشیه البنانی علی شرح الزرقانی"، هەروەها "حاشیه الدسوقی علی الشرح الکبیر"،و زۆر لەوانەی تر.

ئەمەش سوننەتێکە کە کوڕی عەبدولوەهاب پشتی پێ بەستووە، بەڵام بە ڕەهایی دەرچوون و یاخیبوونی لە دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان حەرامکردووە، ئاکاری ئەو لەهەمبەر موسوڵماناندا زیاتر هاوشێوەی ئاکاری پەیامبەرێك یان خاوەن پەیامێك بوو وەك لەوەی زانایەکی ئاینیی یان رابەرێکی سیاسیی بێت. لێرەوە، لەبەرئەوەی ئەو لەسەر راستییەکی رەها بوو- بەبۆچوونی خۆی- هەربۆیە تەنانەت هەوڵینەدا پاساو بۆ بەکارهێنانی هێز بدات، بەڵکو بەکاریهێناو تەنانەت دەرچوون و یاخیبوونی لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوای هەرێمەکانیش حەرامکرد: " ئەرکی ملکەچیی بۆ دەسەڵاتی ئیمامەکانی موسوڵمانان دەبینم، چاکەکارو خراپەکاریان، مادامەکی فەرمان بە بێفەرمانی خودا نەکەن. ئەوەی خەلافەتی گرتەدەستو خەڵك لەسەری کۆدەنگ بوو و پێی رازیبوون و بەشمشێرەکەی بەسەریاندا زاڵبوو تا ئەوەی بووە خەلیفە، ملکەچبوون بۆی واجبەو دەرچوون و یاخیبوون لەدەسەڵاتیشی حەرامە.[16] وێڕای ئەوەی، ئەو لەدژی فەرمانڕەوایانی

[16] عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، الدرر السنية في الاجوبة النجدية، مجموعة رسائل و مسائل علماء نجد الاعلام من عصر الشيخ محمد بن عبدالوهاب الى عصرنا هذا، ج١، ط٦، ١٤٦٧هجري/١٩٩٦م،ص ٣٣.



وەخت وەستا، کەچی عەبدولوەهاب تەنانەت ماف رەخنەو ئامۆژگاری ئاشکرای والییەکانیشی لەسایەی ئەو حوکمدارێتییەی کە پشتگیریی کرد، حەرامکرد،و فەرمانیدا ئامۆژگارییکردن بەشێوەیەکی نهێنیی بێت، هەروەها ملکەچیی بۆ فەرمانڕەوا کردە کارێکی رەها.

هەڵوێستی ملکەچیی بۆ فەرمانڕەوا، بۆ هەڵوێستێکی کۆنەپارێزی گشتیی گۆڕا، بەچەشنێك وای لە زۆر لە سەلەفییەکانی دەرچووی قوتابخانەی فقهیی نەجدی "الموحدون/ یەکتاخوازەکان" یان "وەهابییەکان" کرد، هەڵوێستێکی دژ بە شۆڕشە عەرەبییەکان، یاخود گومانئامێزو لەباشترین حاڵەتەکاندا هەڵوێستێکی نەرێییان لەو شۆڕشانە گرتەبەر. هەڵوێستی فەرمیی دژبەری پاشایەتیی سعودییش بۆ ئەو شۆڕشانە، ئەم سوننەتەی لەچوارچێوەی سیاسەتە پراگماتییە کۆنەپارێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی پاشایەتییەکە ئیستیغلال کرد، وپاساوی جێگیریی دەوڵەتانێکی دا کە نە ئەوەیە دیموکراتی بن یان ئەوەی ئیسلامیی بن و شۆڕشی دژیان رەتکردەوە.

هێزە کۆنەپارێزەکانی لایەنگری هەر سیستمێکی وەخت، هەر دەرچوون و وەستانەوەیەك وەك ئاژاوە وێنا دەکەن. ئاژاوەش ماناگەلێکی نەرێیی هەڵدەگرێت وەك پشێویی کۆمەڵایەتیی و حاڵەتی دوژمنایەتیی توندوتیژو بەردەوام لەنێوان چەندین کۆمەڵ لە دانیشتووان، ئەوەی لەم سەردەمەی ئێستادا بەمانای جەنگی ناوخۆ دێت. ئەوەش لە ئێستادا هەروەها لەلایەن هێزە کۆنەپارێزەکاندا ( بەواتای پارێزگاریی لە سیستمی وەخت ) دەکرێت، ئەوەی کە هەر شۆڕشێك بە ئاژاوەیەك دادەنێت...فەرهەنگی سیاسیی سیستمە عەرەبییەکان کە رووبەڕووی راپەرین یان شۆڕش یاخود جوڵانەوە

ناڕازییەکان بوونەتەوە، پڕن لە چەمکەکانی ئاژاوە، بەواتا ئەوەی کە شۆڕش وەك ئاژاوە وێنا دەکەن، هەروەها نموونەی بەوشێوەیەی سەبارەت بە هەوڵگەلێکی فیعلی تێدایە کە شۆڕش وەك ئاژاوە وێنا بکات، یان تەنانەت بۆ ئاژاوەی بگۆڕێت.

لەسایەی دوالیزمی (**الخروج والغلبة**/دەرچوون‌و زاڵبوون)دا، ئەستەمە بگەیتە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی تیۆری شۆڕش. هزری ئیسلامیی زانستی ئاینیی پاساو بۆ پەسەندکردنی سوڵتانی ستەمکار دێنێتەوە، دەرچوون‌و وەستانەوەش ڕەتدەکاتەوە کە هاوشێوەی شۆڕشە چەکدارییەکانی دژبە سیستمە لە قۆناغی ئێستاماندا. هەروەها پاساو بۆ دەرچوون‌و وەستان لەدژی ڕژێمێك دێنێتەوە کە شەریعەت جێبەجێ ناکات یان فەرمان بە بێفەرمانی خودا دەکات، بەڵام ئەوەی بەربڵاوە، پاساودانی ڕژێمی وەختە، بە دەرچوون‌و یاخییبوونیشەوە گەر ئەو دەرچوون‌و یاخییبوونە بۆخۆی ببێتەهۆی هێنانەکایەی ڕێژمێکی پایەدار، واتە گەر زاڵبوو. ئێمە لەبەرامبەر دەسەڵاتێکی بزۆز نین– بەرهەڵستکارو دەسەڵاتدار – بەرهەڵستکار، کە لەچوارچێوەی سیستمەکەدا کێشەو دژبەرییەکانی چارەسەربکات، یاخود لە حاڵەتی چارەسەرنەکردنیدا بێتە شۆڕش دژی سیستم کە زانستی ڕەخنەیی‌و پاساوئامێزی خۆی بەرهەمبێنێت، تەنانەت لەکاتی پاساودانی دەرچوون‌و یاخییبوونیشدا، ئێمە لەبەردەم هیچ جۆرێك لە تیۆرەکانی شۆڕشدا نین.



## چەمکی "شۆڕش"

بەگوێرەی "**لسان العرب**"، چەمکی "الثورة/شۆڕش" لە " ثار الشیء، ثورا، ثۆورا، ثورانا، تثور: هاج/ هەژا. الثائر بەواتای تووڕە...المثاورة: الوثبة[17]/ قەڵەمبازو رابوون...هاتووە. دەوترێت "**اهدأ حتى تسكن هذه الثورة**/هێمنبە تا ئەو شۆڕشە دادەمرکێت"، واتە هەژان. "الثورة/شۆڕش" لەزمانی عەرەبییدا مانای "الهیج/هەژان"ە. کە بێگومان مانای تووڕەیی دەگەیەنێت. بێگومان سەرچاوەی "هوجە عرابی/هەژانی عەرابی"، کە دواتر بە "ثورة عرابی/شۆڕشی عەرابی" ناسێنرا، لە لای عەرەب ئەم نزیکییە هێماییە دەگەیەنێت. بەمەش مانای شۆڕش بەچەمکە عەرەبییکەی واتاو ڕەهەندێکی تووڕەو یاخییی‌و هەژاوی گرتۆتەخۆ•، هەمیشە ئەوە بە بیردا نایەت کاتێك ناوی شۆڕش

---

[17] با ئەوە بیربێنینێنەوە کە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٤٨ لە عێراق ناوی "الوثبة/قەڵەمباز"ی لێنراوە.

• شایەنی باسە، لە زمانی کوردییشدا، سەرەتا چەمکە عەرەبییەکان بۆ جووڵانەوە ناڕازاییە سیاسییەکان لەجیاتی چەمکی (شۆڕش) بەکارهاتووە، بە تێڕوانینێك لە ڕۆژنامە کوردییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم،چەمکەکانی وەك: "انقلاب گێران (تێگەیشتنی ڕاستی، ژ٦٥،پ٧ کانوونی دووەم ١٩١٩)، " اختلال، اختلالچی، هیجان" (بانگی کوردستان، ١٩٢٢) بەکارهاتووە، ڕەنگەی چەمکی "انقلاب" وەك ئاکام‌و "اختلال" وەك هۆکار دروستترین زاراوە بن بۆ تەعبیرکردن لە شۆڕش. لەڕاستییدا، نزیك بە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بوو کە چەمکی "شۆڕش" لەزمانی کوردییدا، لەسایەی کاریگەریی بیری چەپگەرایی مانا هاوچەرخەکەی خۆی وەرگرت، دەنا پێشتر هەر بەمانای هەژان‌و ئاژاوەو هەراوهوریای توندوتیژو

له دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی-سیاسیی دەنرێت. بەڵام ڕەهەندە توڕییە هەڵچووەکەی هێشتا لە چەمکی شۆڕش لە فەرهەنگی عەرەبییدا دەبینرێت، هەروەها لەکاتی بەکارهێنانە سەرپێییەکەشیدا. ئەوەی لێرەدا ئامادەیە ئەوەیە کە لاوانی میسر لەسەرەتادا ناویان لێنا " ائتلاف شباب ثورة الغضب/ هاوپەیمانی لاوانی شۆڕشی توڕەیی". لەبەرئەوە تۆفیق ئەلحەکیم ( ١٨٩٨-١٩٨٧) لە کتێبەکەیدا " ثورة الشباب" هەوڵیداوە جیاوازیی لەنێوان شۆڕش و هەژاندا بکات و لە هەوڵێکی چەمکئامێزدا شۆڕش لە هەژان جیابکاتەوە، وشەکە ریشەکەی خۆی جێدەهێڵێت بەرەو چەمکەکەی ملی رێ دەگرێت: "جیاوازیی نێوان شۆڕش و هەژان ئەوەیە کە هەژان تەڕو وشك پێکەوە دەسووتێنێت، وەك رەشەبا تەڕو وشك لەریشە هەڵدەکێشێت...بەڵام شۆڕش سوودبەخشەکە دەهێڵێتەوە و هێزی لێوەردەگرێت...تەنیا

خوێناویی هاتووە کە دوورنییە ریشەکەی هەمان "شوریدن" بێت کە لەزمانی فارسییدا هەیە. لەم بارەیەوە، مستەفا پاشا یامولکی لە ژمارە٦ی بانگی کوردستاندا، له ١٨ ئەیلولی ١٩٢٢، شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێت:

دەترسم ئەی وەتەن بمرم نەبینم بەختیاری تۆ
هومای پەهلەوی کەی بێ بەسەر تۆدا بنیشێتۆ
هەموو قەومێ بەدەوڵەت بوون کەچی کوردان لەگەڵ یەکتر
خەریکی شۆڕشن یاڕەب وەکو گورگان لەگەڵ یەکتر

هەروەها مەلاحەسەنی شاهۆ لەساڵی ١٩٢٧دا وتویەتی:

سەرچاوەی ئەم چەشمەی خوێنە لە چە لایە؟
چی بێ ئەبێ ئەم شۆڕش و غەوغایە، لە ئەقتار؟



بێکەڵکە پەڕپوتەکەش لەناودەبات، ئەوەی لەمپەر دەخاتە بەردەم چالاکیی..."[18]

لێرەوە، وشەی شۆڕش بە جووڵانەوەیەکی خێرای هەڵچووانەوە پەیوەست دەبێت، کە کاری رابوون دەگرێتەخۆ، وەك "الوثبة/رابوون"، " الانتفاضة/راپەڕین"و "الهبة/ هەڵکوتانەسەر". هەروەها هەر لێرەشەوە خەڵکی بۆ هێماکردن سەبارەت بە راپەڕینی شارەکان وشەی "قومة/هەڵسان"* یان بەکارهێناوە، بۆ نموونە دەوترێت" قومة حلب/هەڵسانی حەڵەب" ساڵی ١٨٥٠ دژی سەربازگیریی و هەژاریی، ئەوەی کە تێیدا هەژاران پەلاماری گەڕەکە دەوڵەمەندەکانیان دا، ئەوەی کە لە ناوچەکانی دیکەی شارەکانی وڵاتەکەماندا بە شۆڕش ناودەبرێت. هەروەها بە شۆڕشە جوتیارییەکان دەوترا "العامیات" وەك ئەوەکەی کیسرەوان بەرێبەرایەتیی تانیۆس شاهین لە چیای لوبنان هەڵگیرسا، دواتر ئەوەکەی چیای دروز، لەکاتێکدا بە راپەڕینی شارەکان دەوترا"هەڵسان" وەك هەڵسانەکەی حەڵەب لە ساڵی ١٨٥٠، ئەوەی لە جۆری نموونەی "شۆڕش"ی شارەکانی سەدەی نۆزدەیەمە.[19]

[18] توفیق الحکیم، ثورة الشباب، ( القاهرة، مکتبة مصر، ١٩٨٨)، ص ١١.

* هەر سەبارەت بەم هەڵسانە، کادرێکی پێشکەوتووی شاخ لە یەکێك لە گوندەکانی کوردستان، لە وتارێکی حەماسییدا بۆ جەمعێك لە جووتیارانی زەحمەتکێش وتبووی:" بادیکتاتۆرەکان باش بزانن کە ئیرادەی گەلان تێکناشکێنرێت، چونکە سروشتی گەل وەك هێن وایە کە هەڵسا بە ئاسانیی نانیشێتەوە"!!

[19] سەبارەت بەم چەمکانە بڕوانە: عبدالکریم غرابیة، "سوریة: القرن التاسع عشر ١٨٤٠-١٨٧٦" (محاضرات)، ( القاهرة: معهد الدراسات العربیة العالیة، ١٩٦١-١٩٦٢) ص ص ٨٢-٨٦ .

هەروەها توندوتیژییە جەماوەرییەکان مەیلی هێرشکردنەسەر دوکان‌و ماڵەکانی کەمینە ئاینییەکانیشی دەگرتەوە.

عەبدوڵڵا ئەلعەروی لەکتێبی " تەواوی مێژووی مەغریب"دا، باس لە چەند تاقمێکی جیهادیی دەکات، کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لەنێوان تونس‌و جەزائیرو لیبیادا لەهاتوچۆدابوون، ئاماژەش بەوەدەدا کە ناوچە نێوخۆییەکانی مەغریب، بۆماوەیەکی درێژخایەن بەداگیرنەکراوی مابوونەوە. ئەو جووڵانەوەکەی محەمەد عەبدولکەریم خەتابی وەك جەنگێکی جیهادیی دەبینێت، و ناوی "جەنگی ئەلریف"ی لێدەنێت.• هەروەها ئاماژە بە جووڵانەوە خێڵەکییەکانی پێشوو دەکات کە ناوی شۆڕشی لێنراوە، وەك "شۆڕشی ئیبن غەزاهم" لە تونس (١٨٦٤)، یان "شۆڕشی میقرانی" لە جەزائیر (١٨٧١)، ئەو مامەڵەکردن لەگەڵیا و لەگەڵ جووڵانەوەکەی عەبدولکەریم خەتابی بەشێوە هەنوکەییەکەی وەك ئەوەی شۆڕشێك بێ لە سەدەی بیستەم لەقەڵەم دەدات کە زادەی گرتنەبەری رەوتێکی نوێیە

• ئەم شۆڕشە لەساڵی ١٩٢٠دا لە مەغریب لەلایەن رابەری ناوچەی ئەلڕیفەوە دژی دەسەڵاتی داگیرکەی ئیسپانیی هەڵگیرسا، سەرەتا توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت‌و حکومەتێکی نیشتیمانی دابمەزرێنێت، بەڵام دواتر فەرەنسییەکان هاوکاریی ئیسپانییەکانیان کردو لە شەڕێکی خوێناویی درێژخایەندا کە سێ ساڵی خایاند، توانیان دەسەڵاتەکەی میر عەبدولکەرم خەتابی تێکبشکێنن‌و میر ناچاربوو خۆی بدات بەدەستی هێزەکانی فەرنساوە، ئەوانیش میریان بۆ یەکێك لە دوورگەکانی ئۆقیانووسی ئارام دوورخستەوەو پاش ٢٠ ساڵ ئازادیان کرد، پاشتر میر لە ساڵی ١٩٤٧دا، رووی لە میسر کردو لەوێ مایەوە تا ساڵی ١٩٦٣دا کۆچی دوایی کرد.



بۆی:" لەباوەشگرتنی شۆڕشی ئەلڕیف لەلایەن جووڵانەوەی سۆشیالیستی جیهانییەوە بەرگێگی ئەوتۆی بەبەرداکرد، کە زیاتر لە شۆڕشەکانی ئاسیا و ئەمریکای لاتینی نزیککردەوە، لەکاتێکدا نووسەرە مەغریبییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هاوکاتیی لەنێوان خۆبەدەستەوەدانی رێبەری ئەلڕیفی (١٩٢٦)و سەرەتای ناڕەزایەتییەکان دژی دەستبەسەرداگرتنی هێزی کۆڵۆنیالی بۆ هەرێمەکانی مکناس‌و تادلا...وایکرد شۆڕشی ئەلڕیف ببێتە رووداوێکی هاوچەرخ لە جەرگەی سەدەی بیستەمدا. ئایا ئەمە راستە؟ ئایا لێکدانەوە لەگەڵ رەوتی گەشەکردنە مێژووییەکەدا دەگوزەرێت یاخود بەهۆی ئامرازی زۆر زیرەکانە کار بۆ بەلاڕێدابردنی دەکات؟ ئەگەر ئەمە بەڕاستیی دروست بێت، ئایا مانایەك بۆ جیاوازیی لەنێوان خۆڕاگریی هەرەمەکیی و نیشتیمانپەروەریی هاوچەرخدا دەمێنێتەوە.؟" هەربۆیە ئەلعەروی پێیوایە کە شۆڕشی ئەلڕیف بخرێتە چوارچێوە سوننەتییەکەیەوە، وێڕای ئەوەی کە چەندین تایبەتمەندیی هاوچەرخی تێدایە. مەبەستی ئەو لە سوننەتی "چوارچێوە خۆجێیە چیاییەکەی ئەلریف"ە[20]، کە هەمیشە دژی داگیرکەران لە شۆڕشێکی بەردەوامدا بووە.

ئێمە وادەبینین کە پرسیارەکانی ئەلعەروی لەشوێنی خۆیدایەو ئەوەی دەیڵێت هەموو ئەو شۆڕشانەی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە کە

[20] عبدالله العروي، مجمل تأريخ المغرب، (الدار البيضاء- بيروت: المركز الثقافي العربي، ٢٠٠٧)، ص ٦٠٢.

ماناى هاوچەرخى چەمكى شۆڕشیان پێوەلكاندون، لەكاتێكدا ئەوانە لەوكاتەدا زیاتر لەمانا زمانییەكەیەوە(واتە هەژان) نزیكبوون.

بەڵام ئەوەى تێگەیشتنى ئەستەمە، ئەو پرسیارە گوماناوییانەن، كە لە میدیاكاندا سەبارەت بە شۆڕشە عەرەبییەكانى ئێستا بەربڵاون، ئەوەى بەشێوەیەكى تایبەت ئەو رۆشنبیرانە دەیورووژێنن، كە رۆژانێك بەر لە ئێستا چەپ بوون و هێشتا هێندێك لەچەمكە چەپەكانیان لاى خۆیان پاراستووە، ئەوانە بەهەر هۆیەك بێت، وانابینن كە شۆڕشە عەرەبییەكان شایەنى ئەوەبن چەمكى شۆڕشیان بخرێتەسەر، لەبەرئەوەى نازانن، یان خۆیان لە ماناى ئەم چەمكە عەرەبییە تاڕادەیەك ساكارە لادەدەن، ئەوەى شۆڕشە عەرەبییەكان لەڕووى سیاسیى و شارستانییەوە تێیدەپەڕێنێت. هەروەها ئەوانە تەنیا هێندێك شۆڕشى دیارییكراوى وەك شۆڕشى ئۆكتۆبەرو شۆڕشى فەرەنسیى دەزانن، شۆڕشە عەرەبییەكان لە شۆڕشى فەرەنسیى نزیكترن، وێڕاى ئەوەى ئەوان لەشۆڕشى فەرەنسیى جەماوەرییترن، بەڵام لەو كەمتر دابەشبوونیان پێوەدیارە.

تێكڕاى نەرێیى و ئەرێییەكانى جووڵانەوەى گۆڕانى ئێستا لە نیشتیمانى عەرەبییدا، لە "**عدم نخبويتها**/بژاردەیى نەبوونییەوە" سەرچاوە دەگرێت، واتە دەرچوونى بەشێكى زۆر فراوان لە گەل بۆ نێو فەزاى گشتیى، واتە بۆ نێو سیاسەت. هەروەها بەشداریى جەماوەریى عەرەبیى لەو شۆڕشانەدا بەشدارییەكى فراوانە بە بەراورد بە هەر شۆڕشێكى ناسراوى دیكە لە مێژوودا. لەلایەن هێندێك لە رۆشنبیرانیشەوە هەڵوێستێكى نەرێیى لە شۆڕشە عەرەبییەكان هەن. ئەوانە هەڵوێستى نەرێیى خۆیان سەبارەت بە جووڵانەوەى گەل



بەئاشكرا دەرنابڕن، بەڵكو شۆڕشەكان دەكەنە چەمكێكى نموونەیى باڵا (تەنانەت شاعیرییش)، یان چەمكێكى سۆسیۆلۆجیى دیارییكراوى پێشینەو جووڵانەوەى گۆڕانى جەماوەرى عەرەبیى بەگوێرەى ئەم چەمكە دادگایى دەكەن كە دروستكراوى خەیاڵى خۆیانەو "ئیلهام"ى شۆڕشەكانى دیكەیە.

## شۆڕش، كودەتا، چاكسازیى

وێڕاى ئەوە، بەهۆى هەموو ئەمەشەوە، پێویستە لانیكەم هەوڵى وردكاریى سنوورى چەمكى هاوچەرخ لە بوارى سیاسییدا بدرێت، بەجۆرێك نەبێتە دیارییكردنێكى ئایدیۆلۆجى، كە شۆڕش بكاتە كارێكى ئەرێنیى یان نموونەیى باڵا، یان بیكاتە ئاژاوەو پشێویى و مەترسییەك بۆسەر گەلان و مرۆڤایەتیى. **مەبەست لە شۆڕش بریتییەلە جووڵانەوەیەكى جەماوەریى بەرفراوان لەدەرەوەى ئەوبونیادە دەستوورییەى كە هەیە، یاخود لەدەرەوەى رەوایەتیى، كە ئامانجى خۆى لە گۆڕینى سیستمى حوكمداریى وەخت لە دەوڵەتدا دەبینێتەوە.**
بەم مانایە، شۆڕش بریتییەلە جووڵانەوەیەك بۆ گۆڕان لە رەوایەتیى سیاسیى وەخت، كە دانى پێدا نانێت و دەیگۆڕێت بە رەوایەتییەكى نوێ.

ئەم پێناسەیە، شۆڕش لە (**الانقلاب العسكري**/ كودەتاى سەربازیى) جیادەكاتەوە بەعەرەبیى سەردەمەكەمان، چونكە ئەوەى دواییان رەنگدانەوەى جووڵانێكى جەماوەریى ناكاتە پێویست، بەڵام ئەگەرەكە

به كراوەیی جێدەهێڵێت كه كودەتایەكی سەربازیی پێكبێت‌و لەلایەن جەماوەرەوە پشتگیریی لێبكرێت‌و ئامانجی گۆڕینی سیستمی حوكم بێت. هەروەها شۆڕش لە (**الانتفاضة الاحتجاجية الشعبية**/راپەڕینی نارەزایەتیی جەماوەریی) یان (**التمردات**/یاخییبوون)ە جۆربەجۆرەكان جیادەكاتەوە لەحاڵەتێكدا كە مەسەلەی گۆڕینی سیستمی وەخت نەیێنێتە بەر باس.

دژبەرییەكی زمانیی لەنێوان هەردوو چەمكی "كودەتا"و" شۆڕش"دا هەیە. هەروەك لەرێگەی گەڕانەوە بۆ لیسان ئەلعەرەب دەركەوت كە مانای شۆڕش بە عەرەبیی هەمان ماناو هێمای "revolution" هەڵناگرێت•، تائەوكاتەی بەودواییە بۆتە چەمكێكی گەشەسەندوو، بەڵام ئەم چەمكە بۆخۆی لەمێژووی عەرەبییدا مانای "revolution"ی نەدەگەیاند، نە بە گوێرەی بنەما زانستییەكەی، نە بە گوێرەی رەهەندی فەرهەنگیی‌و كۆمەڵایەتیی‌و سیاسیی، بەڵكو هەر مانا دیارییكراوە پێشووەكەی خۆی بەدەستەوە دەدا كە " هەژان"و "هەڵكوتانەسەر"ە. ئەوەی نامۆیە ئەوەیە كە چەمكی "انقلاب/ژێرەرو ژوور یان كودەتا" بەمانای گۆڕین، تەنانەت لە بنەما زمانییەكەیەوە، لە چەمكی بەكارهاتووی شۆڕش لەم سەردەمەماندا نزیكترە.

ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاكێشە ئەوەیە كە توركان‌و فارسەكان چەمكی "انقلاب"ی عەرەبییان بۆ دەربڕین سەبارەت بە "شۆڕش" بە هێما

---

• لە زمانی ئینگلیزییدا وشەی (revolt) پڕبەپێستی وشەی "الثورة"ی عەرەبیی‌و "شۆڕش"ی كوردییە، بەمانا زمانییە سەرەتاییەكەی.(واتە هەژان‌و راپەڕینی توندوتیژی خەڵكی ناڕازیی دژ بە سەركوتكارانی)



كۆمەڵایەتیی‌و سیاسییەكەی كە مانای گۆڕینی ریشەیی‌و گواستنەوەیە لە دۆخێكەوە بۆ دۆخێكی دیكە ( بۆ نموونە لە حوكمی سوڵتانییەوە بۆ حوكمی دەستووریی ) بەكارهێناوە، دەوترێت:" انقلاب دەستوری" بەواتای شۆڕشی دەستووریی، هەروەها "انقلابی اسلامی" بەواتای شۆڕشی ئیسلامیی. فارس‌و تورك، چەمكی "انقلاب"ی عەرەبییان وەرگرتووە بۆ هێماكردن بۆ شۆڕش، لەبەرئەوەی كە زیاتر لە چەمكی "الثورة" كە حاڵەتی توڕەیی‌و هەژان دەگەیەنێت، مانای گۆڕینی سیستمی سیاسیی دەگەیەنێت. لەوەدەچێت فارس‌و تورك، چەمكی "انقلاب" یان لە شوێن‌و بەمانایەكی گونجاو بەكارهێنابێت، لەكاتێكدا عەرەب ئەم چەمكەی بەمانا هەندەكییەكەیەوە بەكارهێناوەو لە "كودەتای سەربازییدا"! كورتیانكردۆتەوە، بەوەش وەك چەمكێكی نەرێیی، چۆتەنێو عەرەبیی هاوچەرخەوە، لەبەرئەوەی مانای ژێرەوژووركردنی سیستمی فەرمانڕەوایەتیی دەگەیاند بەو چەشنەی كە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بڵاوبوو، كە ئەویش كودەتای سەربازییە.

لەوەی رابورد ئەنجامگیریی دەكەین، كە كاتێك ئێمە دەستدەكەین بەوەی شۆڕش لە زاراوە یان وشەیەكەوە، كە دیاردەگەلێكی جۆراوجۆر یان هاوشێوە وەسفدەكات، بەبێ وردكارییەكی زانستیی بگۆڕین بۆ چەمكێك حوكمی بەرهەمهێنانی هزرەكان بكات، یان رۆڵ لە بنیاتنانی دركبینییەكانیدا بكات، ئەوە دەبێتە ئەركی ئێمە كە لە نزیكترین دیاردەكان لێیەوە جیای بكەینەوە. ئەوەی بریتییە لەو دیاردە تایبەتمەندانەی سیستمە سیاسییەكان یان ئەو جووڵانەوانەی دەبنەهۆی ئەوە. لە دیدگای سۆسیۆلۆجییەوە، دیاردەیەكی

کۆمەڵایەتیی کە پەیوەندیی بە گۆڕینی سیستەمی سیاسییەوە لەرێی کارێکی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ئەوەیە کە بەتەنیا دوور لەوانی دیکە نییە. لێرەوەیە کە شۆڕش لە چاکسازیی ( Reform or Reformation)و هەروەها کودەتای سەربازیی و جووڵانەوە یاخیبوون و راپەڕین و هەراکان، جیادەکەینەوە. ئەوانەی دیاردەگەلێکی تێکهەڵکێشن و دەشێت یەکێکیان ببێتەهۆی روودانی ئەوی دیکە، لەوانەیە یاخیبوونێکی جەماوەریی ببێتە هۆی روودانی کودەتایەك لە سیستمێکدا، هەروەها دەشێت یاخیبوونێك ببێتەهۆی چاکسازیی لە سیستمێکدا، پێچەوانەکەشی راستە.

هزری چاکسازیی، لە جووڵانەوەی چاکسازیی ئاینیی پرۆتستانتی لە سەدەی شازدەیەمدا هاتووە. هەروەك زانراوە، جووڵانەوەی چاکسازیی ئاینیی لەو کاتەدا بووەهۆی ململانێ و جەنگێکی مەزن لە نێو ئەوروپای کریستیانیی کاسۆلیکیدا، و ئیمپراتۆریی رۆمانیی پیرۆزی بەرتەسك کردەوەو هەردوو دەسەڵاتی پاپا و ئیمپراتۆری ناچارکرد دان بە کڵێسا نەتەوەییە نوێکان و پەرتبووەکاندا بنێت، دیارترینی ئەم جەنگانە، بریتیبوو لە جەنگی سەد ساڵە و جەنگی دە ساڵە. مەبەست لە چاکسازیی ئاینیی لەکاتی خۆیدا، بریتیبوو لە چاکسازیی کڵێسا و راستکردنەوەی دیدگای ئەو دەزگایە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان خوداو تاکی بڕوادار، چاکسازیی، جەختی لە یەکسانیی نێوان تاکەکان لەبەردەم خواوەندا کردەوە، بەچەشنێك کە هیچ کەس بۆی نەبێت خۆی وەك نێوەند لەنێوان خوداو بڕوادارانددا قوتبکاتەوە، ئەوەی پێگەی ئاینیی و کۆمەڵایەتیی ئەکلیرۆسی رەتکردەوەو پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کڵێساشی لەرزاند.



پاش ئەوە، زاراوەی چاکسازیی گەڕایەوەو بەتەواویی بەرەو جیهانی سیاسەت گواسترایەوە، لەگەڵ جووڵانەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی و جووڵانەوەی کرێکاریی لە ئەوروپا و دەرکەوتنی بژارەکانی لەنێوان چاکسازیی و شۆڕشدا، ئەوەی ناونیشانی وتارێکە کە رۆزا لۆکسمبۆرگ ( ١٨٧١-١٩١٩ ) لە وەڵامێکیدا بۆ هەڵوێستەکانی ئێدوارد بێرنشتاین ( ١٨٥٠-١٩٣٢ ) نووسیویەتی. وتارەکە لە ساڵی ١٩٠٠دا بەناونیشانی " شۆڕش یان چاکسازیی کۆمەڵایەتیی/ Sozial-Reform oder Revolution"بڵاوکراوەتەوە. بێرنشتاین کە لە لەندەن لەگەڵ مارکس و ئنجلزدا سەروکاری هەبوو، لەنێوان ساڵانی ١٨٩٦و ١٨٩٨دا زنجیرەیەك وتاری بەناونیشانی "پرسگەلێگی سۆشیالیستی" بڵاوکردەوە، پاش ئەوەی کتێبی "بنەماکانی سۆشیالیستی و ئەرکەکانی سۆشیالیستی دیموکراتی" لەساڵی ١٨٩٩دا، بڵاوکردەوە. ئەم وتارانە، دەرکەی مشتومڕێکی لەبارەی (Revisionism / پێداچوونەوە یان ریڤیژنیزم) کردەوە، کە لەمێژووی سۆشیالیستیدا بەناوبانگە ( ئەوەی لەلایەن شیوعییەکان و خانەی پێشکەوتن لە مۆسکۆ وەك سەرزەنشێك بە "التحريفية/ لادانگەرایی" وەرگێڕاوە). ئەم مشتومڕە بەرجەستەی قەیرانێك دەکات کە جووڵانەوەی کرێکاریی تووشی ببوو، ئەوەی خۆی لە چەقبەستنی خولیا مێژووییەکەدا دەبینییەوە بۆ زێدەبوونی توندیی جەمسەرگەری کۆمەڵایەتیی و ئابووریی لەنێوان دوو چیندا: چینی سەرمایەداریی و چینی کرێکاری پیشەسازیی، هەروەها پەرەگرتنی چینی ناوەڕاست لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەدارییدا، و ئەگەری گۆڕینی پلەبەپلە، لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریی وەختدا، لەپێناو لەخۆگرتنی

داواكارییە سەندیكاییەكان‌و مافە كرێكارییەكان(سۆشیالیستیەكان)، ئەوەی رێگایەكە، لەو شۆڕشانە بێوەیترە كە دەرفەتی روودانیان لە سیستمە سەرمایەدارییە پێشكەوتووەكاندا كەمبووەوە، بەپێچەوانەی پێشبینییەكانی كارل ماركسەوە. ئەمەش بۆچوونی ئێدوارد بێرنشتاین بوو دژی كارل كاوتسكی(Karl Kautsky)و ئۆگست بایبێل (August Bibel)و كارل لیبنخت (Karl Liebknect) و باقی دیكەی رێبەرایەتیی مێژوویی سۆشیالیستی دیموكراتی ئەڵمانیی. ئەم ئیشكالیەتە–بەشێوەیەكی گشتیی– بووەهۆی هاندانی پەرتبوونەكانی نێو جووڵانەوە كرێكارییەكان بۆ پارتە كۆمۆنیستەكان‌و سۆشیال دیموكراتەكانی دیكە. ئەو مشتومڕەی كە لەنێو رێكخراوی پارتە كرێكارییەكاندا ( ئەنتەرناسیۆنالیستی دووەم ) ورووژێنراو بێرنشتاین رێبەرایەتیی كرد، پاشتر كاوتسكی بەدوایداهات‌و پاش چەند ساڵێك لە جنێوفرۆشییە بەناوبانگەكانی خۆی دژبە لینین گلا، لەكاتێكدا لینین لە رێبەرایەتییكردنی بلۆكی دژبەر وەستا، و ئەنتەرناسیۆنالیستی دووەمی (كۆمێنترن) لەساڵی ١٩١٩دا، دامەزراند. لێرەوە ئەو رووبەڕووبوونەوەیەی نێوان چاكسازییخوازەكان(سۆشیالیستەكان بەهەموو جۆرەكانیانەوە)و شۆڕشگێڕەكان (كۆمۆنیستەكان بەهەموو شێوەكانیانەوە) هاتەكایەوە.

هیچ پاساوێك نییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی نێوان چەمكی چاكسازیی‌و شۆڕش، وەك ئەوەی دوو شتی دژبەیەك بن، تەنیا ئەو ناكۆكییەی نێو ماركسیزم نەبێت، ئەوەی لەم سەردەمەی ئێستاماندا بۆتە مشتومڕێكی لاوەكیی، ئیدی شۆڕشگێڕ، وەك دوایی دەردەكەوێت، پێویستە چاكسازییخواز بێت‌و دواجاریش رێبەرایەتیی چاكسازیی



بكات، چاكسازییخوازیش دەشێت رێبەرایەتیی وەرچەرخانێكی شۆڕشگێڕانە بكات. بەڵام ئەو شۆڕشگێڕەی تەواوی ئەوشتانە رەتدەكاتەوە كە هەن‌و چاكسازیشی قبووڵ نییە، ئەوە زۆربەی جار بەرەو ئایدیۆلۆجییەكی توتالیتارو بەرەو ستەمكارییەكی نوێ ملدەنێت، یاخود رووەدەكاتە گرتنەبەری هەڵوێستێكی كۆنەپارێزی دژ بە شۆڕش كە روویەكی دیكەی پوچگەرایییە. لەسەدەی نۆزدەیەمدا، لە ئەوروپا، ئەلتەرناتیڤێكی دیكە هەبوو، ئەو ئەلتەرناتیڤەش رەوتی ئەنارشیستی بوو كە بە ناوی تیۆرسینە شۆڕشگێڕە پرۆفیشناڵەكەیەوە، میخائیل باكۆنین (١٨١٤–١٨٧٦)، پەیوەستبوو. لێرەدا شۆڕشی رووت دەبینینەوە، ئەوەی دەبێتەهۆی بژارەی رەتكردنەوەی هەر سیستمێك لە فەرمانڕەوایەتییدا بەوپێیەی سیستمێكی سەركوتكارە.

لەوانەشە چاكسازیی جۆرە خەڵەتاندن‌و چەواشەكارییەك بێت بۆ پاراستنی حوكم، هەروەك لە هێندێك لە وڵاتانی عەرەبییدا هەیە، كە تێیدا چاكسازیی بۆ هەڵمژینی ناڕەزایەتیی جەماوەر بەڕێوەدەچێت، و جگەلە هێندێك دامەزراوەی لاوەكیی لەدەرەوەی بڕیارسازیی، زیاتر تێپەڕناكات، یاخود جەوهەرێكی وتارئامێزی هەیە بۆ تێپەڕاندی قەیرانێك. بەڵام چاكسازیی، گەر ریشەیی بێت،هەردەبێت ببێتەهۆی پرۆسەی گۆڕانكاریی.

هەر چاكسازییەكی جیددیی، لە بنەڕەتدا بیرۆكەی جۆرە گەڕانەوەیەكە بۆ ریشەیەكی بنەڕەتیی، یاخود بۆ بنەماكان،و دانانی رێسا و ترادسیۆنەكانی وەخت تەنیا وەك لێكدانەوەگەلێك بۆ ئەم بنەمایانە. كاتێك ئەم رێسا و ترادسیۆنانەی زادەی بنەماكانن، تا ئەو

رادەیە تووشی چەقبەستوویی دەبن کە بەبۆچوونی چاکسازییخوازەکان لەگەڵ ریشەو بنەماکاندا دژو ناکۆکە، بەوەش واپێویست دەکات کە رەتبکرێنەوەو بگەڕێنەوە بۆ بنەماکان لەپێناو سوننەتێکی نویٚ لەو بنەمایانەوە. واتە هەر چاکسازییەك –بەجۆرە مانایەك– جۆرێك لە بونیادگەرایی دەگرێتەخۆی، لەبەرئەوەی بنەماکان تێناپەڕێنێت، بەڵکو ئەو هەلومەرجەی کە هەیە، بەو پاساوەی ئەو رەوشەی هەیە لەگەڵ تێگەیشتنێکی رەپ‌و راستدا بۆ بنەماکان ناگونجێت.

ئەمە بەسەر جووڵانەوەکانی چاکسازیی ئاینیی پرۆتستانتیدا جێبەجێدەکرێت، هەروەها بەسەر جووڵانەوەی چاکسازیی ئیسلامییش لە سەدەی نۆزدەیەمدا. هەروەها، دەگونجێت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەسەر سیاسەتیشدا جێبەجێبکرێت. چاکسازیی سیاسیی، ئەو بنەمایانە رەتناکاتەوە کە سیستمەکە لەسەری راوەستاوە، بەڵکو چاکسازیی، بونیادە سیاسییە پەککەوتووەکان، بە لێکدانەوەیەکی هەڵە بۆ بنەماکان لەقەڵەمدەدات. لێرەشەوە، ئەو بۆ قۆناغی دامەزراندن‌و راگەیاندنی دەوڵەت، یاخود بۆ یەکەمین بەرنامەی پارتی فەرمانڕەوا دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی روونیبکاتەوە کە سیستمەکە لەو بنەمایانە لایداوە کە بۆی دانراوە. ئەوەی وەك باوە رووبەڕووی هزرێکی پاساوخوازانە یان زانینێك دەبێتەوە کە بەرگریی لە بونیادە دامەزراوەکان دەکات وەك ئەوەی کە بنەما بێت. بۆ نموونە، لە دۆخی جووڵانەوەی سۆشیالیستیدا، جووڵانەوەکانی چاکسازیی لە رەوتی سۆشیالیستیدا، شۆڕشە پرۆلیتارییەکان تەنیا وەك ئامرازێك لەقەڵەم دەدات‌و ناکرێت بکرێنە بت، قەیدی نییە بۆ بنەماکانی هزری سۆشیالیستی وەرچەرخێت کە خۆی لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی



دەبینێتەوە، و ئەوە ببینێت ئیمکانی ئەوە هەیە کە بگاتە ئەوەی کە بەشێوەیەکی دیکە غەیری شۆڕش لەگەڵیدا بگونجێت، ئەوەی کە لەگەڵ دەستکەوتە هاوچەرخەکانی دیکەی وەك مافە مەدەنییەکان‌و شتی دیکە ناکۆك نییە.

بەڵام شۆڕش وادەبینێت، کە لەچوارچێوەی سیستمی وەختدا چاکسازیی مومکین نییە، بەڵکو پێویستە سیستمەکە بەتەواویی بگۆڕێت‌و سیستمێکی نویٚ لەسەر بنەماگەلێکی تازە دابمەزرێت. ئەمەش لەڕاستییدا جیاکارییەکی پێناسەیی، زاراوەییە، واتا هەڵقوڵاوی پێناسەی ئێمەیە بۆ وشەکە وەك چەمکێك. ئەم پێناسەیەش سەبارەت بە تەتەڵەکردنی دیاردەکان هاوکاریمان دەکات. بەڵام ماناکە تەنیا لەڕاستییدا بەم شێوەیە نییە، چونکە شۆڕش، وەك بینیمان، ئامانجی گۆڕینێکی ریشەییەو ئەم دروشمەش بەرزدەکاتەوە. بەڵام ئەویش بە پرۆسەی چاکسازیی کۆتاییدێت کە وەك شتێکی تەواو نویٚ دەیبینێت، هەروەها وەك بەشێك لەو سیستمی وەختەی دەبینێت کە لەگەڵ بنەما گریمانەکانی سیستمەکەدا ناکۆك نییە. ئیدی لێرەدا، بۆ خۆبەدوورگرتن لە ناکۆکییەکانی چەمکەکەو بۆ رزگارکردنی شیاوییەکەی، ئەوانەی دەستیان بە پێناسەی شۆڕشەوە وەك پێناسەیەکی ناکۆك بە چاکسازییدا گرتووە، پەنا دەبەنە بەر ئەو گوتەیەی: " ئەو شۆڕشەی ببێتەهۆی چاکسازیی سیستمەکە، شۆڕشێکی تەواو نییە، یاخود شۆڕشێکی راستیینە نییە، هەروەها لەوانەیە بەکاریگەرییەکی کۆنەپەرستانە حوکمی بەسەردا بدرێت بەوەی کە هەر لە بنەڕەتدا شۆڕش نەبووە. بەڵام ئەم مشتومڕە"تێرمینۆلۆجیی/چەمکناسیی"ەی دوایی سەبارەت بە

پێناسەی "راستیینە"و چەمکی "راستیینە"و "ناڕاستیینە"، وادەکات لەرووی کرداریییەوە بێسوود بێت، هەروەها لەڕووی زانستیشەوە.

بەهەرحاڵ، ئەستەمە تەسلیم بەوەبین، کە هەر چاکسازییەك گەڕانەوە بۆ بنەمایەك لە بنەماکان ناگرێتەخۆ، هەروەها هیچ شۆڕشێکیش نییە بەزەرورەت هیچ یەك لەو بنەمایانە نەگرێتەخۆ، لەهەر جووڵانەوەیەکی چاکسازیی جیددییدا، رەگەزگەلێکی شۆڕشگێڕانە هەیە، هەر شۆڕشێکیش بە رووخانو پشێوییەوە ناوەستێت، و ئیمکان نییە رەگەزگەلێکی چاکسازیی تێدا نەبینینەوە. زۆربەی جار شۆڕشەکان "بنەماکانی دیکەی" سیستمی وەخت دەژێنێتەوە، کە لەکاتی فەرمانڕەوایەتییکردنی دەوڵەتێکی نیشتیمانییدا، یاخود لەکاتی بنیاتنانییدا، پشتی پێوەدەدات.

سەبارەت بە کودەتا، ئاشکرایە کە مەبەست لێی ئەوەیە کە لەنێو سیستمی وەختو لەسەردەستی بەشێك لە بژاردەی فەرمانڕەوا یاخود بەشێك لە دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایەتییەکە بەرێوەدەچێت، لەوانە دامەزراوەی سوپا یان بەشێك لێی، ئەوەی دەبێتە هۆی دابەشکردنەوەیەکی نوێی دەسەڵات، لەنێوخۆی سیستمەکە خۆیدا. بەڵام مێژوو لەو کودەتایانە بەدەر نییە، کە بژارە سیاسییەکان ناچاریانکردووە گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیستمەکەدات بکات، بەم هۆیەشەوە ناوی "شۆڕش"یان لێنراوە، یان بۆخۆیان ئەو ناوەیان لەخۆیان ناوە. رەوشەکە لەحاڵەتی یاخییبوونو نافەرمانییو راپەڕینەکاندا ئاسانترە، چونکە هەر لەسەرەتاوە مامەڵە لەگەڵ جووڵانەوەگەلێکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان دەکەین کە لەسەر



رەتکردنەوەی سیاسەتگەلێکی دیارییکراو راوەستاوە، یاخود دژی سیاسەتو کەموکورتییو ستەمێکی دیارییکراو لە سیستمەکەدا، دەنگی ناڕەزایەتیی هەڵبڕیوە. نافەرمانییو یاخییبوون لەپێناو داواکردنی گۆڕینی ئەو سیاسەتانەدا دەقەومێت، دەشێت ئەوانە زۆر بەفراوانو توندوتیژیش بن. هەروەك زانراوە، هێندێکجار، نافەرمانیی سنووری خۆی تێدەپەڕێنێت، کاتێك دەگاتە ئەوەی داوای گۆڕینی تەواویی سیستمەکە بکات، ئەویش یان بەهۆی ئەوەی کە سیستمەکە ئەو گۆڕینە هەندەکییە رەتدەکاتەوە کە یاخییەکان داوای دەکەن، یاخود بەوهۆیەوە کە یاخییەکان هەست بەهێزی خۆیان دەکەنو لەسەرئەوە سووردەبن کە رووەو شۆڕش ملبنێن. ئالێرەدا باسی دیاردەیەك دەکەین کە بۆخۆی لەئارادایە، یان قۆناغێك لە قۆناغەکانی شۆڕشی سیاسیی.

شۆڕش بەم مانا دیارو بەرجەستەیەیەوە، دیاردەیەکی رادیکاڵی هاوچەرخە، کە لەسەر نوێکردنەوەو نوێخوازیی راوەستاوە. هەروەها بەدوای نوێخوازییدا وێڵەو خۆشی وەك نوێکارێك لەقەڵەمدەدات، ئەوەش بە پێچەوانەی ئەوەی فەیلەسوفە یۆنانییەکان ناویان لێناوە شۆڕشەکان. لەکن ئەوان شۆڕشەکان بەرجەستەی خولێکی چەندبارەوەبووی گۆڕینی سیستمەکانە. تەنانەت ئەو کاتەشی شۆڕشەکان دەبنەهۆی گۆڕینی سیستم، ئەوا لەم دۆخەدا جووڵانەوەیەکی بازنەیی لە هەڵکشانی سیستمێكو دواتر داکشانی پێکدەهێنێت، بێئەوەی هیچ شتێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتییدا بێنێتەکایەوە. لەوانەیە ئەمە ریشەی بەکارهێنانی وشەی "Revolution" بێت وەك دەربڕینێك سەبارەت بە ئاراستەی

جوولانەوەی ئەستێرەکان، کە تێیدا گەڕانەوەیەکی هەتاهەتاییە بۆ هەمان خاڵی دەستپێکردن. ئەوەش ئەو لێکدانەوە "دژبەرەو ئاڵۆزە" فەلسەفیی و وێناییە داڕێژراوە نییە کە هانا ئاردنێت بە ناونانی شۆڕشی بەخشیوە، وەك دەربڕینێك لەبارەی حەتمییەتی سەرکەوتن کە هاوشێوەی حەتمییەتی جوولانەوەی ئەستێرەکانە.

## الجدة وةالتجديد/نوێبوونەوەو نوێخوازیی

دەتوانرێت بوترێت، کە هەردوو ڕەگەزی نوێبوونەوەو رادیکاڵیی لە شۆڕشداو پەسەندنەکردنی بوونی دەسەڵاتێك لەسەروو دەوڵەتو کۆمەڵگا کە پاساوی سیستمی وەخت بکات، تێکڕای ئەوانە مەسەلەی سێکیولاریزمی هاوچەرخە،[21] تەنانەت گەر بێتو لە قاڵبێکی ئاینییشدا دابڕێژرێتەوە. شۆڕش ڕەتکردنەوەی بوونی پاساودانێکی چەسپاوی سیستمی وەخت دەگرێتەخۆ، و شۆڕشی نوێ، سیستمێکی هەرەمیی پەسەند ناکات کە وەك مەسەلەیەکی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەك سیستمێك کە جیاوازیی نێوان حاکمو مەحکوم، بکاتە جەوهەری پێدانێکی سروشتی یان سیستمێکی پیرۆز کە هەڵقولاوی سیستمێکی خودایی بێت بۆ گەردون، بەچەشنێك تێکستو پەیڕەوێك بیپارێزێت کە بۆنموونە لەلایەن دامەزراوەیەکی ئاینییەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. بۆ یەکەمجار، واپێدەچێت کە ئەم وتەیە مانای ئەوەبێت، کە شۆڕشە

---
[21] C Briton, Anatomy of Revolution, ( NY: Vintag Book: 1995 ) PP 275, 285.



ئاینییەکان شۆڕش نەبوون، لەڕاستییدا مانای ئەوەیە کە یاخیبوونە مێژووییەکانی پێش مۆدێرنە شۆڕش نەبوون، هەروەك لە شۆڕشی فەرەنسییەوە بەرەوسەر، لەشۆڕش دەگەین ، ئنجا وتارەکانو هاندەرەکانی ئاینیی بوون یان نائاینیی. ئەوەی بەهەرحاڵ خاوەنەکانیان ناوی دیکەیان لێناوە. لەکاتێکدا ئەوانە ناوی شۆڕشیان لێنراوە مەبەست لێیان بریتیبووە لە دۆخی یاخیبوونو هەژان. بەڵام شۆڕشی نوێ مەسەلەیەکی سێکیولارە تەنانەت گەر بێتو ئاینییش بێت، لەبەرئەوەی ئاینیی لێرەدا بوونی پرۆسەیەکی سێکیولاریزەی پێشینە بۆی دەکاتە گریمانە، **یەکەم** لەبەرئەوەی پاش ئەوە دێت کە پیرۆزیی لە سیستمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی وەخت دادەماڵێت، ئەوەی وادەکات شۆڕشکردن دژبەو سیستمە ئەرێ بکات، **دووەم** لەبەرئەوەی گریمانەی ئەوەدەکات کە پێویستە خەڵك بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان، لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە نیشتیمانییەی کە هەیە، دیارییبکەن، تەنانەت گەر ئەوەش بەشێوەیەکی ئاینیی دابڕێژن، چونکە دەوڵەتی نیشتیمانیی مەسەلەیەکی نوێو قەوارەیەکی سێکیولارە، سێیەم ئەوەیە کە پێشتر پرۆسەیەکی سێکیولاریزە وای لە وتاری ئاینیی کردووە بە سیاسەت بارگاوی بێت، یان هەوڵی ئەوەبدات سەرلەنوێ بگەڕێتەوە سەر شانۆی سیاسەت.

هانا ئاردێنت، کتێبەکەی خۆی "سەبارەت بە شۆڕش"، لەساڵی ١٩٦٣دا، لەسایەی شۆڕشە نوێکانی فەرەنسیی و ڕوسییدا نووسیوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەهێز، ئاوڕی لە شۆڕشی ئەمریکیی داوەتەوە. ئەو لەو کتێبەدا، کە کاتێك لە ئەمریکا دەژیاو دەینووسی، بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت " شۆڕشەکان تەنیا ڕووداوی سیاسیین ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوومان

دەبێتەوە بەشێوەیەك دەرفەتێكی نیە بە مەسەلەی سەرەتاوە، چونكە چەندە هەوڵبدەین پێناسەی شۆڕشەكان بكەین تەنیا ئەوەنین كە تەنیا گۆڕانكـاریی بـن"[22] ئەمـەش هـەروەها بەسـەر شۆڕشـە زانسـتییو هونەرییەكاندا جێبەجێدەبێت. بەكارهێنانی شۆڕش، هەمیشە قەڵەمباز دەگرێتەخۆ، نەك پلەبەندیی. ئەوەش ئەو جیاكارییە زمانییەیە كە لە ئیتگلیزییـدا لـەنێوان گەشـەكردنی پێكەوەپەیوەسـتو پلەبەپلـە (evolution/ ارتقاء) لەگەڵ ئەو قەڵەمبازە جۆراتییەی كەلەوەی پێش خـۆی دادەبڕێـت، واتـە شـۆڕش(revolution). هەریـەك لـە مـاركسو ئینجلزو دوای ئەوانیش لینین، وێڕای هەڵوێستی ئەرێنییان لە تیۆری گەشەكردنو پەرەسەندن لەلای داروین، هەوڵیانداوە دژ بەو بۆچوونەوە بوەستنەوە كە گەشەكردن تەنیا گۆڕانێكی پێكەوەپەیوەستو پلەبەپلە نییـە، ئـەوان هەوڵیانـدا جـەخت لـەوە بكەنـەوە كـە كەڵەكـەبوونی چەندایەتیی دەبێتەهۆی گۆڕانی چۆنایەتیی، لەرێگەی قەڵەبازەوە، ئەو قەڵـەمبازەش دیاردەیـەكی سروشـتییە، یـاخود بریتیەلـە دیاردەیـەكی سروشتیی هاوتەریب بە شۆڕش لە كۆمەڵگادا. ئەوەش یەك لە هەوڵە كەمە فەلسەفییەكانە لای ماركس بۆ هێنانەكایەی جۆرێك لە ئەنتۆلۆجیا " anthology /گوڵبژێركاریی" كە هاوتەریبی تیۆرە كۆمەڵایەتییەكانە بەپـشتبەستن بـە داروین، بـەڵام بـەگوێرەی لێكدانـەوە لەسـەر ئـەوەی دواییان.

شۆڕشە نوێیەكان بەهیچ شتێك بەشداریی لەگەڵ ئەو ناكۆكییانەدا ناكـەن كـە لەمێـژووی كـۆنی رۆمانـدا بـە " ناكۆكییـە ئەهلییـەكان"

[22] حنة ارندت، ص ٢٧.



نـاوبراوە، هـەروەها نـاتوانین شۆڕشـەكان بـە پێناسـەكەی ئـەفلاتون بـچوێنین كـە دەڵێـت:" شـۆڕش وەرچـەخانێكی نیمـچە سروشـتییە لـە شێوەیەك لـە شێوەكانی حكومـەت بـۆ شێوەیەكی دیكـە. ئـەم گۆڕینـە چـەندبارەبوونەوەیەكی بازنەییـە بەگشتیی شـتێكی نـوێ لەگـەڵ خـۆی ناهێنێت."سەدەكانی كۆن زانیارییـان سـەبارەت بـە گۆڕینی سیاسییو ئەو توندەتیژییـە هـەبوو كـە هـاوەڵی گۆڕینەكە بوو، بەڵام ئەو سەدانە وایان نەدەبینی كە ئەو گۆڕینەو توندەتیژییەكە دەتوانن شتێكی تـەواو نـوێ بێننەكایـەوە. پێدەچێت پێناسـەی شـۆڕش، بـەگوێرەی چـەمكە كۆنەكە، لەگەڵ پێناسە نوێیەكەدا دژ بوەستێتەوە، سـەبارەت بـەو رۆڵـە مەزنـەی كـە كێـشە كۆمەڵایەتییەكـە لـە تـەواوی شۆڕشـەكاندا بینیویەتی".[23]

شۆڕشـە نوێیـەكان، گـۆڕانێكی یەكبەدوایـەك لـە حوكمـدا نییـە بەگوێرەی خولێكی چەندبارەوەبوو، هەروەك ئەوەی لای بیرمەندەكانی فەلـسەفەی یۆنـانیی وەك ئـەفلاتونو ئەرسـتۆدا هـاتووە. هـەروەها خولێكی خەلدونیش نییە بەهۆی لەدەستدانی دەمارگیریی خێڵەكییەوە بۆ پشكووتنی یەكێكی دیكە، نە خولێكی بەردەوامیشە لە كۆچەرییەوە بۆ شارەكیبوون. ئەم بۆچوونانە وێڕای بایەخیان، بەتەواویی ئەگەری روودانی شتی نوێیان نەگرتۆتەخۆ. شۆڕش لەم سەردەمە نوێیەماندا بە نوێبوونەوەو دابڕان لە رەوتی گەشەكردنە مێژووییەكەوە پەیوەستە. ئەمە ئەو دابڕانەیە كە مژدەی هێنانی شتێكی نوێی پێیە.

[23] هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.

زۆر له کۆڵەران پێیانوایه، ئەوەی شۆڕشەکان لەوە جیادەکاتەوە کە تەنیا گۆڕینی حکومەت بێت ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە پەیوەستەیە بە پشکوتنی سیستمێکی ئابووریی نوێ. ئەمەیە کە بەڕاستیی شۆڕشە نوێیەکان جیادەکاتەوە. ئەم بۆچوونەش لە سوننەتەکانی کۆڵینەوە مارکسییەکانەوەیە کە تەنیا دوو شۆڕش بەم مانایەوە دەبینێت: شۆڕشی ١٤ی یۆلیۆی ١٧٨٩ی فەرەنسیی، و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی روسیی، بەپێچەوانەی ئەوەی کە باوە، ئەم بۆچوونە بۆ گۆڕینی حوکم نوێ نییە، فەیلەسوفەکانی یۆنانیی و لەپێش هەموویانەوە ئەرستۆ ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەیان وەك بنەمای گۆڕانکارییەکانی حوکم بینیوە. ئەوەی لای ئەرستۆو ئەفلاتون ئاشکرایە ئەوەیە، کە سەرنگونکردنی حکومەت لەلایەن دەوڵەمەندانەوە دەبێتە هۆی دامەزراندنی حکومەتی ئۆلیگارکی، بەڵام دیموکراتی زادەی کودەتایەکە کە هەژاران بەسەر دەوڵەمەندانیندا دەکەن. تەنانەت لەکاتی گەیشتنە دەسەڵاتی ملهوڕانیشدا، ئەوانە بە وەرگرتنی ڕەوایەتیی لە هەژارانەوە دێن کە لەسەر خواستی خەڵك بۆ یەکسانیی دامەزراوە. هێشتا ئەم تێڕوانینە لە سەردەمی نوێدا بەکارە لەحاڵەتەکانی ئەو ستەمکارییەی لەسەر وتاری دابەشکاریی ئابووریی دامەزراوە، هەروەها لەسەر ڕەوایەتیی یەکسانی خەڵك لە هەلومەرجەکاندا، ئایا دەستبەرکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکان دەگرێتەخۆ، یاخود بە نەبوونی مافە سیاسییەکانیان یەکسانیان دەکات. هەروەها دیدگای ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی ئابووریی لە پرۆسەی وەرچەرخانی سیستمە سیاسییەکاندا پێش سەردەمی نوێ هەبووە، بەڵام پێویستە لێرەدا ئەو جیاوازییە لەنێوان ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی لە



شۆڕشە سیاسییەکانداو لەگەڵ دانانی شۆڕشی سیاسیی وەك گۆڕینێك بۆ سیستمی ئابووریی ببینین.

ئەمەش، لە بیرۆکەی لێکدانەوەی چەپگەرایانەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسیی دێت، بەوەی کە وەك گواستنەوە لە سیستمێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دانراوە. لەڕاستییدا، ئەوەی لەتەواوی ناوچەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا، پەیوەندییە کشتوکاڵییە دەرەبەگایەتییەکان و جیاوکی دەزگا ناوەندییەکان و ئەو جیاوکە دەرەبەگایەتییانەی ڕەتکردەوە کەلەسەری دامەزراوە، بریتیبوو لە شۆڕشی فەرەنسیی، ئەوەش لەڕێگەی کاری ڕاستەوخۆوە بێت لە فەرەنسا، یاخود کاردانەوەیەك بێت لەدژی، یاخود لاساییکردنەوەی بێت، دواتر ئەم گۆڕانە لە شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨دا بەڕێوەچوو.[24]

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە شۆڕش لە سیاسەتدا تەنیا خۆی لە گۆڕینی سیستمی کۆمەڵایەتییدا ببینێتەوە، بەکارهێنانی وشەی شۆڕش بەبێ ئەم گۆڕانە لە سیستمی ئابووریی و کۆمەڵایەتییدا نابێت. گۆڕانی کۆمەڵایەتیی، گۆڕانێکی مێژوویییە کە قەڵەمبازی "شۆڕشگێڕانە"ی تێدەکەوێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی بونیادە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان. ئەوەی کە بەشێوەی شۆڕشی سیاسیی خۆی بەرجەستە دەکات، بەڵام مەرج نییە تەنیا لەڕێگەی شۆڕشە سیاسییەکانەوە ئەوە ڕوبدات. ئەمەش بەسەر ئابووریی و سیاسەتدا جێبەجێدەبێت. ئەگەر بمانەوێت سەبارەت بە لایەنی شۆڕشی سیاسیی

[24] ایریك هوبسباوم، عصر الثورة، اوروبا ١٧٨٩-١٨٤٨، ترجمة: فایز صیاغ، ط٢، ( بیروت: المنضمة العربیة للترجمة، ٢٩٩٨) ص ٧١.

لەپرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییدا پێداگرین، دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی، دەشێت بە شۆڕشێك یان زیاتردا تێپەڕێت، یاخود وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی پلەبەپلە، بێ شۆڕش بەڕێوەچێت. ئەگەر مەبەست لە شۆڕش قەڵەمبازێکی چۆنایەتیی بێت لە سیستمێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ یەکێکی دی، ئەوا لێرەدا شۆڕشەکانی تایبەت بە "شۆڕشی زانستیی"و " شۆڕشی پیشەسازیی" راست دێتەوە. لێرەدا مەبەست لە شۆڕش، هەروەك تۆماس کون ( Thomas Kuhn ) لە کتێبەکەیدا ( بونیادی شۆڕشە زانستییەکان ) دەریبڕیوە، قەڵەمبازێکی جۆرایەتیی یان چۆنایەتییە لە شێوازێکەوە بۆ یەکێکی دی، یاخود لە سیستمگەلێکەوە کە پارادیگمایەکی (نموونەی بالا/"paradigm") تێدا زاڵە بۆ سیستمگەلێکی دیکە کە نموونەیەکی دیکە زاڵبێت. هەروەها لایەنی نوێبوونەوەو گۆڕینی سیستمگەل‌و ئەو یاسایانەی بەڕێوەی دەبات، لە شۆڕشە زانستییەکانیشدا پایەدارە.

کاتێك چەمکی شۆڕشی پیشەسازیی بەکارهێنراوە، مەبەست لێی – هەروەك ئەوەی لە سیاسەتدایە– رووداوێك نەبووە کە سەرەتاو کۆتایی هەبێت، بەڵکو هەروەك سۆسیۆلۆجیستەکان تاکو ئەمڕۆ دەیڵێنەوە، گۆڕانێکی بەردەوام یان بزاوتێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بێگومان بە قەڵەمبازێك لەپاش کەڵەکەبوونێکی درێژخایەنی زانیاریی دەستپێکردووە. ئەو قەڵەمبازەی، کە لە سەدەکانی حەڤدەیەم‌و هەژدەیەمەوە روویداوە، بەڵام لەسەدەی هەژدەیەمدا، بەروونی لە کەوانەکەی دەرچوو، کە بونیاتی کۆمەڵایەتیی تێپەڕاند، هەروەها بەشێکیش لەو داتا سروشتییانەی کە هێزی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی کۆتوبەند کردبوو.



هەرگیز پێشتر روونەداوە، کە مرۆ بەم ئەندازە کۆنترۆڵە یاساکانی سروشت بۆ خزمەتی خۆی رامبکات لەپێناو دابینکردنی پێویستییە مادییەکان‌و بۆ بەرهەمهێنانی پێویستی نوێ کە لەگەڵ پرۆسەی گەشەکردنێکی ئاوادانکردنەوە دەستپێکرد کە هیچ کاتێك هێندە خێرا بەڕێوەنەچووە، ئەو گەشەکردنە هەنووکەییەی گەیشتە قۆناغی ئابووریی زانیاریی، شۆڕشی تیۆریی لە فەرەنسا پێش بریتانیا کەوت، لەکاتێکدا بریتانیا لە شۆڕشی پیشەسازییدا پێش فەرەنسا کەوت.

تۆماس کون ( Thomas Kuhn ) لە کتێبەکەیدا ( بونیادی شۆڕشە زانستییەکان ) ئاماژە بەوە دەکات، کە لێکچوونی مەجازیی لەنێوان وشەی شۆڕش لە هەردوو چەمکی "شۆڕشی زانستیی"و "شۆڕشی سیاسیی"دا هەیەو پرسیار دەکات: چ شتێك پاساوی هاوتەریبی ئەم بەکارهێنانەی وشەی "شۆڕش" دەدات؟ پێناسەی شۆڕشی زانستیی لەلای کون، لە راگواستنێکی کتوپڕدا کورتدەبێتەوە لە پارادیگمایەکەوە "paradigm" بۆ یەکێکی دیکە کە ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەوی دیکە. ئەوەی گۆشەنیگایەکی نوێی خستەسەر تیۆرێکی زانستیی لێکدانەوەیی، لە ئاسەواری لێکدانەوەی نوێ بۆ دیاردە نوێیەکان، پارادیگمایەکی نوێ لە لێکدانەوەی دیاردەکاندا دەردەکەوێت کە ئەو زانستە بەگشتیی بایەخی پێدەدات، لەوانەش تیۆرە نوێکان‌و یاسا نوێکانیش. ئەوەش گۆشەنیگایەکە لە پارادیگمایەکی بونیادی لێکدانەوەیی بۆ واقیع دەردەپەڕێت. لێکچوونەکە لێرەدا لەکوێدایە؟ لێکچوونەکە لە دوو شتدایە:

١- شۆڕشی سیاسیی، بە باڵادەستیی هەستێکی گشتیی دەستپێدەکات، یاخود بە بڵاوبوونەوەی وێناکردنو بۆچوونی نوێ لە کۆمەڵگایەکی سیاسییدا، بەوەی کە دامەزراوە سیاسییەکانی وەخت، چیدی ئەو توانایەی نییە رووبەڕووی ئەو گرفتو پرسانە ببێتەوە کە زادەی بونیادە سیاسییەکەن، ئەو پرسانەی کە زادەی کاری ئەو دامەزراوانەن. لەحاڵەتی شۆڕشی زانستییشدا، راگواستنەکە کاتێك روودەدات، پاش ئەوەی ئەو پارادیگمایەی کە هەیە، ناتوانێت ئەو دیاردانە لێکبداتەوە کە بۆخۆی بۆتەهۆی دۆزینەوەیان، یان بۆتە هۆی ئەوەی پەییان پێ ببرێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا قەیرانێك دێتەپێشەوە کە بوار بە هیچ شتێك نادات، جگە لە نکۆڵییکردن لە واقیعی نوێ، یان گۆڕینی ئامرازەکانی لێتێگەیشتنی.

٢- شۆڕشەکان، مل بۆ گۆڕینی دامەزراوە سیاسییەکان دەنێن، بە رێگاو بەهۆی ئامرازگەلێکەوە کە ئەو دامەزراوانە پێشگیریی لێدەکەن. وەك چۆن شۆڕشە زانستییەکە، ئەو پاساوانە رەتدەکاتەوە، کە پارادیگما زانستییە کۆنەکە بە زمانە کۆنەکەی پێشووی و بەمەبەستی بەرگریی لەخۆیو پاراستنی خۆی، پێشکەشی دەکات. بەهەمان شێوە، شۆڕشە سیاسییەکە، ئەو چەمکگەلو پاساوانە رەتدەکاتەوە کە بەرگریی لە دەستووری وەخت دەکات. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، گومانی تێدا نییە، کە هەر پارادیگمایەك لە زانستو هەر دەستوورێکیش لە سیاسەتدا، توانای ئەوەیان هەیە کە بە زمانی خۆیان بەرگریی لەخۆیان بکەن، لەبەرئەوەی زمانەکەی لەخودی خۆیەوە هەڵقوڵاوە، جێگای سەرسوڕمانیش نییە کە لێکیدەداتەوە، پاساوکاریی بۆ سیستمێك بە



زمانی خۆی، پاساوکارییەکی بازنەییە، هەربۆیە گومانی تێدا نییە کە توانای ئەوەی هەیە پاساوی بۆ بێنێتەوەو بەرگریی لێبکات. بەوهۆیەشەوە شۆڕشە زانستییەکە، لە پارادیگمای وەخت دەچێتەدەرەوە، و بە چەمکگەلێکی نوێوە کە هەڵقوڵاوی تیۆرە نوێکەیە، رێگەی ململانێ لەگەڵ کۆنەپارێزەکاندا دەگرێتەبەر. هەروەها شۆڕشی سیاسیی چەمکەکانی سیستمی سیاسیی وەخت رەتدەکاتەوە، و بە چەمکگەلێکی نوێوە کە هەڵقوڵاوی دیدگایەکی نوێیە، پاساوی خۆی دەدات.[25]

لەگەڵ دەستپێکردنی قەیرانە سیاسییەکە، تاکەکان وەك نامۆیەك بە سیستمە سیاسییەکە هەڵدەسوڕێن، کاتێك قەیرانەکان قووڵدەبنەوە، نامۆبوونەکە دەبێتە رەوتگەلێکی سیاسیی کە لایەنگری گۆڕانە. کاتێك کار دەگاتە پەرتبوون لەنێوان گۆڕانخوازانو ئەوانەی بانگەشە بۆ پارێزگاری لە هەلومەرجی وەخت دەکەن، ئەو مەرجەعییەتە دیارنامێنێت کە دەشێت هەردوولا بۆ یەکالاکردنەوەی ناکۆکییەکەیان رووی تێبکەن، لەبەرئەوەی ناکۆکییەکە لەسەر شتێکە کە دەتوانرێت پاساوبدرێت، ناکۆکییەکە لە هەناوی سیاسییو کۆمەڵایەتییدا، چ دامەزراوەیەکی شەرعیی نییە کە لەسەری کۆکبنو لەپێناو چارەسەری کێشمەکێشەکەیاندا بۆی بگەڕێنەوە، ئالێرەدا پەنا بۆ گەل دەبرێت، یاخود بۆ هێز، بەگوێرەی دۆخەکەو بارە مێژووییەکە.

[25] Thomas S. Kuhn, The Structure of Scientific Revolution, third Edition .( Chicago and London :The University of Chicago Press, 1996),. PP.92-94.

خولی کۆن، لەسەر هەڵواردن بنیاتنرابوو- بەهەموو ئەو چەندبارەوەبووە ناسراوانەی لە هزری سیاسیی یۆنانییدا لەنێوان ئۆلیگارکی، ئەریستۆکراتی، دیکتاتۆری، ستەمکاریی و دیموکراتیدا هەبووە- وا گریمانە بوو کە لەنێوان دەوڵەمەندو هەژار، تایبەت و گشتیی، حوکمڕان و خەڵکدا...هتد سروشتیی بێت. هەروەها ئەم داتاگەلە "سروشتییە"یە وایکردووە چەندبارەبوونەوەی شێوازەکانی حوکمی دیموکراتی و ئەریستۆکراتی و ئۆلیگارکی، لەدیدی بایەخدارە کۆنەکانەوە، کارێکی سروشتیی بێت. ئەوەی لەم دیدگایەوە لەسەر داتاگەلێکی سروشتی بنیاتنراوە، لەوانەش دابەشکاریی کۆمەڵایەتیی وەخت، بەگوێرەی سروشتی کۆمەڵگاکان، و خولیا مرۆییەکان کە لە بنیادەمدا چەسپاوە. تەنیا لە نوێگەراییدایە، کە دەتوانرێت قسە لە دابڕانی ئەم خولە بکرێت، بەمانای: رەتکردنەوەی هەڵواردنە کۆمەڵایەتییەکان وەك داتاگەلێکی سروشتیی، و خەیاڵکردن و هێنانەپێشچاوی کۆمەڵگایەکی واقیعییە بۆ هەژاریی کە یەکسانیی لەنێوان خەڵکدا بێنێتەدی کە بتوانرێت ناوی مافەکانی لێبنرێت.

هانا ئارندێت، ئەم گۆڕانە بۆ بوونی واقیعی کۆمەڵگای ئەمریکیی پێش شۆڕشی ئەمریکیی دەگێڕێتەوە، کە لەئاکامی دەوڵەمەندیی وڵاتەکە هەژاریی تێدا نەبووە. دەتوانین ئەوەش لەسەر پاساوەکانی زێدەبکەین- پێش ئەوەی رەتیکەینەوە- ئەوە تەنیا زاڵبوون بەسەر هەژارییدا نەبوو، بەڵکو توانایی فراوانخوازیی لەو خاکەی زادەی نیشتەجێبوون بوو، وایکرد کە بڵاوبوونەوەو کۆچکردن شوێنی پەسەندکردنی پێگەی چینایەتیی وەخت بگرێتەوە، جگەلەوەی



رەهەندێکی دیکەی بەخشییە بیرۆکەی ئازادیی، کە پەیوەستبوو بە فراوانکردنی بوارەکە.

ئازادیی، لەحاڵەتە ئەمریکییەکەدا، بریتیبوو لە مانای ریشەیی وشەکە وەك ئازادیی جووڵانەوە لە شوێندا، ئازادیی پێچەوانەی ئەو کۆتوبەندەیە کە رێگە لە جووڵانەوەی تەنێك دەگرێت، و دژی ئەو لەمپەرانەیە کە رێگە لە جووڵانەوەی دەگرن. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو متمانەگەراییەی کە ئارندێت قسەی پێدەکات، توانای خەیاڵکردن و هێنانەپێشچاوی کۆمەڵگاکان بۆ هەژاریی، لە سەردەمەکانی کۆندا بەشێوەی خواست و ئومێدێك بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتیی لەئارادابوو. ئەوەی شۆڕشی ئەمریکیی و دواتریش شۆڕشی فەرنسیی جیادەکاتەوە، پشکووتنی ئەو خولیایەیە لای کۆمەڵگا کە دەتوانرێت لە فەرەنسا بە "چینی سێیەم" ناوی ببرێت، هەروەها دەتوانرێت لە ئەمریکا بە " town community / شارەکۆمەڵگا) ناوببرێت، ئەوەی باوەڕەی وابوو کە خاوەنی مافگەلێکە، هەروەها تەنیا مافی ئەوەی نییە کە ژیانێکی باشتر بژی، بەڵکو بەشداریی لە بەڕێوەبردنی خۆیدا هەبێت لە (حاڵەتی شارەکۆمەڵگا ئەمەریکییەکاندا)، و لە کارگێڕیی کاروباری نەتەوە لە (حاڵەتی فەرەنسادا). ئەوەی پێمانوایە، کە هانا ئارندێت نەیبینیوە. مەسەلەکە تەنیا لەو "خۆشگوزەرانییە سەرسوڕهێنەرەدا"ی کیشوەرە نوێکاندا نییە، تەنانەت ئەو کاتەی کە کۆڵۆنییەکانیش ئینگلیزیی بوون، ئەوەی وایکرد بتوانرێت وەك کۆمەڵگایەکی بێ هەژاریی وێنابکرێت. بەڵام لەگەڵ ئارندێت و ئەوانی دیکەش کۆکین کە شۆڕش بەم مانایە زادەی نوێگەراییە نەك زادەی کەلتوورێك یان دینێکی تایبەت.

چەمکی نوێبوونەوە لە شۆڕشدا ئەوەندە بەڕادەیەك بەهێزبوو، کە شۆڕشگێڕە فەرەنسییەکان هەوڵیاندا لە چوارچێوەی پلانە عەقڵانییەکەیان بەرجەستەی ئەو بیرۆکەیە یان ئەو هەستە بکەن کە شۆڕشەکان مێژوویەکی نوێ دەستپێدەکەن، دانانی ڕۆژ ژمێرێکی سالانەی نوێ دابنێن، کە لەبری ڕۆژ ژمێری زایینیی، بە ساڵی سەرپەڕاندنی پاشا و راگەیاندنی کۆمار دەستپێدەکات، هەروەها ڕەتکردنەوەی ناوی کۆنی گەڕەکەکان، و دانانی ناوی ژمارەیی بۆیان، هەروەك ئەوەی شۆڕش ڕووداوێکی گەردوونیی بێت، پاش ئەوە ناوی نوێ بۆ مانگەکان دەستپێدەکات و ژماردنێکی نوێ بۆ ساڵەکان دادەنرێت. ئەم هەوڵە لەو کاتەدا وەك کارێکی مندالانە نەهاتەبەرچاو، تەنانەت لە دیدگای سەردەمی هاوچەرخیشەوە، بایەخی کارە سیمبولیکەکان کەمدەبێتەوە، وەك ناونانی مانگەکان، ئەوەی کە شۆڕشی فەرەنسیی پێی هەڵسا لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتیمانیی هاوچەرخ و دامەزراوەو ئالاو سیمبوڵەکانی، و لە هەوڵی ڕێکخستنی کۆمەڵگادا، بەگوێرەی پلانێکی عەقلانیی کە هەموو شتێك بەعەقلانیی دەکات و یەکیدەخات لەبری دەسەلاتە هەرەمەکییەکانی پێشوو.

بەلشەفییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لەساڵی ١٩١٧دا، هەوڵی سەرەتایەکی نوێیاندا، لەکن ئەوان، بەتایبەت لەلای لینین، لاساییکردنەوەیەکی مەزنی شۆڕشی فەرەنسیی لە بنیاتنانی ڕوسیای نوێدا هەبوو، لەسەر بنەمای پلانێکی عەقلانیی مێژووگەرایی، هەروەها خەونیان -بەجیدیی- بە ئەگەری بنیاتنانی مرۆڤی سۆڤێتیی نوێ وە دەبینی. ئەو نوێبوونەوە کارەستابارەی کە بەوتەی کارل پۆپەر ( Karl



Popper )، بووە هۆی هەوڵگەلێکی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی گشتگیر لە دەوڵەتە تۆتالیتارییەکانداو کورتکردنەوەی عەقلانییەت بۆ ئاستێکی ئامرازیی لە پراکتیکە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکاندا. لێرەدا جیاوازییەکان لەنێوان نازیزم و ستالینییەتدا، جیاوازییەکن لە پلەدا، نەك لە جۆرو بونیاددا، هەردوو نموونەکە، لە نموونەیەکی مێژووگەرایی ئامانجداری گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتیی-ئابوورییەوە دەردەچن بەو پێیەی گەشەکردنی مێژووە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە بالا نموونەییەکەی، ئەوەی کە بژاردەیەك یان چینێك یاخود نەتەوەیەك یا ڕەگەزێك هەڵیدەگرێت. لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە یەکێك لەوانە سیستمە تۆتالیتارییە سەرکوتکارەکەی خۆی بە ئایدیۆلۆجییەك پاساو دەدا کە بەهاگەلێکی گەردوونی وەك ئازادیی و یەکسانیی لەخۆدەگرت، لەکاتێکدا ئایدیۆلۆجیای نازیزم لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی ئەم بەهایانە دامەزرا.

## ئازادیی و شۆڕش

بیرۆکەی دیموکراسیی، لە سەرەتادا پەیوەستبووە بە بیرۆکەی یەکسانیی، بەتەنیا مەبەست لێی ئازادیی نەبووە لەنێوان مەحکوماندا، بەڵکو لەنێوان حاکم و مەحکومیشدا، لێرەدا، دیموکراسیی لە گۆشەنیگای تێڕوانینی بژاردەی شاری یۆنانیی (polis) بریتیی بووە لە نافەرمانڕەوایەتیی (اللاحكم) یاخود دەسەلاتی ڕەشەخەڵك. دەسەلاتی ڕەشەخەڵکیش، لە تێڕوانینی لایەنگرانی سیستەمی

ئەریستۆکراتیی یاخود بژاردەگەرایی (النخبوي) وەکو ئەفلاتوندا، خراپترین جۆرەکانی دەسەڵاتە ، چونکە تەریبە لەگەڵ ئازادیی نەرێنیی‌و، نەخواستنی مەحکومیەتە، ئەمەش حاڵەتێکە لە نافەرمانڕەوایەتیی‌و دەبێتە مایەی فەوزای گشتیی.

زۆربەی کۆنسێرڤەتیڤەکان، ئەوانەی کە دژی پشێویی شۆڕشی فەڕەنسیی بوون لە ساڵانی یەکەمیدا، ئەم بیرۆکەیان بۆ مابۆوە کە تێڕوانینێکی دوژمنکارانە بوو دژ بە دیموکراسیی‌و شۆڕشە توندوتیژەکانیش لەهەمان کاتدا. دیموکراسیی‌و یەکسانییان تێکەڵکرد کە خۆی دەگۆڕێت بۆ دۆخێکی سروشتیی، بەهەمان شێوەی خولیا یەکسانگەراییە توندڕەوەکان(النزعات المساواتية المتطرفة)، ئەمەش لە بۆچوونی ئەواندا دەگۆڕا بۆ دژە ئازادیی، کە پێکەوە لە دەرێی جیاوازیدا کۆنابنەوە، هەمیشە کۆنسێرڤەتیڤەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لە بنەڕەتدا دیموکراسی هاوچەرخ بریتییە لەو یەکسانییەی کە یاسای لەنێوان کەسانێکدا پێکهێناوە کە لەرووی یاساییەوە نایەکسانن. "یەکسانیی ڕێکخراو" لە دەوڵەتدا، بریتییە لەو یەکسانییەی کە یاسا ڕێکی دەخات بۆ دۆخێکی سروشتیی لە نەبوونی یەکسانیی لەنێوان مرۆڤەکاندا، واتە وەك تاك نایەکسان بن، بەڵام وەك هاوڵاتیی یەکسانبن، ئەمەش لە دەوڵەتدا شتێکی مومکینە. ئیدی ڕێکخستنی ئازادیی دەبێتە پرسێك کە تایبەتە بە دەوڵەتەوە، ئەوەش ئازادیی هاوڵاتییە (المواطن). لێرەدا ئازادیی دژی یەکسانیی نابێت، لەدیدو ئەندێشەی کۆنسێرڤەتیڤەکانی وەك تۆکفێڵ‌و کۆنسێرڤەتیڤە ئینگلیزەکانی وەك ئیدمۆند بێرکدا، یەکسانیی رووخێنەری ئازادیی نییە، بەڵکو یەکسانیی لە هاوڵاتیبووندا دەبێتە مەرجی ئازادیی‌و، خەبات لەپێناوی



قوڵکردنەوەشیدا یەکسانە بە پرۆسەی چەسپاندنی مافەکانی هاوڵاتیبوون یاخود زیادکردنی تا چەندین بواری جۆراوجۆرو بەرفراوان بگرێتەوە، لە کاتێکدا ئازادیی لەچوارچێوەی کارتێکردنی بەردەوامی نێوان ئازادییە تایبەتیی‌و گشتییەکاندا ڕێکدەخرێت.

چەمکی ئازادیی، تاکو شۆڕشی فەڕەنسیی وەك چەمکێك دژی کۆیلایەتیی‌و بەندایەتیی بەکاردەهێنرا، ڕێك بەهەمان شێوەی وشەی (سەربەست/الحر) کە لە شارستانێتیی ئیسلامییدا بەپێچەوانەی کۆیلەوە بوو. تەنیا پاش شۆڕشی فەڕەنسیی بوو کە ئازادیی مانای سیاسیی وەرگرت، ئەوەی دوو ڕەهەند لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: ڕەهەندێك دژ بە کۆتوبەندکردن کە بەناوی ئازادییەوە سنووردارکراوە، بەمەش ئازادیی بە مانا نەرێنییەکەی دەکاتە کۆمەڵێك لە سەربەستییەکان• / liberties، پاشان دواتر ئازادیی بەشداریی

• لەراستییدا، لەزمانی کوردییدا کەمتر جیاکردنەوە لەنێوان وشەی "سەربەستیی [illegible]reedom [illegible]iberty[illegible] مەرجێکە بۆ ئازادیی، بەڵام مەرج نییە راستەوخۆ بەرەو ئازادییمان بەرێت. دەشێت ترس‌و ستەم بەشێك لە خەڵك لەسایەی چەتری سەربەستییدا بۆماوەیەك کۆبکاتەوە، بەڵام مەرج نییە تێکڕای خەڵکەکە ئازادییخوازبن‌و لەکاتی بەدەسەڵاتگەیشتندا ئازادییەکان وەك ماف بچەسپێنن‌و کاربۆ بەرقەرارکردن‌و پێشێلنەکردنی بکەن. لە وڵاتانی دواکەوتووی لەمەڕ خۆمان، زۆربەی شۆڕش‌و راپەڕینەکان تێکڕای هێزە ناڕازییەکان لەوپەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ لەسایەی سەربەستییدا کۆدەکاتەوە، بەڵام هەوێنی ستەمکاریی داهاتوو لەنێو ئەو سەربەستییخوازانەن کە کاتێك دەگەنە دەسەڵات دەبنە یەکەمین پێشێلکەرانی ئازادییەکان. لەمڕووەشەوە شۆڕشی ئێران ساڵی ١٩٧٩ باشترین نموونەیە.

هاولاّتیی لەخۆدەگرێت لە دیاریکردنی چارەنووسیداو لەرێگەی بەشداربوون لە بەرێوەبردنی کاروباری نیشتیماندا free citizen, freedom.

شۆڕشە هاوچەرخەکان هەوڵدەدەن بۆ رزگاربوون لە "سەرکوتکردنی ئازادیی" کە لەم حاڵەتەدا هاوشێوەی جڵەوکردنی جووڵەی تەنەکانە. ئەوەی رزگاربوونە لەو کۆتوبەندانەی کە ئازادییەکانی مرۆڤ بەند دەکەن، هەروەها رزگاربوونە لە ترس و ئەو پێداویستییە بنەڕەتییانەی کە لە حاڵەتی دەستەبەرنەکردنیدا رۆح و جەستە دیل دەکات، ئەم رزگاربوونە خەونی ئازادیی دێنێتەئارا. بەلاّم ئازادی سیاسیی و کۆمەلاّیەتیی کە پیادە دەکرێت لەرێگەی بەشداریی کردن لە دیاریکردنی چارەنووس و بڕیارسازییدا بریتییە لە **رەهەندی دووەم** کە ئازادیی نەرێنیی دەکاتە ئازادییەکی ئەرێنیی پیادەکراو. لێرەوە هەر سیستەمێکی دیموکراتیی پێکدێت لە: **یەکەم** لە ئازادییە مەدەنییەکان کە بیرۆکەی "ئازادبوون لە نێوخۆدا" زامن دەکات، **دووەمیش** "ئازادیی لە دەرەوەدا"، ئەمەش بەواتای مافە سیاسییەکانی هاولاّتیبوون دێت کە هەڵدەستێت بە بنیاتنانی "ئازادیی لە نێوخۆی" دەوڵەتدا لە رێگەی دامەزراوەکانیەوە کە زامنی پراکتیزەکردنی دەکات، ماف ئەم دامەزراوانەش نییە رێگە لە ئازادییە بنەڕەتییەکان بگرێت، ئەمەش نەك بەتەنیا بەڵکو پاساوی بوونی بریتییە لەوەی رێکیبخات. ئازادیی سیاسیی ئەو ئازادییە دامەزراوەییەیە کە بەشداریی هاولاّتی لەدەوڵەتدا زامندەکات.

دەکرێت باس لە شۆڕشگەلێك بکەین کە لە ئەرکی دووەمدا شکستدێنن، واتە لە رووی بنیاتنانی دیموکراسییەوە، بەلاّم ناکرێت



باس لە شۆڕشگەلێك بکەین لە سەدەی هاوچەرخدا پەرۆشی بەدیهێنانی ئەرکی یەکەم کە رزگارییە. "پەرۆشیی بۆ رزگاربوون و بنیاتنانی ماڵێکی نوێ، کەدەشێت ئازادیی بیتەنێت رۆحێکە وێنەی نییە لە تەواوی مێژووی رابردوودا"[٢٦]. ئەم رۆحەی هەروەها یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشە هاوچەرخەکان.

شۆڕش لەپێناو ئازادییدا، هەمیشە بنیاتنانی دیموکراسیی زامن ناکات، پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسیی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دژوارە لە هاوسەنگکردنی نێوان گشت و تایبەتدا، چاودێریکردنی دەسەلاّتەکان و، رێکخستنی پرۆسەی بەشداریی هاولاّتیان بە دەنگدان و، زامنکردنی ئەوەی زۆرینە زۆرینەی شوناسێکی جێگیر نەبێت، بەڵکو زۆرینەی بیروبۆچوون و بەرژەوەندیی بێت، هەروەها بەشێوەیەك نەبێت کە کەمینەکان لەسەر ئاستی شوناس کەمینەی سیاسیی هەتا هەتایی بن وەك کەمینە، هەروەها زامنکردنی چارەسەری نێوەند بکات... هتد. ئێمە ئەو ئازادییانە دەزانین کە لە ئاکامی پاراستن لە دەستی ستەمکاریی دەپشکوێت، ئەوەی کە فرەیی دەسەلاّتەکان و جیاکاریی لەنێوانیانداو هاوسەنگییان زامنی دەکات، تاکو هیچ دەسەلاّتێك باڵ نەکێشێت بەسەر دەسەلاّتێکی دیکەدا. ئەوەی بەم رۆڵەش هەڵدەسێت فرەیی گرووپە دانپێدانراوەکانە وەك قەوارەگەلێکی سیاسیی، وەك تایفەو دەستە نێوکارەکان (الهيئات الوسيطة) لە فەرەنسای پێش شۆڕش و مۆدێلەکانی تردا. جیهانی عەرەبیی دۆخی لوبنانی بەخۆوە بینیوە کە ئازادیی زۆری تێدایە وەك ئازادیی

26 حنه ارندت، ص ٤٧.

دەربڕینو ئازادییەکانی تر، بەڵام لە سنووری تایفەکاندا کۆتایی پێدێت، دەوڵەتیش ناتوانێت بیپارێزێت ئەگەر بێتو تایفەیەك ڕێگریی لێبکات. ئازادییە مەدەنییەکانی تاك لەنێو ئەم پەراوێزەیەدایەو لەو چوارچێوەدا ڕێگەی پێدەدرێت گەشە بە کەسایەتیی خۆی بدات. بەڵام وێڕای بوونی بڕێك ئازادیی، کەچی دیمکراتیی پابەدار نییە. لێرەدا چەندین نمونەی دیارییکراومان لەبەردەستایە سەبارەت بە ئازادییە سیاسییو مەدەنییەکان، بەڵام بەبێ دیموکراسیی، یاخود بە گوزارشتێکی تر، ئازادیی زۆرترو دیموکراتی کەمتر.

چەندین دەوڵەت هەیە بێ شۆڕش دیموکراسی تێیدا بەدیهاتووە، بۆنمونە کەنەدا. لێرەدا قسە دەربارەی کۆمەڵگەی هاوردەنشینە (إستيطان) کە خۆی خۆی ڕێکخستووە بە چارەسەری نێوەندو سازشکاریی لەگەڵ بەریتانیادا، دواتر بێ شۆڕش لەو جیابۆتەوەو سەربەخۆیی بەدەستهێناوە. جیاوازیی ئەو لەگەڵ دیموکراتیەکەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کە سەربەخۆیی بەدەستهێناوەو دیموکراتیەکەی بە شۆڕش بنیاتنانەوە، ئەوەیە کە کەنەدا هێشتا فرە کۆنسێرڤاتیڤو پەیوەستن بە فەرهەنگی بەریتانییەوە، هەروەها بەها کۆنسێرڤاتیڤەکان کە هێشتا پایەدارن پاشتر هاریکاربوو لە دیاریکردنی ڕکابەرێتی سەرمایەدارییو پێکهێنانی دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی،و لیبرالیزمی بازاڕی سنووردارکرد، نەك بەشێوەی سۆشیالیزمی دیموکراتیك بەڵکو سۆشیالیزمی خۆیی[27].

27 بڕوانە پێشەکیی ساڵی ١٩٨٨ی کتێبی:



لە ڕابردوودا، چەمکی شۆڕش مانای نوێبوونەوەی نەگەیاندووە، وەك دەستەواژەیەك لە وشەی revolution وەرگیراوە کە پتر چەمکێکی فەلەکییە پەیوەندیی هەیە بە جووڵەی خولخواردنی ئەستێرەکانەوە بە دەوری تەوەرێکدا revolving، بەم مانایەش پێچەوانەی وشەی شۆڕشە وەك ئەوەی هەنوکە بەکاردەهێنرێت، ئەوەی مانای جووڵەی سروشتیی بەردەوامی خولخواردنی ئەستێرەکانی بەدەوری خۆردا دەبەخشی، وەختێکیش ئەم وشەیە لەساڵی ١٦٨٨ "The Glorious Revolution/ شۆڕشی شکۆمەند" لە وەسفی لادانی خانەوادەی "ئال ستیوارت" لە دەسەڵاتداو گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ولیامو ماری بەکارهات، بەکارهێنانەکەی بۆ جیاکاریی بوو لە وەسفی گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ خانەوادەیەك کە پێشتر دەسەڵاتدار بوون، ئیدی بەم مانایەو بەم بەکارهێنانە چەمکی "شۆڕش" بەڵگەیە لەسەر گۆڕانی کودەتایی "تغير إنقلابي" کە گەڕانەوەی دەسەڵاتە بۆ خانەوادەیەك. چەمکی شۆڕش لەبەرامبەر جووڵانەوەکەی کرۆمویڵدا (١٥٩٩-١٦٥٨) بەکارنەهێنرا لەساڵی ١٦٤٩ کە بووە مایەی هەڵواسینی شارلی یەکەم لەپێش ئەودا بە بیست ساڵان، بەم مانایە چەمکی شۆڕش بەمانای گێڕانەوە یاخود بەدەستخستنەوە دێت بۆ خاوەنە پێشینەکانی، لە ڕووی ڕاڤەی فەلسەفییەوە، بریتییە لە گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ خاوەنە "سرووشتییەکانیان". بەمشێوەیە دەگونجێت پرۆسەی ڕامالینی دەسەڵات بەهۆی گەلەوە چەمکی

Sym orm atin Lipset, Revolution and Counter: Change and Persistence in Social Structures, (New Brunswick & oxford: Transaction Books, 1988).

گێڕانەوەی "إعادة" دەسەڵات بگەیەنێت بۆ خاوەنەکەی. بەپێچەوانەوە ئارندێتەوە، ئێمە بڕوامانوایە ئەمە مەجازێکی ئەدەبییە زیاتر لەوەی راڤەیەکی زانستیی بێت، لەساڵی ١٦٨٨دا، چەمکی شۆڕشی ئینگلیزیی دەلالەتە بنەڕەتییە زمانییەکەی لەدەستدا وەك جووڵانەوەیەك کە چەندینجار بۆ هەمان خاڵ بگەڕێتەوە.

ئەوەی دەگونجێت لێرەدا بیڵێین ئەوەیە، کە نوێبوونەوە شتێکە شۆڕشگێڕان دۆزیویانەتەوە لەو کارانەی دەیکەن‌و لەو ئەنجامانەی بەدەستیدێنن، تەنانەت ئەگەر وەختێکیش پلانیانیان بۆ دانەڕشتبێت، بێگومان بەشێك لە شۆڕشگێڕان لە خەونە شۆڕشگێڕییەکانیاندا چاویان بڕیوەتە گەڕانەوە بۆ رابردووی رۆمانیی‌و یۆنانیی یۆتۆپیی کە ریشەی شوناس‌و بنەڕەتی یەکەمیانە. یاخود گەڕانەوە بۆ یەکسانیی کۆنی مەسیحیی گریمانەیی کە خوا لە سروشتی مرۆڤدا سرووشتاندویەتی‌و دواتر لێیان لاداوە. بەڵام راماڵینی دەسەڵات‌و گەشەکردنی جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی بەرەو شۆڕش بووە مایەی گۆڕینی پاشا، بۆنمونە لە فەرەنسادا، بێئەوەی لەسەرەتادا ئەوەیان مەبەست بووبێت، هەروەها ئەوەی بووەهۆی بنیاتنانی دەوڵەتێك لە دۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بێئەوەی لەسەرەتادا ئەوەیان مەبەست بووبێت، دیسانەوە بەبێئەوەی خەڵکی ناچار بێت بیر لە شتێکی نوێ بکاتەوە. بەمشێوەیە چەمکی شۆڕش پەیوەستبووە بە نوێکردنەوە. رەنگە یەکەم سەرنج کە لە شۆڕشەکاندا بڵاوبووە بریتیبێت لەوەی کە دۆخێکی سروشتیی یاخود مافگەلێکی سروشتییان پێ رەوا بینرابێت‌و دەسەڵات لێی زەوتکردبن‌و، ئامانج لە شۆڕشیش "گێڕانەوەی" ئەو مافانە بووبێت. هێندێك لە تیۆریسان کە



شۆڕشگێڕان بیروباوەڕەکانیان لێوە وەرگرتوون لە پێش شۆڕشی فەڕەنسیدا بەچەندین ساڵ، مافی سروشتیی‌و دۆخی سروشتییان وەك دۆخێکی هەماهەنگ تیۆریزەکردووە، لەوانەش رۆسۆ.

بەڵام ئەم بیرۆکە فەلسەفییەی کە دۆخێکی سروشتیی یاخود دۆخێکی لەم فۆرمەی لەرابردوودا وێناکردبێت، بۆخۆی بیرۆکەیەکی نوێیە، جا هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە بەمەیان زانیبێت یان نا؟ ئاشکرایە بیرۆکەی یەکسانیی لە مافدا لەنێوان مرۆڤەکاندا نامۆ بووە لەسەرجەم سەدەکانی رابردوودا، هەروەها یەکسانیی سروشتیی لەنێوان مرۆڤەکانداو لە مەسیحییەتدا لە باشترین حاڵەتدا یەکسانیی بووە لە بەندایەتیکردن بۆ خوادا یان لەبەردەمیدا، تەنانەت ئەم یەکسانییە لەکاتی رێکخستنیدا لەلایەن دامەزراوە ئاینییەکانەوە شێوێنراوە، هەرچی یەکسانییە لە مافە سیاسییەکاندا، پێدەچێت لە تێگەیشتنیدا دژبەیەکیی هەبێت، چونکە سیاسەت لەسەر گریمانەی نایەکسانیی لە مافە سیاسییەکاندا وەستاوە.

ئیدی چیی دەمێنێتەوە لە دەلالەتی وشەی کۆنی "شۆڕش"و پەیوەست بە جووڵەی بازنەیی کە هەمیشە بۆ هەمان خاڵ دەگەڕێتەوە؟ رەنگە، لە دوای هەوڵدان، دەتوانین بڵێین ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە جیایدەکاتەوە لە چەمکی "راپەڕین" یان "یاخیبوون" یاخود "مانگرتن"یان گوزارشتەکانی تر کە هەڵگری مانای دەرچوون‌و وەستانەوەن، وەك لەمەوپێش باسمانکردووە، بەوپێیەی کارێکی حەتمیی‌و پێویستە. جارێکی تریش مەجازێکی ئەدەبییە: ئەگەر شۆڕش هەڵایسا بێگومان دەبێت بگاتە ئامانجەکەی، لێرەدا خۆمان لەو بەدووردەگرین کە شۆڕشێکی ناتەواو بەشۆڕش ناوببەین، بەڵکو نێوی

دەنێین یاخیبوون یاخود راپەڕین، کەمجار نێوی دەبەین بە شۆڕش کە شۆڕشێکی شکسخواردوو بە شۆڕش ناودەبەین. شۆڕش لە دیدی بەکارهێنەرانیدا لەم سەردەمەدا هەڵگری دەلالەتی حەتمییو کۆتایی حەتمییە. زۆرجار مانگرتن یاخود یاخیبوون بە شۆڕش نێودەبرێت، لەپاش ئەوەی مژدەکانی بەدیهاتنی ئامانجەکەی لەئاسۆ دەردەکەون. بەلاّم ئەمە هەرجۆرە دابەشبوونێکی زانستیی نییە .

ترسی دەسەلاّتداران لە وشەی "شۆڕش" لێرەدایە وەك ئەوەی جادوو و نەفرەتێك بێت، چونکە ئەگەر بەمشێوە بەکارهێنرا، واتە جووڵانەوەیەکە گەڕانەوەی نییە مەگەر بگاتە کۆتاییو بازنەکە تەواو بکات. لەگرنگترین ئەو شتانەی بەکارهێنانی وشەی "شۆڕش" لە وشەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بەکارهێنەری ئەم وشەیە درك بەوە دەکات کە شۆڕش واقیعێکی بابەتیی دروست دەکات، واتە: ئیمکانی گەڕانەوەی نییە. ئەمەش ناکاتە ئەوەی بە سڵەمینەوە بەکاربهێنرێت، دەگونجێت ئەم وشەیە لەم سەردەماندا وەك گوزارشتکردن لە ئومێدێك بەکاربهێنرێت بەوەی یاخیبوون یاخود مانگرتن بگۆڕێت بۆ شۆڕش بەم مانا نوێیە، کە لە سەدەکانی رابردوودا نەبووە، کە لەنێوان شۆڕشو یاخیبوونو مانگرتندا جیاوازیی نەکردووە.

شۆڕش، بەمانایەك، جووڵانەوەیەکە رێگریی لێناکرێت، ئەم مانا وێناییە ئەدەبییە بە بۆچوونی ئێمە ئاسانکاریی کردووە بۆ فەلەسەفەی سەدەی نۆزدە تاکو بیخاتە نێو چوراچێوەی زەرورەتە مێژووییەکان یاخود یاساییەکانەوە. ئەم کردەیەش بەپلەی بالاّ کردەیەکی ئایدیۆلۆجییەو هیچ پەیوەندییەکی بە میتۆدی زانستییەوە نییە.



نمونەی ئەمەش لە ئەوروپا شۆڕشی فەرەنسییە، ئیدی شۆڕشگێرانی دواتریش لەسەرجەم شۆڕشەکاندا، لەبەرتیشکی قۆناغو چەمکەکانی شۆڕشی فەرەنسیی رێیان تەیکردووەو بیریانکردۆتەوە.

دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش لە شۆڕشی فەرەنسییدا دەرکەوتنی جەماوەر/ حەشاماتە، لێرەدا مەبەست لەو هەژارانەیە کە لە مەنزڵگای بێبەشییدا گۆشەگیربوونو لەدەرەوەی قەزا گشتییەکەدا بوون، ئەوانەی کە لە سووچی ریسواییو پەراوێزخراویدا سەریان بە یەکدا کردبوو، ئەوانەی جووڵانەوەیەکیان لێ دروستبوو کە هەڵوێستێکی چینایەتییان دژبە ئەریستۆکراتیی هەبوو.. تەنانەت تەوژمێکی تەواوی جەماوەریی بە Les Sans Culottes نێونراوە، زۆر کەس لەم سەردەمەشماندا ئەمە لەبیردەکەن کە ئەم ناوە بەواتای: بێدەرپێکان/ (اللامتسرولين) دێت. ئەمانە دیلی پێویستییەکانی جەستەیان بوون کە نەیاندەتوانی دابینی بکەن، ئەوەی هەمیشە فشاری لەسەر دروستدەکردن. ئەمانە کتوپڕ چوونە نێو بوارە گشتییەکەوەو شۆڕشی فەرەنسییان کردە شۆڕشو، شۆڕشیان کردە کۆتاییەکی خۆلێلانەدراو. ئەمانە ئەوانەبوون کە ئامانجی شۆڕشیان کردە بەختەوەریی گەلو لەبنەڕەتدا چەمکی شۆڕشیان بەمانا هاوچەرخەکەی داهێنا. ئەوەش شتێکی نوێبوو لە شۆڕشی فەرەنسیدا، ئەوەی دواتر چەمکەکانی هاوڵاتیبوونی لەسەر بنیاتنرا. ئەوەی بۆ دەستوورگەراو مافپەروەران مایەی مەترسیی ئەوە بوو کە ئەوان پێیانوابوو جووڵانەوەی رەشەخەڵك دەگونجێت ببێتە بنەمایەك بۆ بەدترین جۆرەکانی دەسەلاّت، ئەگەر بە رێبەرایەتیی سیاسەتوانە دیماگۆجەکان، کە بە نێوی گەلەوە قسانیان دەکرد،

بگۆڕێت بۆ ئاژاوەچێتیی. سەدەی بیستەمیش چەندین نمونەی سەبارەت بە واقیعیبوونی ئەم مەترسییانە پێشکەشکردووە.

مارکس پێیوایە شۆڕشی هەژاران لەبنەڕەتدا شۆڕشێکی سیاسییەو لەهەمان کاتیشدا لەپێناو ئازادیدایە، ئەم پەیوەندییەی نێوان نان‌و ئازادیی خوێندنەوەی ئەوی بۆ شۆڕشی فەرەنسیی جیاکردۆتەوە. هەروەها ئەو دیموکراتخواز بووە، هاوشێوەی دیموکراسیخوازو شۆڕشگێڕی فەڕەنسیی لویس ئۆگەست بلانکی Auguste Blamque، کە پێیوایە شۆڕشی فەرەنسیی تەنیا بە بەدیهێنانی ئازادیی بەئامانج نەگەیشتووە، چونکە نەیتوانی کێشەی هەژاریی چارەسەر بکات. ئەو پێیوایە ئازادیی‌و هەژاریی دژبەیەکن. هەرچی لینینشە، پاش شۆڕشی روسیی تەنیا لەسەر ئەو رەهەندەی تێڕوانینی مارکسیزم بۆ ئازادیی پێیداگرت، ئەو پێیوابوو ئازادیی: ئازادبوونە لە هەژاریی، پێیوابوو سەرکەوتن بەسەر کێشەی هەژاریدا پەیوەستە بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیی (بۆ نمونە کارەبا بۆ دۆخی روسیا). بەمشێوەیە زۆر گرنگیی نەداوە بەو دامەزراوانەی کە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە ئازادیی رێکدەخەن، و بە گەشەپێدانی سەپاو لە رێگەی دەوڵەتی ناوەندییەوە کۆتاییهێنا، کە ئازادیی بەتەواوی ژێرپێخست،و گەشەپێدانێکی خێرای بەشێوەیەکی بەرچاو بەدیهێنا، بەڵام لە پرۆسەی رزگاربوون لە هەژاریی لە دوورمەودادا شکستیهێنا.

ئەم گوتەیەی لینین، لەگەڵ گەشەسەندنی شۆڕشی فەڕەنسیی‌و رەفتاری جەماوەرەکەیدا دەهاتەوە، وەختێکیش روونبۆوە کە پەرلەمان ناتوانێت کێشەی هەژاریی چارەسەر بکات، جەماوەری فەرەنسا دژ بە پەڕلەمان بایداوەو گاڵتەیان بەو دەستوورە کرد کە ناتوانێت هەژاریی‌و



پێداویستییەکان چارەسەر بکات، کتومت بەهەمان شێوەی پێشوو کە دژی لویسی شانزەهەم وەستانەوە. ئەمەش جگەلەوەی ئەوانە لە گوتەی سیاسەتوانان‌و پیلانگێڕیی‌و دوڕوویییان لە گوتاربێژیدا بێزاربوون. دیسانەوە هەژاران تووڕەبوون‌و بوونەوە بە (شۆڕشگێڕ)، ئەمجارە دژ بە پەرلەمان‌و دەستوورە یەك لەدوادوایەکەکان، لەگەڵ ئەوەی خودی دەستوور سوێندی خەڵکی پاریسی دابوو کە "مەیدانی تێنس"ی بەنێوبانگ چۆڵ نەکەن تاکو دەسەڵاتی پاشایی بە شێوەیەکی فەرمیی رەزامەندیی لەسەر دەرنەبڕێت.

هەژاریی‌و نەداریی گەل وادەکات ئازادیی ماناکەی لەدەست بدات، لە خەیاڵدانی هەر کۆڵەرێکی جیددیدا چەندین نمونەی مێژوویی هەیە بە ئاسانی دنەدانی جەماوەر بەرجەستە دەکات دژ بە مافە مەدەنییەکان، بەبەڵگەی ئەوەی خۆشگوزەرانیی دەوڵەمەندان‌و، هەروەها بەرجەستەکردنی گردکردنەوەی هەژاران لەپێناو شوناسی ئەسڵگەرایی دینیی یاخود نەتەوەیی دژ بە دیاردەکانی ئازادیی بێناوەرۆك سەبارەت بە هەژاران. لە ئەزموونی شۆڕشە عەرەبییەکاندا کە لێوانڕێژە لە کودەتا بە مانای شۆڕش، ئەزموونی جەمال عەبدونناسر ئامادەیی هەیە لە ئیحتیواکردنی خواستەکانی دیموکراسیی کە ئەنجومەنی رێبەرایەتیی شۆڕش بڕیاری لێدابوو لە سەروبەندی جیابوونەوەیدا لە ساڵی ١٩٥٣، بە دنەی کرێکاران دژ بە گەڕانەوەی پارتە سیاسییەکان. لێرەدا لایەنێکی تری ئیشکالیەتەکە دەهوروژێت، ئەویش بەوەی هەژاران ئەو دیموکراتیە رەتدەکەنەوە کە دەوڵەمەندان قۆرخی ماڵ ودارایی دەکەن‌و، پتر دەبێتە مایەی دروستبوونی

کەندوکەلێنان لەنێوان دەوڵەمەندان‌و هەژاراندا،* بەشێکی فراوان لە توێژەکانی گەل ناتوانن ژیانێکی ئاسایی شەرەفمەندانە بۆخۆیان دابینبکەن. هەرحاڵ، ئەمە ئیشکالیەتی پەیوەندیی نێوان دیموکراسیی‌و گەشەپێدان دەرووژێنێت‌و، هەروەها پەیوەندیی مافە سیاسییە مەدەنییەکان‌و مافە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی تاك دەهوروژێنێت، هەروەها لەسەرئاستی پەیوەندیی نێوان گەلانیش هەروایە. بەڵام هەژموونی گوتاری گەلگەرایی بەگشتیی لە هەلومەرجی کەموکورتی دیموکراسیدا دەپشکوێت، نەوەك لە هەلومەرجی دیموکراتیی دامەزراوەییدا.

"گوتەی گەل گوتەیەکی سەرەکیی بوو لە تێگەیشتنی شۆڕشی فەڕەنسییداو، نێوەرۆکەکەشی ئەوانە بڕیاری لێدەدەن کە ناسۆرو ناڕەحەتییەکانی گەلیان بینیوە بەڵام لەو ناڕەحەتییەدا بەشدارنەبوون"[٢٨]، ئەوانەی کە بیرۆکەی گەلیان گەلاڵە کردووە ئەوانە

---

* جیاوازیی دەستپێڕاگەیشتنی پێویستییەکان هەلاواردن دێنێتە کایەوە. هێندێك لە چین‌و توێژەکان دەتوانێت دەستی بەهەرشتێکدا رابگات کە حەزی پێدەکات، لەکاتێکدا چین‌و توێژگەلێکی دیکە لە بێبەشییدا دەژیء‌و تادێت ئەو بێبەشییەشی زێدە دەبێت. بەوەش کۆمەڵێك دێتەئارا کە بەشێکی کەم لە خەڵکەکەی خاوەنی جیاوکەکان‌و نەهامەتییەکانیش بەشی زۆرینەی خەڵکەکەن، ئەو هەلاواردنەش ململانێیەکی سیاسیی دێنێتە کایەوە کە بنەمای سەرەکیی خەباتی سیاسییە، خاوەن جیاوکەکان لە پێناوی پاراستنی جیاوکەکانیان‌و ستەملێکراوانیش لەپێناو ژیانێکی باشتر تێدەکۆشن، گرتنەدەستی دەسەلاتیش لەم خەباتەدا تایبەتمەندیی سەرەکیی بۆ خاوەنەکەی فەراهەم دەکات.

[28] حنه ارندت، ص ١٣١.



بوون کە خۆیان بە نوێنەری گەل زانیوە، بەزەیی هاتنەوەیان بەگەلدا وەك گرووپێکی کلۆڵ لەگەڵ رۆمانسیزمی پەیوەست بە پاکێتی گەل‌و دادپەروەرییەکەی تێکەڵکردووە. ئەم هەڵوێستەیە کە قۆناغی "یەعقوبیی" لە شۆڕشی فەڕەنسیی جیادەکاتەوە. ئەو "پاکێتییەی گەل"یشە کە رۆمانسیزمی گەلگەرایی (الشعبوي) بە گریمانە دەگرێت، کە دەبوو شوێنی بایەخدانی جیدیی لە جۆرەکانی حکومەت‌و دامەزراوەکانیدا بگرتایەتەوە، واتە رێکخستنی پیادەکردنی ئازادی سیاسیی‌و دەسەلات. ئەم رێکخستنە ئەو خەمەیە کە "گیرۆندییە میانڕۆکان" لە "یەعقوبییە شۆڕشگێڕەکان" جیا دەکاتەوە، کە لە شۆڕشی فەڕەنسیدا ئەوانیان تێکشکاند.

ئیدی وێناکردنی گەل بەمشێوەیە دواتر بوو بە بنەمایە بۆ گۆڕینی قوربانیدانی شۆڕشگێڕان کە تایبەتمەندیی تاکی هاوڵاتی لەبەرامبەر بەرژەوەندی گشتییدا پوچەڵدەکاتەوە، بۆ دیکتاتۆریی بەنێوی گەلەوە، هەروەها پووچەڵکردنەوەی تایبەت لەبەرامبەر گشتدا کە باری نائاسایی دەیسەپێنێت. هەروەها یەکێتی نیشتیمانیی کە دەگونجێت دۆخێکی بەرگرییانەی لە قەوارەی نیشتیمانیی پێکبهێنایە بەرامبەر بە دوژمنکارییەکی دەرەکیی کە رووبەڕووی شۆڕشی فەڕەنسیی بووەوەو بەسەریدا سەرکەوت بەگەلاڵەکردنی چەمکی نەتەوەی یەکگرتوو لەم چوارچێوەیەدا، و بەبێ بوونی دامەزراوەگەلێکی دیموکراتیی‌و پرەنسیپگەلێك کە بە نووسینەوەی یاساکاندا رابگات، بگۆڕدرێت بۆ یەکێتییەکی نیشتیمانیی لەبەرامبەر تاکی هاوڵاتی‌و مافەکانیدا.

یەکێتی نیشتیمانیی لەسەرەتادا مەسەلەیەکی پەیوەستبوو بە بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان، پێویستە ئاماژە بەوە

بدەین کە ئەم مەسەلەیە هێندە بایەخی هەبوو، کە لویسی شانزەهەم لە کوژراو سەری پەڕێنرا بەو سیفەتەی کە ناپاك بوو دەستی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپادا تیکەڵکردبوو بە ئامانجی داگیرکردنی فەرەنسا دژ بە شۆڕش، نەوەك بەو سیفەتەی ستەمکار بوو، واتە خودی ستەمکاریی فاکتەرێك نەبوو بەدەست شۆڕشی فەرەنسییەوە بۆ سەپاندنی حوکم بەسەریداو لە سێدارەدانی. ئەو تاوانەی کە شایانی لەسێدارەدان بوو خیانەتی پاشابوو بەمامەڵەکردنی لەگەڵ هێزە بیانییەکاندا. هەر خیانەت بوو کە پاشا شارلی یەکەمی پێ تۆمەتبارکرا کاتێك پەرلەمانی ئینگلیزیی بە سەرۆکایەتیی کرۆموێل بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرد. ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە کە دیموکراتخوازانی عەرەب سوود لەم ئەزموونانە وەربگرن لەپێناو درککردن بە گرنگیی پرسی نیشتیمانیی لە سەروبەندی بنیاتنانی دەوڵەتی نیشتیمانی دیموکراتیکدا. ئەوە بەڵگەنەویستە کە نابێت شۆڕشگێڕان دەست لەگەڵ بێگانەکاندا تێکەڵبکەن. لەوەش پتر تۆمەتی پاشا کە بووە مایەی توندترین سزا بریتیبوو لە هاریکارییکردنی دوژمنانی بیانیی.

سیستەمی ستەمکاریی وەك ئەوەی شۆڕشەکان لێی تێدەگەن، جۆرێکی حکومەتە کە هاوڵاتیان لە فەزا گشتییەکەدا لەپەلوپۆدەخات بۆ ئەوەی هەر لە بوارە تایبەتەکانیاندا بمێننەوە، و داوایان لێدەکات "دەست بەکڵاوی خۆیانەوە بگرن". بەم مانایەش شۆڕش دژ بە ستەمکاریی واتە خۆپیاکردنی هاونیشتیمانیانە بە فەزا گشتییەکەداو بەشدارییانە لە کاروبارو دیاریکردنی چارەنوسیاندا. ئیدی پاڵنەرەکانی هاونیشتیمانیان وەك تاك هەرچییەك بێت ئەوا ئەوەی



وادەکات ببێتە شۆڕش بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان نییە. هەربۆیە مافی "نشدان السعادة / بەختەوەرییخوازیی" کە راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکیی وەك مافێك لە مافەکانی مرۆڤ جەختی لەسەر کردۆتەوە، لە دۆخی شۆڕشەکاندا بریتیە لە"(السعادة العامة/بەختەوەریی گشتیی"، گەر گوزارشتەکە دروست بێت. بەوەش تەعبیردەکات لە بەشدارییکردن لە بەدیهێنانی خێری گشتیی کە ئاکامی ئەو شۆڕشانەیە. ئەم بەشدارییکردنە لە پێکهێنانی خێری گشتیدا لە رێگەی بەشدارییکردن لە فەزای گشتیدا بریتییە لە بنەمای فەزیلەت public virtues لە نەریتی شۆڕشە دیموکراتییەکاندا.

گەل لە فەرەنسادا رێکخراو نەبوو یاخود لەشێوەی قەوارەیەکی سیاسیی- کۆمەڵایەتیدا نەبووە پتر مەحکوم بووە بە کۆمەڵە نێوەندە "کلاسیکییە فیۆداڵییەکان"، هەروەها جیاوکە زاڵمانەو بێکۆتاکانیانی رێکخستووە. ئیدی ئەمە قەیرانێك بوو لەسەرەتادا سەرجەم دامەزراوەکانی گرتەوە کە سەرچاوەی هێزیان لە لایەن گەلەوە بوو، ئەوەی ئەو شەرعییەتەی نەبوو کە دەسەڵات دەیبەخشیی. ئەوەی هەڵەیکرد وەختێك بڕوای وابوو کە دەسەڵات/ (هێزو یاسا) لە هەمان سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت. لە راستیدا توانای ئەوەی هەبوو یاساگەلێك دەربکات، بەڵام دەسەڵاتی پێویستی نەبوو بۆ پێکهێنانو پشکوتنی. ئەمەش پێویستیی بە کاتێکی زۆر بوو تا (الجمعیة التأسیسیة/ئەنجومەنی دامەزراندن) لە فەرەنسا شێوەی پەرلەمانی وەرگرتو لە لایەن گەلەوە شەرعییەتی پێدرا. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، دانیشتوانی کۆڵۆنییەکان لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی کارگێڕیی زاتیدا رێکخراوبوونو لەپێش سەربەخۆییدا

له لایەن ئەو دامەزراوانەوە بەڕێوەدەبران، لێرەوە دەگونجا دامەزراوە نوێیەکان شەرعییەت لەو دامەزراوانەی پێشترەوە وەربگرن. لە فەرەنسادا، پاشا خاوەنی سەروەریی بوو. لایەنی هەرە ڕۆشن لە ستەمکارییەکەیدا ئەوەبوو کە نوێنەری "المصلحة العامة/بەرژەوەندی گشتیی" بوو، جگە لەوانە هەموو ئەوانەی دیکە تەنیا بەرژەوەندی تایبەتیی بوون، دواتر سەرجەم ئەو دامەزراوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودا دروست هەبوون دامەزراوەی تایبەتیی بوون، ناتوانرێت بە دامەزراوەی گشتیی ناوبرێن، تەنانەت ئەگەر دامەزراوەگەلێکیش بن لە نمونەی کۆمەڵە پیشەیی و برایەتییەکان (الجمعيات الحرفية والاخويات) هتد.... لێرەوە گواستنەوەی سەروەریی بۆ "الامة/نەتەوە" واتە پشکوتنی لە "گشتییەکی" نوێدا جیاواز لەو گشتییەی کە لە "تایبەتیی" پاشادا بوو. ئەمەش پرۆسەیەك بوو پێویستیی بە پێکهاتن و پشکوتنبوو، واتە پرۆسەیەك یاخود بزاوتێکی مێژوویی بوو، کە سەرەتای نەبوو، سەرچاوەی شەرعییەت بوو لە پاش داڕمانی سەرچاوەی یەکەم، واتە شەرعییەتی "الحق الالهي/ مافی خودایی" بوو، هەروەها سەرچاوەی دووەمی شەرعییەتیش کە دەسەڵاتی پاشابوو. ئەم قەیرانە کە لە خاڵی یەکەمدایە ئەوەبوو کە: کێ شەرعییەت دەدا بەوەی دەستوور بنوسێتەوە؟ کێ شەرعییەت دەدا بە ئەنجومەنی دامەزراندن ؟ کێ شەرعییەت دەدات بەوانەی بانگەشەی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردنەکان بکات؟ هەرچی دیموکراتیەتە وەختێك دەست دەکات بە سەرلەنوێ خۆبەرهەم هێناوە ئەوا قەیرانەکە کۆتایی پێدێت بەهۆی بوونی شێوە ڕێکخراوەکانی گوزارشتکردن لەبارەی گەل و ئیرادەی گشتییەوە، چونکە چەند پرنسیپێکی هاوبەش هەیە کە



کۆدەنگیی لەسەر بەهاکان پێکدێنن و واپێویستە یاساکان خزمەتی بکەن، هەروەها پێویستیشە دەستووری لەسەر بنیات بنرێت و بە ئاشکراو بێپەردە گوزارشت لە هەندێکیان بکات و دایانبڕێژێتەوە. تاکو شۆڕشی فەڕەنسی "نەتەوە" شتێکبوو، "گەل" شتێکی دیکە بوو. نەتەوە لەوانە پێکدێت کە مافی سیاسییان هەیەو لە واقیعیشدا جیاوکیان (إمتیاز) هەیە، (ئەریستۆکراتیەت و کلیرۆس) بەڵام گەل ئەو ڕەشەخەڵکە بوو کە مافیان نییە. ئەم دوو چەمکە لە گشتاندنی هاونیشتیمانییبوون و گەل لەنێو نەتەوەدا یەکدەگرنەوە، واتە لە قەوارەیەکی سیاسیدا کە لە دەوڵەتی نیشتیمانییدا گوزارشتی لێدەکات، یاخود لە تامەزرۆیی و هەوڵدانی ڕێکخراو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتیمانیی.

## سەبارەت بە دۆخی شۆڕشگێڕیی یاخود شایستەیی بۆ شۆڕش

پێشتر باسمان لە چەمکی شۆڕش کرد، بەڵام ئەوەی کە شایانی پتر تۆژینەوەو وردەکارییە، ئەو حاڵەتانەیە کە دەبنە مایەی هەڵایسانی شۆڕش. کەی گەل بەخۆدەکەوێت و دەجوڵێت؟ ئەگەریش جوولا ئەو فاکتەرانە کامانەن کە ناڕەزایەتیی یاخود ڕاپەڕینی جەماوەریی بۆ شۆڕشێك دەگۆڕن کە کۆی سیستەمی سیاسییە بکاتە ئامانج؟ بڕوامانوایە ئەم پرسیارانە نابنە مایەی تیۆرێك بۆ شۆڕش. بڕواشناکەین ئەو هەولانەی کە بەگەڕدەخرێن بەئامانجی بنیاتنانی

تیۆرێك بۆ شۆڕش سوودبەخشبن، ئەو نووسینە تیۆرییانەی کە دەربارەی شۆڕش نووسراون زۆرجاران لە شۆڕشێکی مێژوویی یاخود خودی شۆڕشەکانەوە وەردەگیرێن، ئەو ئەنجامگیرییانەی پێیدەگەن بەسەر شۆڕشە دیاریکراوەکاندا دەگشتێنرێن. ئەمانە خوێندنەوەیەکن هەمیشە شایەنی رەخنەو پوچەڵکردنەوەن، یاخود بەشێوەیەکی بەردەوام شایەنی گەشەپێدانە. ئەستەمە ناوی تیۆر لە کۆی ئەو تیۆرانە بنێین کە لە ئاکامی کۆڵینەوە لە شۆڕشە جۆراوجۆرەکان لە مێژوودا کەڵەکەبوون. ئەو فاکتەرە تایبەتانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر جووڵەی خەڵكو راپەڕینیان دژ بە ستەم گۆڕانی بۆ شۆڕشێکی گشتگیر دژ بە سیستەم، زۆرن‌و ئەستەمە تێکڕایان پێکەوە کۆبکرێنەوە، هەروەها ئەستەمە رۆڵی گشت‌و تایبەت تێیدا دیارییبکرێت. بێگومان دەگونجێت شرۆڤەی بونیادی هەر شۆڕشێك بکرێت یاخود ئەنجامگیریی تیۆریی لێوە هەڵبهێنجرێت. ئێمە پێمانوایە ئەم هەوڵە نابێتە مایەی دروستبوونی تیۆرێکی گشتگیر کە بەشێوەیەکی زانستیی دواجار پێشبینی هەڵایسانی شۆڕش بکات، بەڵام بەدووری نازانین ئەم هەوڵە هاریکار بێت لە کەڵەکەبوونی ئەزموونێکی تیۆریی کە توانای ئەگەری پێشبینی هەڵایسانی شۆڕشی لە یەکێك لە وڵاتەکاندا هەبێت. بەڵام تەنیا وەك شیمانەیەکە، ئەمەش بەدەرنییە لەو حاڵەتە زۆرانەی کە شۆڕش تێیاندا روودەدات بێئەوەی هیچ کەسێك چاوەڕوانی بکات.

لینین لە وتارێکیدا بەنێوی (داڕوخانی ئینتەرناسیۆنالی دووەم)[29] دەڵێت:" شۆڕش بێ بوونی حاڵەتی شۆڕشگێڕیی مومکین نییە، بەڵام

[29] Lenin, The Collapse of the Second International, in: Collected Works. Vol. (Moscow: Progress, 1965), p 213.



هەموو حاڵەتێکی شۆڕشگێڕیی نابێتە مایەی شۆڕش." پاشتر لینین لە گۆشەنیگای خۆیەوە رەگەزەکانی حاڵەتی شۆڕشگێڕیی بەشێوەیەکی زۆر گشتیی دیارییدەکات:

١. شۆڕش وەختێك روودەدات کە مەحاڵ دەبێت سیستەمە فەرمانڕەواکان بەبێ گۆڕانکاریی حوکم بکەن، وەختێکیش قەیرانێك دروست دەبێت دەبێتە مایەی ململانێ لەنێو چینە باڵاکاندا (الطبقات العلیا)و هەروەها ململانێکان‌و کەرتبوونەکان (الانشقاقات) بەدیار دەکەون. ئیدی لە پشکوتنی حاڵەتێکی لەمشێوەیەدا تەنیا بەس نییە کە"چینە مەحکومەکان" رازیی نەبن بە شێوازە کۆنەکە بژین، بەڵکو دەبێت "چینە حاکمەکان"یش مەحاڵ بێت بە شێوە کۆنەکە بژین. ئەم پێناسەیەی لینین تاڕادەیەکی زۆر ناساندنێکی بازنەییە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەڵەگەلێکی لۆژیکیی دەگرێتەخۆ، چونکە بۆئەوەی مەحاڵ بێت چینە حاکمەکان بە "شێوە کۆنەکە" بژین پێویستە "چینە مەحکومەکان"رازی نەبن بە شێوە کۆنەکە بژین. ئاشکرایە ئەوەی لینین مەبەستیەتی لە چینەکاندا لە واقیعدا کۆی چینە ئابوورییەکانە، لەنێویشیاندا ئەو بەشەی کە راستەوخۆ دەسەڵاتدارو سیاسیی نییە. هەروەها ئەو دۆخانەدا کە ئەستەمە حوکم بە رێگە کۆنەکە بکرێت، بریتییە لە جەنگ‌و قەیرانی ئابووریی‌و لەرزە گەورەکان کە لینین لەسەروبەندی شۆڕشی روسیدا باسی لێوەکردووە.

هەروەها بڕوانە زەرورەتی قەیرانی بۆرژوازییەت‌و چینە بلأدەستەکان:

Lenin, LeftWing Communism, (Moscow: progress, 1950), p 69.

٢. وەختێك نەهامەتیی چینە چەوساوەكان لەڕادەبەدەر پەرەدەسێنێت. لەراستیدا ئەم حاڵەتە لە پاش جەنگی جیهانیی یەكەمدا لە روسیا هەبوو ، ئەوەی لینین خستوێتیە نێو چوارچێوەی پێناسەكەیەوە دەربارەی حاڵەتی شۆڕشگێڕیی. ئەوەی زۆرجار لە جەنگو پاش جەنگداو لە حاڵەتەكانی وشكەساڵیی‌و قاتوقڕیدا، یاخود حاڵەتەكانی قەیرانی توندی ئابووریی‌و تەنانەت لەپاش كارەساتە سرووشتییەكانەوە، دێتەئارا.

سەبارەت بە پێكهێنەری دووەم لە پێناسەی حاڵەتی شۆڕشگێڕیدا، ئەزموونی شۆڕشە عەرەبییەكان سەلماندوویانە كە نەهامەتیی تەنیا حاڵەتێكی بابەتیی نییە، بەڵكو هەروەها پەیوەستە بە هۆشیاریی درككردنی نەهامەتییەكە لەرووە سیاسییەكەیەوە، بە گوزارشتێكی وردتر: پەیوەستە بە هۆشیاریی حەقیقەتی ئەو نەهامەتییانەی كە دەرەنجامی ستەمن، نەوەك دۆخێكی سرووشتیی یاخود دەرهاویشتەیەكی كۆمەڵایەتیی. ئیدی دۆخی كۆمەڵایەتیی ئابووریی وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵكو لە قۆناغێك لە قۆناغەكان باشتر دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو باشبوونە هاوكاتبوو لەگەڵ زیادبوونی هۆشیاریی بەرامبەر بەو دۆخە وەك نەهامەتییێكی دەرەنجامی ستەم یاخود نەبوونی دادپەروەریی‌و ئینساف، ئەوكات نەهامەتییەكان زیاد دەبن بەبێئەوەی بەشێوەیەكی بەرچاو ژیانی هاونیشتیمانیان بەرەو خراپیی بڕوات، هەروەها زۆرجاران لەپاش جەنگەكانەوە بەشێوەیەكی راستەوخۆ دروست دەبن، یاخود لە قەیرانە ئابوورییەكاندا دروست دەبن، وەختێك ئەمە دەڵێین مەبەستمان بەكەمگرتنی ئەو گۆڕانكارییانە نییە كە هاونیشتیمانیان بەرەو راپەڕین هاندەدەن.



٣. وەختێك چالاكیی چینە چەوساوەكان‌و بێزارییان زیاد دەكات‌و لەئەنجامی قەیران‌و هەڵسوكەوتی چینە چەوسێنەرەكانەوە. ئەم خاڵە لەگەڵ فاكتەری خۆیی پەیوەست بە چالاكیی‌و هۆشیارییەوە مامەڵە دەكات.

گومانی تێدانییە كە پێكهێنەری یەكەم بۆ حاڵەتی شۆڕشگێڕیی بەسە بۆ پشكوتنی پێویستیی بۆ چاكسازیی. بەڵام دۆخی شۆڕشگێڕیی كە ببێتە هۆی شۆڕش لانیكەم پێویستی بە كۆبوونەوەی دوو هۆكار لە سێ هۆكارەكە هەیە. پێویستە لێرەدا جەخت لەوە بكەینەوە كە نەهامەتیی‌و تێڕوانینی ئەگەرو پێویستیی گۆڕین ئاخود ئەوەی كە ناوی "**القابلية للثورة**/ شایستەیی بۆ شۆڕش"ی لێدەنێین، مەسەلەیەكە پەیوەندیی بە هۆشیارییەوە هەیە. پێویستیی لەلای هیگڵ وەك دۆخێكی هۆشیاریی بە نوقستانی شتێك پێكدێت. ئەوەی بریتیە لە"**وعي النقص**/هۆشیاریی نوقستانی". "شایستەیی بۆ شۆڕش" لە پێناسەی ئێمەدا ئەو هۆشیارییەیە كە رەوشی نەهامەتییەكە دۆخێكی ستەمكارانەیە، واتە ئەوەی كە پاساوێك بۆ نەهامەتیی نییەو ئەوەی هەیە حاڵەتێكی سروشتیش نییە، لەهەمان كاتدا هۆشیاریی ئەگەری كاركردن لەدژی ئەو نەهامەتییە دەگرێتەخۆ.

بێگومان بەگەڕانەوە بۆ لینین وەك تیۆرسینێكی شۆڕشگێڕ، سوودبەخشە لە ناساندنی دۆخی شۆڕشگێڕییدا ئاماژە بەوە بكەین-ئەگەر چەمكەكانی لینین بەكاربهێنین- كە دۆخی شۆڕشگێڕیی بەتەنیا لە دۆخی چینی كرێكارەوە ناپشكوێت، بەڵكو پێویستە چینی دەسەڵاتدار بچێتە نێو حاڵەتی قەیرانەوە

(البرجوازية في منظور عصره)... ئەم قەیرانە لە دیدگای ئەم سەردەمەوە جیابوونەوەیەکی پراکتیکییە لە تێڕوانینی چینی دەسەڵاتداردا کە وادەکات هەڵسوکەتی جیاواز لە سەروبەندی هەڵایسانی شۆڕشدا بکات. پێویستە بڵێین کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ کە بووە مایەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن بەلشەفیەکانەوە لەرێگەی هێزەوە، پەیوەستبوو بە شۆڕشی مارسی ١٩١٧ەوە، ئەم شۆڕشە بووە دەسپێکی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. لەپاش شۆڕشی مارس (لە رۆژمێری روسیداو شۆڕشی نیسان لە رۆژمێری زایینیی گریگۆریی هەروەها شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشی نۆڤەمبەرە) دوالیزمەی دەسەڵاتێك دروستبوو لەنێوان ئەو حکومەتەی کە لینین نێوی نابوو بۆرژوازییەت واتە حکومەتی کیرنسکیی، لە لایەك‌و لەنێوان شووراکان واتە ئەنجومەنەکان (مەبەست لێی ئەنجومەنە کرێکاریی‌و سەربازییەکانە) لەلایەکی ترەوە. لەبەرامبەر ئەم دوالیزمەدا پێویستبوو لەسەر شووراکان گرفتی شۆڕش بە هێز یەکلایی بکەنەوە، تاکو دەسەڵات بەتەواویی بگۆڕدرێت بۆ "دەسەڵاتی شووراکان". لێرەوە دروشمی لینین بریتیبوو لە "هەموو دەسەڵاتەکان بۆ شووراکانە". لە راستیدا دروشمی "هەموو دەسەڵاتەکان بۆ شووراکانە" دروشمێکی چەواشەکارانە بوو، دروشمی راستینە ئەمەبوو "هەموو دەسەڵاتەکان بۆ بەلشەفیەکانە"، ئەو دروشمەی سەرێ تەنیا پەردەیەکبوو بۆ شاردنەوەی ئەم دروشمە راستینەیە، ئەو شوورایانە حیزبیی نەبوون، شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەنێوی ئەنجومەنەکانەوە دەسەڵاتی لەبەرژەوەندیی بەلشەفیەکان



یەکلاکردەوە، پاشتر بەلشەفیەکان هەستان بە پاکتاوکردنی هەر جووڵانەوەیەکی سەربەخۆی ئەو شوورایانە کە لە دەرێی حیزب بوون‌و بەهێز تەفروتونایان کردن.

نازانین ئەگەر شۆڕشی مارس لەبری شۆڕش، چاکسازیی (إصلاح) لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتیدا بکردایە، لەرووی مێژووییەوە چی روویدەدا؟ رەنگە سیستەمێکی دیموکراتیی، یاخود نیوە دیموکراتیی، دابمەزرایە. هەرچی شۆڕشی بەلشەفییە کە بەهێز دوالیزمەی دەسەڵاتی یەکلاکردەوە سیستەمێکی دیکتاتۆریی تۆتالیتاریی دامەزراند. بەگەڕانەوە بۆ تیۆری دۆخی شۆڕشگێڕیی دەکرێت حکومەتی کیرنسکیی گوزارشت بێت لە کەرتبوون لە نێوخۆی چینی فەرمانڕەوای بۆرژوازدا، لەنێوان هاوپەیمانیی لەگەڵ سیستەمی پاشایەتیی‌و یاخیبوون لێی.

هەرچی دۆخی "شۆڕشە عەرەبییەکان"ی ئێستایە، دەکرێت بڵێین بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو بەهۆی پەرەسەندنەکانی شۆڕشەوە کەرتبوون لەنێوخۆی چینی فەرمانڕەوای میسردا روویدا، بە تێگەیشتنی بەرفراوان بۆ ئەم چینە، ئەوەش سەبارەت بە مەسەلەی میراتگریی دەسەڵات لە کۆمارییداو، هەروەها لەمەڕ بژارە دەرەکییەکانی وڵات. بێگومان چوونی گرووپە حیزبیی‌و سیاسییەکان بۆ بواری سەرمایەگوزاریی، بووە مایەی پشکوتنی ململانێ لەنێوخۆی چینی ئابووریی فەرمانڕەوادا لەرووی قۆرخکارییەوە، هەروەها بەوەی گرووپێك بەهۆی نزیکایەتییەوە لە بنەماڵەی فەرمانڕەواوە لەسەروو گرووپەکانی ترەوە دابنرێت. سوپاش هەڵوێستێکی نەرێیی ئاشکرای بەرامبەر بە بیرۆکەی میراتگریی‌و دەسەڵاتی بەربڵاوی سەرمایەداران

گرتەبەر (ئەمەش ئەوە ڕەتناکاتەوە کە سوپا لەمیسردا زۆرترین قازانجی بینی لە گەندەڵی، بەتایبەت لەپاش بەرفراوانبوونی کەرتی ئابووریی سەربازیی). تاکو پێش شۆڕش گرەوەی نەیارانی مەسەلەی میراتگریی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار بۆ کوڕی سەرۆك، ئەوەبوو کە سوپا بەمە ڕازی نابێت، ئەمەش وایکرد ئەو گرووپانە بەشێوەی جیاواز جیاواز لەو پەراوێزە کەمەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریدا، لەدەوڵەتانێکی وەکو میسرو تونس‌و مەغریب‌و ئەردەندا گوزارشت لەخۆیان بکەن، بەڵام گوزارشتی هەرە مەزن‌و ئایندەیی لە سەرکردایەتی سوپادا دەرکەوت وەختێك لە ساتی تەنگانەدا لە فەرمانەکانی سەرکردایەتی سیاسیی یاخیبوون‌و ڕەتیانکردەوە فیشەك بە خۆپیشاندەرانەوە بنێن‌و پاشتر لایەنگیرییان لە شۆڕش کرد.

لە دۆخی شۆڕشە عەرەبییەکاندا ئەوە چەسپا کە قورسە جڵەوی دەسەڵات بگریتە دەست بەبێ کەرتبوونی چینی فەرمانڕەواو، لایەنگیریی سوپا یان لانیکەم بەشێکیان بۆ شۆڕشگێڕان. ئەگەر ئەمە ڕوونەدات دەسەڵات وەك قەڵایەکی پۆڵایینی چەکدار دەمێنێتەوەو نابەزێنرێت، گەرچیی هێندێك لە فەرمانبەران‌و بەرپرسەکانی بەجێی بهێڵن، دواجار ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی شۆڕش بەرەو جووڵانەوەیەکی چەکداریی‌و هانابردن بۆ دەستێوەردانی دەرەکیی وەك لە لیبیادا ڕوویداو بینیمان.

لێرەدا ئەگەرەکان لەم نێوانەدایە:

١. یان ئەوەتا شۆڕش دەبێتە مایەی کەرتکردنی چینی فەرمانڕەواو بەزاندنی ڕژێمەکە، یانیش شکست دەهێنێت‌و چاکسازیی دەست پێدەکات‌و، ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەت لەو دەوڵەتانەدا



دروستە کە دامەزراوەیین، لەنێویشیاندا سوپا خاوەنی جڵەوی خۆیەتی‌و ڕەتیدەکاتەوە ببێت بە پۆلیسی ستەمکاریی، ئەمەش بەگشتیی لەو دەوڵەتانە ڕوودەدات کە تێیدا دەتوانرێت جیاوازیی لەنێوان لایەنگیریی بۆ دەوڵەت‌و لایەنگیریی بۆ ڕژێم بکرێت.

٢. چوونە نێو سازشکارییەکی دوورمەودا، کە ببێتە مایەی چاکسازیی پلەبەپلە بە فشاری بەردەوامی شۆڕشی شەقام.

٣. هانابردن بۆ دەستێوەردانی دەرەکیی، ئەم هانابردنە لێوانڕێژە لە خەتەرناکیی گەورە لەسەر ئایندەی وڵات‌و سەرەوەریی‌و یەکێتی گەلەکەی.

دۆخی شۆڕشگێڕیی لە دەوڵەتانی عەرەبیدا بووە مایەی هەڵایسانی شۆڕشگەلێك، بەتایبەت لە میسرو تونسدا. شۆڕشێکی جەماوەریی ڕاستیینە هەڵایسا، بەڵام هیچ هێزێکی سیاسیی ڕێکخراو شۆڕشەکەی بەکارنەهێنا تاکو بەهێز جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست، بەڵکو ڕاپەڕین هەڵایساو وەرچەرخا بۆ شۆڕشی جەماوەریی دژ بە ڕژێمەکان، داوای ڕووخاندنی ئەو ڕژێمانەیان دەکرد بێئەوەی هیچ هێزێکی سیاسیی ڕێکخراو بخرێتە جێگەکەی، سوپاش لە پرۆسەی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان یاخیبوو، ڕژێمەکانی میسرو تونسیش ئاڵای سپییان بەرزکردەوەو لەدوای قوربانییدان بەهێندێك لە سیمبولەکانیان، تەسلیمبوون، لە گرنگترینیان سەری ڕژێمەکە بوون. پاشتر شۆڕش ریفۆرمی سیاسیی لە ڕژێمەکاندا بەدوی خۆیدا هێنا، کە هاوکات بوو لەگەڵ فشاری جەماوەر لە شەقامدا تاکو ڕێڕەوی گۆڕانی دیموکراتی بگرێتەبەر.

شۆڕشە عەرەبییەکان مۆدیلێکی نوێیان پێشکەشکرد کە هێشتا تەواو پێنەگەیشتووە. کە تەنانەت بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئەو کۆڵینەوانەش پوچەڵدەکاتەوە کە بەمدواییە لە خودی میسردا نووسراوە لەبارەی دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو هەلومەرجانەی کە دەبنە هەڵایسانی شۆڕش، بەبیٚ ئەو مەرجە گشتییو بەڵگەنەویستانەی کە لەو هەوڵە تیۆرییانەدان، وەك "بوونی ناکۆکیی کۆمەڵایەتیی- سیاسیی لەنێوان حاکمو مەحکومدا"، "دەستەوسانیی دەسەڵات لەچارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە"، "گۆڕانخوازیی هاونیشتیمانیان". پێوەرەکانی وەك "بوونی کۆمەڵەیەکی نهێنیی یاخود ئاشکرا"، پارتێك یاخود بەرەیەك کە هەوڵبدات بۆ بەرژەوەندیی خۆی چارەسەری ناکۆکییەکان بکات، بەشێوەیەك لەگەڵ بەرژەوەندیی هێزە بەشداربووەکاندا بێتەوە..." هەڵبژاردنی ساتو هەلومەرجی گونجاو بەئامانجی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا"[30]، ئەمانە پێوەرگەلێکن شۆڕشە عەرەبییەکان ڕەتیدەکەنەوە، شۆڕش بەهۆی هیچ پارتێکی سیاسیی ڕێکخراوەوە ڕوویندا کە هەوڵی بەدەستخستنی دەسەڵات بداتو، بەدووی کاتی گونجاودا بگەڕێت. هەروەها ڕۆژی هەڵایسانی شۆڕش کە پاشتر دەرکەوت "کاتێکی گونجاو" بوو بۆ شۆڕش، لەبنەڕەتدا بانگەشەکردن نەبوو بۆ شۆڕش، بەڵکو ڕۆژی تووڕەیی بوو لە میسردا. هەرچی لە تونسە، ڕاپەڕین لە سیدی بۆزید

[30] عاصم دسوقي واخرون، **الثورة والتغيير في الوطن العربي عبر العصور**: أعمال ندوة الجمعية المصرية للدراسات التأريخية، (القاهرة، مركز البحوث والدراسات الاجتماعية في كلية الاداب – جامعة القاهرة، ٢٠٠٥)، ص ١٦-١٧.



هەڵایساو خۆپێشاندان سەریهەڵدا، پاشتر وردە وردە بۆ شۆڕشێکی توند وەرچەرخا. ئەمەش ئەوە ڕەتناکاتەوە کە شۆڕشە عەرەبییەکان ڕێگەی خۆشکردووەو ڕێگەش خۆشدەکات تاکو پارتە سیاسییە ڕێکخراوەکان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات کێبڕکێبکەن.

تەنانەت ئەگەر شتگەلە بەڵگەنەویستەکانیش وەربگرین، دەبینین بەس نییە بۆ بەرپابوونی شۆڕش، کێشەکە بوونی ناکۆکیی نییە لەنێوان حاکمو مەحکومدا، چونکە ناکۆکیی هەمیشە لەم جۆرە سیستەمانەدا بوونی هەیە، پرسیارەکە ئەمەیە چۆن ناکۆکیی دەگاتە ئاستێك کە پاشتر ناتوانرێت لە چوارچێوەی سیستەمی ڕۆژگاردا چارەسەربکرێت؟ هەروەها چۆن هاونیشتیمانان درك بەمە دەکەن؟ هەموو ئەمانە گرفتی تیۆریی نین تا هاوکێشەیەکی تیۆریی بۆ دابتاشرێتو چارەسەر بکرێت، بەئەندازەی ئەوەی واقیعێکی مێژووییە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت.

واخۆشە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە نەك هەر خەڵك، بەڵکو ڕۆشنبیرانیش بە ڕەگەزی فەرهەنگی دەدەن. لە قۆناغەکانی (الجمود/چەقبەستووییدا) کە زۆرجاران لایەنگرانی گۆڕانکاریی بەرەو بێئومێدیی دەبات، تا ئەو ئاستەی هێندێك لە کۆڵەرە تورەو بێزارەکان فەرهەنگی گەل بە ملشۆڕییو ناشۆڕشگێڕیی تۆمەتباردەکەن، نموونەش لەمێژوودا بۆخۆیان دەدۆزنەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بیرۆکەکانیان سەبارەت بە گەلێکی سستو هەوسارکراوو ملشۆڕ،کە شان بۆ دەستڕۆیشتوانو سوڵتانەکان دادەداتو کاسەلێسە، ئەو گەلەی بەدرێژایی مێژووەکەی دەستەمۆی ستەمەو ڕازییە بە سەرشۆڕییو سوکایەتیپێکردن. وەختێکیش شۆڕش هەڵدەگیرسێت هەر ئەوانە باس

لە سیفەتەکانی یاخیبوون و ناڕازیببون و لێهاتوویی دەکەن وەك تایبەتمەندیی ئەو گەلە "بەدرێژایی مێژووەکەی"*. کتوپڕ شۆڕشگێڕان و کۆڵەران نموونە لە مێژووی ئەم گەلە دەهێننەوە کە گەواهی شکۆمەندییە نیشتیمانییە هاوچەرخەکە دەکات.

* ئەم حاڵەتە دژبەرە لەلای فایەق بێکەسی شاعیری کوردیش بەدیدەکرێت، ئەوەی زۆرجار جێگەی پرسیارو سەرسوڕمانی خوێنەرانی بووە، ناوبراو لەکاتێکدا لە شیعرێکیدا دەڵێت:   کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوودڵن پیسن لەگەڵ یەك بۆیە وا بێ لانەیە..

بۆ قسەی زل بێ قسورن باسی کوردییەت ئەکەن

کوردییەت لایان بەتەنیا جەفتەو جامانەیە...

میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستیقلال دەگات

داخەکەم وردو درشتی شێت و شەیدای عانەیە

دواتر دێتەوەو هەر لە باسکردنی هەمان گەلدا دەڵێت:

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر رووی زەمین

میلەتێکی قارەمانن هەر دەبێت سەربەست بژین

میلەتێ لاوی لەرێگەی سەربەخۆیی نیشتیمان

بێتە بەر سێدارە بێ خەم دەم بەخەندەو پێکەنین...

قەومی وا نامرێ دەژی با دوژمنی هەر شەق بەرێت

خاوەنی رۆڵەی نەبەردە خاوەنی عەزمی مەتین..



## شۆڕش وەك جووڵانەوەیەك كە شایستەی بڵاوبوونەوە بێت

لەپاش شۆڕشی فەڕەنسیی کە راچەنینی پاشایەتیی –ئەگەر دەستەواژەکە راست بێت– بەدوای خۆیدا هێنا، دووبارە شەپۆلی یاخیبوونەکان سەرجەم ئەوروپای گرتەوە، بەتایبەت لەپاش سەردەمی ناپلیۆنیی و داکشانی داگیرکارییەکانی، کە لەهەمانکاتدا بیروبۆچوونەکانی شۆڕشیشی بڵاودەکردەوە، رەنگە قۆناغی نێوان ساڵانی ١٨٣٠ بۆ ١٨٤٨ زۆر لەهەلومەرجە عەرەبییەکەی ئێستا بچێت لەرووی بڵاوبوونەوەی بیری شۆڕش و سووربوونی حکومەتەکان لەسەر گرتنەبەری هەنگاوی پێشوەخت بەئامانجی پێشگیرییکردن و لەباربردنی ئەو شۆڕشانە، هەروەها لەرووی گۆڕانی شۆڕش و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی دیموکراسیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتیمانیی بەرەو گۆڕانێك کە هەڵکشان و داکشان و قەیرانگەلێك لەخۆدەگرێت. لەزۆر لە دۆخە ئەوروپییەکەی سەدەی نۆزدەدا، دەستووری دیموکراسیی لە دەوڵەتێکدا بەدیی دەهات کە شۆڕش تێیدا شکستی هێنابوو، واتە پاش شکستهێنانی لە سەرنخونکردنەوەی سیستەمەکەدا.

ئەریك هۆبزباوم، دەربارەی ئەو قۆناغە دەڵێت:" کەمجاران دەستەوسانی حکومەتەکان لە رەوتی مێژوودا دەردەکەوێت بەهەمان شێوەی ئەوەی لە نەوەی پاش ساڵی ١٨١٠دا، دەرکەوت. لەراستیدا، ئامانجی باڵای سەرجەم دەوڵەتان کە بیست ساڵی بەسەر شکستپێهێنانی شۆڕشەکە تێپەڕاندبوو، ئەوەبوو کە رێگریی لە

هەڵگیرسانی شۆڕشێکی دیکەی هاوشێوەی شۆڕشی فەرەنسیی بگرێت، یاخود ڕێگەبگرێت لەوەی شۆڕشێکی دیکەی لەو خراپتر رووبدات، واتە هەڵایسانی شۆڕشێکی ئەوروپیی گشتیی لەسەر هەمان شێوەی شۆڕشی فەڕەنسیی. ئەمەش بۆ بەریتانییەکان راستدەکەوێتەوە کە هاوسۆزنەبوون لەگەڵ سیستەمە کۆنخوازە رەهاکان کە دەسەڵاتیان لەسەرجەم بەشەکانی ئەوروپادا گێڕایەوە، ئەوان درکیان بەوەکرد کە پێویستە لەسەریان نەبنە قۆرت لەبەردەم رێگەی چاکسازیی و خۆیانی لێ لانەدەن. بەڵام لەهەمان کاتدا دەترسان لە فراوانبوونی فەرەنساگەرایی و پتر لە ترسیان بەرامبەر بە هەر گۆڕانکارییەکی کتوپڕی نێودەوڵەتیی تر هەبوو. وێڕای ئەمەش، هەرگیز لەمێژووی ئەوروپیدا روونەداوە یاخود بەدەگمەن شتی وا لە شوێنی دیکەش روویداوە، کە تا ئەم سنوورە شۆڕشگەرایی بووبێتە پەتایەکی بەربڵاوو خۆبەخۆی خۆی یاخود لەرێگەی پاگەندەی رێکخراوەوە گوازرابێتەوە"[٣١].

شۆڕشی فەرەنسیی، تەنیا چەمکی دەوڵەتی نیشتیمانیی لەرووی بوونی سنووری سیاسیی ئاشکراو زەویی دیاریکراوەوە نەچەسپاند کە تاکە سیستمێکی کارگێڕیی و یاسایی بەڕێوەیبەرێت، بەڵکو کردیە گریمانەیەك کە دەوڵەت بەرجەستەی نەتەوەیەك بکات کە بریتییە لە تاکە گرووپێکی زمانەوانیی. ئەمە دۆخی فەرەنسایە لەپاش شۆڕشی فەڕەنسیی و لەژێر سایەی ناپلیۆندا. دەشێت لێرەدا سوودبەخشبێت ئاماژە بەوە بدەین کە، خودی فەرەنسا بەئامانجی دامەزراندنی یەکێتی

[31] ایریك هوبسباوم، لا ٢٢٠.



زمانەوانیی و سیاسیی نەتەوەی فەرەنسیی، دیالێکتەکان و پەیوەستە ئیتنییەکانی بە ئاگرو ئاسن لەنێوبرد، کەچی سەبارەت بە مافی کەمینەکان، ئامۆژگاریی گەلانی رۆژهەڵات دەکات و هەوڵدەدات بە ماڵ و دارایی و پسپۆڕو دامەزراوەکان، رۆشنبیرییە خۆجێیی و کەمینە ئاینییەکان بە نەتەوەیی بکات.

شۆڕشی فەرەنسیی بە چەسپاندنی دەوڵەتە نیشتیمانییەکانەوە نەوەستا، بەڵکو چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریی لە قۆناغی نێوان سەرەتاو ناوەندی سەدەی نۆزدەیەدا لەنێوچوون، ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز لەنێوچوو، دیسانەوە کۆمارەکانی (جنوا– البندقیة)، لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا لەنێوچوون، هەروەها ژمارەی شارو دەوڵەتە ئازادەکانی ئەڵەمانیا کەمبوونەوە. هەروەها نەمسا رێبەرایەتیی هاوپەیمانی ئەوروپای کۆنەپەرستی کرد دژ بە ناپلیۆن لەپاش شکستەکەی ساڵی ١٨١٥. ئەو نەمسایەی هەر لە ساڵی ١٨٢٠ەوە بەرەوسەر، خاوەنی بانگەشەی خامۆشکردنی سەرجەم جووڵانەوەو شۆڕشەکان بوو بەشێوەیەکی دەستبەجێ و بەقازانجی سیستەمە کۆنەکە. ئەم هەڵوێستە لە هەمان هەڵوێستی شانشینی عەرەبیی سعودیی دەچێت کەپاش شۆڕشەکانی میسرو تونس نواندی.

بەدەگمەن دەستەوسانی حکومەت و رژێمەکان لە جڵەوکردنی رەوتی مێژوودا دەرکەوتووە وەك ئەوەی لە پاش ساڵی ١٨١٥دا روویدا، ئامانجی سەرجەم ئەو حکومەتانەی کە هەر ساڵی ١٧٨٩ تاکو ساڵی ١٨١٥ دژی شۆڕشی فەڕەنسیی جەنگابوون، ئەوەبوو کە بەربگرن لە پشکوتنی هەر شۆڕشێکی تری هاوشێوەی شۆڕشی فەڕەنسیی. بەڵام شۆڕش بە چەند شەپۆلێك هەڵگیرسا: شەپۆلی یەکەم لەنێوان ساڵانی

١٨٢٠–١٨٢٤ لە ئیسپانیاو ناپۆلیی‌و یۆنان، کە تەنیا لە یۆنان سەرکەوتنی بەدەستهێنا. پاشتر شۆڕگەلێکی هاوشێوە لە ئەمەریکای لاتیندا هەلآیساو، بەڕازیل لە ساڵی ١٨٢٢دا، لە پورتوگال جیابوونەوە. ئیدی زۆرینەی دەوڵەتانی ئەمەریکای باشوور لە چنگی ئیسپانیا رزگاریان بوو، چەندین نێویش بەدەرکەوتن لەوانە سیمۆن بۆلیڤارو سان مارتن‌و هتد...

پاشتر شەپۆلی دووەم لەساڵی ١٨٣٠دا، سەریهەڵدا، پاشتر شەپۆلە مەزنەکەی شۆڕشگێڕیی لەساڵی ١٨٤٨ هات کە بە (ربیع الشعوب/بەهاری گەلان) ناونرا، ئەم نێوە لە رۆژهەڵاتی ئەوروپاو جیهانی عەرەبیی‌و چەندین شوێنی تری جیهان لە سەردەمی شۆڕشە دیموکراتییەکاندا بەکارهێنرا. بەهۆی شۆڕشی فەڕەنسییەوە فرە ئاسانە سەرجەمیان بە "شۆڕش" نێوببرێت، جا ئەگەر سەرکەوتنیان بەدەستهێنابێت یاخود نا، ئەو شۆڕشانەی زۆرجار بەرنامە بۆ داڕێژراو بوون، بەو واتایەی لە راپەڕینەوە بگۆڕێن بۆ شۆڕش، ئەویش ئەو قۆناغەیە کە هاوشێوەی شۆڕشی فەڕەنسیی‌و بەئامانجی بەرگرتن لە پلاندانان بۆ شۆڕش، گەشەسەندنی هەواڵگریی نێوخۆیی‌و کاری هەواڵگریی پۆلیسیی بەخۆوەبینیی.

بڵاوبوونەوەی چەمکی "شۆڕش" لەو قۆناغەداو نێونانی هەر راپەڕینێکی جەماوەریی بە شۆڕش، بەهەمان شێوەی جووڵانەوەی نارەزایەتیی عەرەبیی بوو کە لە پاش شۆڕشی تونسیی‌و میسرییەوە نێوی شۆڕشیان لێنرا. هێندێك لەوانە بەڕاستی بوونە شۆڕش، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەوهۆیەوە نەبوو کە ناوی شۆڕشیان لێنرابوو.



لەو قۆناغەدا لە بەریتانیا جووڵانەوەی "چارتییەکان/پەیماننامەی گەل" دامەزرا: ئەو پەیماننامەیەی کە شەش خاڵی لەخۆدەگرت:

١. مافی دەنگدانی گشتیی بۆ پێگەشتبووان.
٢. دەنگدان لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە.
٣. مەڵبەندە یەکسانەکانی هەڵبژاردن.
٤. پێدانی مووچە بە ئەندامانی پارلەمان .
٥. ساڵانە پارلەمان هەڵبژێردرێت .
٦. رەتکردنەوەی پێشخستنی کاندیدەکان بەهۆی موڵك‌و داراییانەوە[32].

ئیدی ئەم جووڵانەوە گرنگە بەریتانییە، نەریتی سیاسیی دیموکراتیی رادیکاڵیی یاقوبیی تەواوکرد، هەروەها ئەمەریکیش کە تۆماس پین Thomas paine جێرمی بێنسام Jereme Bentham نوێنەرایەتییان دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە داوای گشتگیریی مافی هەڵبژاردن‌و جیاکردنەوەی پارلەمانی جێبەجێکارییان لە چینە دەوڵەمەندەکان دەکرد. ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە گرووپێکی دیکەی تیچدا هاتەئارا کە دەتوانین بە "شۆڕشگێڕیی" ناویانبەرین، ئەوانەی پێیانوابوو ئەرکیان رێکخستنی شۆڕشی سیاسییە لەسەر شێوەی (أخویات/برایەتییەکان)و کۆمەڵە نهێنیی‌و پارتی سیاسییەکان کە کاربکەن بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی شۆڕش دژ بە سیستەمە کۆنەکان لەسەرجەم ئەوروپادا. لەو قۆناغەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵەی نهێنیی دروستبوون کە لە مێژوودا بێوێنەیە.

[32] ایریك هوبسباوم، لا ٢٢٧.

وەختێك نەتەوەگەرایی بە دیموکراسیی تێکەڵبوو، لە یەك کاتدا بووە رەوتێکی نیشتیمانیی و نێونەتەوەیی، چەندە مەسەلەیەکی وا لەو دەمەدا ناکۆك دەردەکەوت. ئیدی شۆڕشگێڕان لە ئەورووپاو لەسەدەی نۆزدەیەمدا کێشەی گەلانیان بە یەك کێشە دەزانیی. بۆیەشە زۆر لەو شۆڕشگێڕانە ئەم وڵاتەو ئەو وڵاتیان دەکردو لەپێناو دیموکراسیی و سەربەخۆیی نیشتیمانیی پێکەوە تێدەکۆشان. مازینیی Guiseppe Mazzini (١٨٠٥-١٨٧٢) بەشداریکرد لە دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەدا لەوانە ئیتاڵیای لاو، ئەڵمانیای لاو، پۆڵەندای لاو، ئەو هەوڵیدەدا سەرجەمی ئەو کۆمەڵانە لە کۆمەڵەی ئەورووپای لاودا پێکەوە گرێبدات. بڕوای وابوو هەموو گەلێك خاوەن پەیامێکی تایبەتە، ئەویش بەشدارییەتی لە بەدیهێنانی پەیامی گشتیی مرۆڤایەتیی، نەتەوایەتیش جگە لە پەیامی تایبەتی گەل نەبێت لە چوراچێوەی پەیامی گشتیی مرۆڤایەتییدا، هیچی تر نییە.

بەڵام شۆڕش بڵاونابێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی کە هەلومەرجی وڵاتێك هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو دەرهاویشتانەی کە بۆتە مایەی هەڵایسانی شۆڕش لە وڵاتێکدا کە دەکرێت بڵێین نموونەکەی هەناردەکات. ئیدی تەینا بە سەرکەوتنی شۆڕش و بڵاوبوونەوەی کاریگەرییەکانیی و ئەو وێنەیەی پێشانیدەدات سەبارەت بە تواناکانی گۆڕانکاریی بەهۆی ئیرادەی گەلەوەو توانای جووڵانەوەی گەلان، ئەو گەلانەی کە هەست بە ستەم دەکەن و، جاڕسبوون لە چەقبەستوویی، یاخود هێندێك لە بەشەکانی ئەو گەلانە لەو حاڵەتەدان، ئەوانە ئیلهام لە نموونەکە وەردەگرن و دەست بە جووڵە دەکەن. ئەوان بەشێوەیەکی زاستیی لە بابەتەکە ناکۆڵنەوە، پێشوەختیش بەراوردکاریی ناکەن، بۆیە شۆڕش



لەدەرەنجامی پێویستیی و گۆڕانکارییەکان لە ویژاندا بەرپادەبێت. زۆرجار شۆڕش لە وڵاتانێکدا بڵاودەبێتەوە کە لە بنەڕەتدا بەپێی هەر تیۆرێکی خۆیی یاخود کەڵکەبوونی مەعریفەی خۆیی ئامادەنییە بۆ شۆڕش، ئەگەر جۆرێك لە بەراوردی وێنایی ئەنجامبدەین، دەڵێین بزوێنەری بوخاریی کە جیمس وات لە ساڵی ١٨٨٧دا، دایهێناوە، پاشتر ستیڤنسۆن لە شەمەندەفەردا جێبەجێیکرد، بەشێك لەو زانستی فیزیایەی دەویست کە لەو ساتەدا باوبوو، ئەوەی پێشتر فەرەنسییەکان لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەدا پێی گەیشتبوون. بەڵام پێویستییەکانی بەریتانیا لە دەرهێنانی خەڵوزدا لە کانەکاندا، بووە هۆی پەرەپێدانی بەکارهێنانە پیشەسازییەکانیی و، داهێنانی بزوێنەری بوخاریی. لێرەدا سەرکەوتن لەسەر دەستی میکانیکییەکی لێهاتوودا بەدیهاتووە نەوەك لەسەر دەستی فیزیاییەکدا. بەڵام لێرەدا لانیکەم سەرکەوتن بەدەستهاتووەو نازانین داخۆ چەند هەوڵی لەمشێوەیە لە وڵاتانی تردا پێش ئەوەی سەربکەوێت شکستی خواردووە.

لەوانەیە دەرفەتێك بۆ تیۆریزەکردن هەبێت کە، شۆڕشە سیاسییەکان لە دەوڵەتانێکدا سەرهەڵنادەن کە پێش هەر شوێنێکی تر بەرەو شۆڕشێکی فیکریی و تیۆری گەیشتن بە گۆڕینی واقیعی سیاسیی بەئامانجی بەدیهێنانی سیستەمێکی دادپەروەر سەریانهەڵدابێت، پێویستییە سیاسییەکان و هەلومەرجی پێویستیی شۆڕشگێڕیی دەبێتە مایەی جێبەجێکاریی و دەگات بە میتۆدە تیۆرییەکان لە وڵاتانێکدا کە بەشێك لە تیۆرییە زانراوەکان لە وڵاتانی تردا جێبەجێ دەکەن. ئەمەش یان شکستدێنێت یاخود سەردەکەوێت بە ئەندازەی ئەوەی دەرهاویشتە ناکامڵەکانی گۆڕان بەسەر ستراتیژی

سیاسیدا باڵادەستدەبێتو ئاراستەی دەکات. ئەوەی واقیعو دەرهاویشتەکانی کاریگەرانە ئاراستە دەکات وەك ئەوەی لە حاڵەتی خۆڕەسانەدا هەیە. لێرەشدا وەختێك هەلومەرجەکە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش کامڵدەبێت، ئیدی خۆڕەسیی لەبەرژەوەندیی شۆڕشدایە، بەڵام وەختێکیش شۆڕش بڵاودەبێتەوە وێڕای دەرهاویشتەکانیو لەبەرئەوەی دەلاقەیەك بۆ ئومێد دەکاتەوە، چونکە ستەم هەیە، ئیدی خۆڕەسییو نەبوونی ڕێکخستن دەگونجێت شۆڕش لەباربەن.

شۆڕش لە جیهانی ڕۆژئاواییدا بەسێ شەپۆلی سەرەکیی هەڵیساوە. "**شەپۆلی یەکەم** لە نێوان (١٨٢٠-١٨٢٤)، لە بەشە ئەوروپییەکەی حەوزی دەریای سپیی نێوەڕاست: لە ئیسپانیا (١٨٢٠)، ناپۆلیی (١٨٢٠)، یۆنان (١٨٢١). ئەم شۆڕشانە سەرجەمیان سەرکوتکراون، جگەلە یۆنان"[٣٣]کە شۆڕشی ڕزگارخوازیی بوو دژ بە داگیرکاریی تورکیی، ئەمەش سەرجەم نەتەوەکانی ئەوروپای خرۆشاند، و لەپشت شۆڕشەوە ڕیزیان بەست، بەگوێرەی گوتە بەنێوبانگەکەی دۆلاکروا "ئازادیی لەسەر شەقامەکان خەڵك ڕێبەرییدەکات"، هەروەها لە هۆنراوەکانی لۆرد بایرۆنیشدا. پاشتر **شەپۆلی دووەمی** شۆڕشگێڕیی لە ساڵانی (١٨٢٩-١٨٣٤) دەستپێکردو کاریگەریی لەسەرجەم بەشەکانی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ڕوسیاو ئەمەریکای باکوور دروستکرد"[٣٤]. ئاکامی ئەو شەپۆلە ئەو شکستە ئابڕووبەرانەیە بوو کە هێزە بۆرژوازییەکان بە

[33] هەمان سەرچاوە، ٢٢١.

[34] هەمان سەرچاوە.



ئەریستۆکراتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوای گەیاند، ئەو بۆرژوازیەی توانیی ڕەواج بە سیاسەتگەلێك بدات کە پێکدادان دروستنەکات لەگەڵ ئەو جووڵانەوانەی کە داوای مافی دەنگدانی گشتییان دەکرد، "هەرچەندە لەلایەن بەشێك لەو توێژانەی لە سەرمایەدارەکانو وردەسەرمایەداران یاخود وردەبۆرژواکانو جووڵانەوە کرێکارییەکان بێزاربوون، دووچاری کاری تێکدەرانە بۆوە. سیستەمی سیاسیی لە بەریتانیاو فەرەنساو بەلجیکا لە گەوهەردا هاوشێوەی یەکتربوون: دامەزراوەی لیبرالیی کە بەهۆی ئەو توانایانەی کە دەبێت لە دەنگدەراندا هەبێت وەك موڵکداریی و فێربوون لەژێر سایەی پاشایەتی دەستووریدا، دیموکراسیەکەی سنووردارکرد"[٣٥]. **شەپۆلی مەزنی سێیەم** لەساڵی ١٨٤٨ قەوما لە ئاکامی قەیرانێکی کەڵەکەبوو بۆ ماوەی چەندین دەیە لە کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخدا کە سیاسەتەکانی بۆرژوازی بەرهەمی هێنابوو. شۆڕشەکە لە یەك کاتدا تەقریبەن هەڵیساو، بە شێوەیەکی کاتیی لە فەرەنساو ئیتاڵیاو دەوڵەتە ئەڵمەنییەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا. هەروەها بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ کاریگەریی لەسەر ئێرلەنداو یۆنانو بەریتانیا دروستکرد. ئەمەش فرە نزیکبوو لە چەمکی شۆڕشی جیهانیی کە شۆڕشگێڕان خەویان پێوە دەبینیی. ساڵی ١٧٨٩، تەنیا ڕاپەڕینی گەلێك بوو، بەڵام ئێستا وادەردەکەوت کە بۆتە "بەهاری گەلان" لە سەرجەم کیشوەری ئەوروپیدا"[٣٦].

[35] هەمان سەرچاوە، ٢٢٢-٢٢٣.

[36] هەمان سەرچاوە، ٢٢٤.

دەگونجێت بڵێین جیهانی عەرەبیی "جەستەیەکی گەیەنەری شۆڕشەکانە"، گەر گوزارشتەکە راستبێت. شۆڕشی ٢٣ی تەموز/ یۆلیۆی ١٩٥٢ لە میسردا کودەتایەکی سەربازیی بوو کەچی وەك شۆڕش لێی تێگەیشتن، نەك بەهۆی دەرەنجامە شۆڕشگێڕییەکانو کۆبوونەوەی جەماوەریی لە چواردەوریی، بەڵکو بەوهۆیەوە کە لە ژینگەیەکی شایستە بۆ شۆڕشدا پشکوت، هەروەها درێژبۆوەی شەپۆلێکی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی میسریی بوو کە لە سەرەتای چلەکاندا، لەگەڵ لیژنە کرێکاریی و خوێندکارییەکانو هەڵکشانی بزاڤی لاوانی یاخیبوو لە چەمکی حیزبی کلاسیکیداو، دژی قۆرخکاریی دەسەڵاتو سامان لەلایەن سەرانی کۆشكو دەرەوەیدا، دەستیپێکرد. پاشتر بەگژداچوونەوەی ئینگلیزەکان لە نۆکەندی سوێس و، زنجیرەیەك یاخیبوون روویدا کە چەند حکومەتێکی یەك لەدوایەکی رووخاند، تا دەگاتە ئاگرەکەی قاهیرە (حريق القاهرة). لەراستییدا، کودەتاکەی ئەفسەرانی ئازاد/ الضباط الاحرار بە"شۆڕش" ناوبرا، چونکە درێژبۆوەی شۆڕش بوو لە شارەکانی میسردا، لەبەر ئەوەش هەڵگری ئاکامی شۆڕشگێڕیی بوو. پاشتریش جووڵانەوەی ئەفسەران لە نیشتیمانی عەرەبیدا بڵاوبۆوە لەسەر شێوەی کودەتای شۆڕشگێڕانە کە تەنیا بانگەشەی لابردنی دەسەڵاتی وەختی نەدەکرد، بەڵکو داوای دامەزراندنی سیستەمێکی هاوچەرخی دەکرد، یەکەمینو گرنگترینیان شۆڕشی ١٤ی تەموز/ یۆلۆیۆی ١٩٥٨ە بەسەر حوکمی پاشایەتیدا لەعێراق. هەروەها دەتوانین شۆڕشی رزگاریخوازیی جەزایر لەم ریزبەندەدا دابنێین، لەگەڵ تێبینی ئەو تایبەتمەندییەی کە شۆڕشێکی رزگاریخوازیی نەتەوەیی نمونەیی بوو دژ بە داگیرکەری راستەوخۆی



بیانیی هاوردەنشین. دۆخێکی شۆڕشگێڕیی عەرەبیمان هەیە کە وەڵامدەری شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆ بوو، بەڵام لێکچوونێك لەگەڵ ئەو شێوازەدا هەیە کە لەرێگەی دامەزراوەیەکی بنەڕەتیی هاوچەرخ کە داگیرکەر لەپاش خۆی بەجێیهێشت، ئەوەی دەیتوانی گەل یەکبخات، واتە سوپا. پێویستە ئەوە لە یاد نەکەین کە شۆڕشی یۆلیۆ بەشێوەیەکی ئاشکرا. رەهەندێکی نەتەوەیی دژانەی لەخۆگرت دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیزیی.

دەکرێت بڵێین هەردو دۆخی شۆڕشگێڕیی و (الحالة الثورية) جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی (الحركة الثورية) لەچەندین وڵاتی عەرەبیدا پایەداربووە، هەروەها کودەتاکانی ئەفسەران کە لە ئاکامی کارەساتی فەلەستینەوە دەستبەجێ روویاندا، ئەو حاڵەتە شۆڕشگێڕییەی لەباربرد. دەڵێین لەیەك کاتدا لەبەینیشی بردووەو کامڵیشی کردووە. لەراستیدا دیموکراتگەرایی شۆڕشی بەسەر گوتاری جەماوەریدا لەباربرد بەبێ بەشداریی گەل لە سیاسەتدا بەشێوەیەکی رێکخراوو مافگەرایی و، بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانو دەسەڵاتی سەربازیی بەنێوی گەلەوە. لەهەمان کاتیشدا ئەرکی رزگاریی نیشتیمانیشی تەواوکردو، پەیوەندیی نێوان شارو لادێی چەسپاندو، جیاوکەکانی (إمتيازات) فیۆدالییەتی پووچەڵکردەوە. لێرەدا ئەوەی جێی بایەخی ئێمەیە ئەوەیە کە بڵاوبوونەوە لە ژینگە سیاسیی و فەرهەنگییە عەرەبییەکەدا بە رەهەندە جیاوازەکانیەوە، لەپاش شۆڕشی یۆلیۆوە روویداو، هەروەها بڵاوبوونەوە لەرێگەی لێکچوونی شێوازی شۆڕشی یۆلیۆو چەمکەکانیدا بەدەستهات، بەهەمان شێوەی ئەوەی لە ئەوروپا روویدا بە لاساییکردنەوەی شۆڕشی فەڕەنسیی.

لێرەدا، لە ساڵی ٢٠١١دا، تێبینی دەوڵەتانی عەرەبیی دەکەین ، هەروەها بە بڕوای من پاشتریش، وەڵامدانەوەیەکی دۆخی شۆڕشگێڕیی عەرەبیی لە چەندین دەوڵەتدا بۆ مۆدێلە میسرییەکە هەیە کە شۆڕشگێڕان لە مەیدانی تەحریردا پێشانیاندا. ئیدی وا خەریکە بە ئەزموونو هەڵە ئاستی گونجانی ئەم مۆدێلە بۆ ئەم دەوڵەتو ئەو دەوڵەت بەدیار دەکەوێت، هەروەها پێویستیی پەرەپێدانی مۆدێلی تری هاوچەرخ.

دەکرێت بڵێین بیروباوەڕو بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسیی لە قۆناغی نێوان ساڵانی ١٧٨٩ بۆ ١٩١٧ واتە تا شۆڕشی سۆشیالیزمیی ئۆکتۆبەر، لە ئەوروپادا بابەتی ململانێ بوو لەنێوان هێزە بەرگریکارەکان لەو بنەمایانەو ئەو هێزانەی کە دژی ئەو بنەمایانە بوون. لێرەوە زۆرینەی گوزارشتو چەمکەکانی پەیوەست بە چەپو راستو دیموکراسییو لیبرالیزم گەشەیکرد. ئەوەی هێندێك کەس لەبیری دەکەن ئەوەیە کە سیماو چەمکەکانی دیاردەی ناسیۆنالیزم لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە، شۆڕشی ١٨٧٩ شۆڕشێکی پراکتیکیی نیشتیمانیی بوو بۆ دامەزراندنی نەتەوەیەك، بەمشێوەیە شۆڕشەکانی ١٨٤٧ کە نەك بەتەنیا شۆڕشگەلێکی دیموکراتیی بوون بەڵکو لەهەمان کاتدا شۆڕشگەلێکی نەتەوەییش بوون. هەر لێرەوە بیرۆکەی یاسای دەستووریی (القانون الدستوري) دروستبوو، هەروەها مۆدێلی رێکخستنی شارو رێگەکانی کارگێڕیی هاوچەرخو سیستەمی پێوانەی مەترییو، سوپای ناپلیۆن لەگەڵ خۆیدا بەرەو ئەوروپاو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی برد.



رێکەوت نییە کە قۆناغی شۆڕشە دیموکراتییەکان بریتییە لە قۆناغی شۆڕشە نیشتیمانییە سەربەخۆییخوازەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (١٧٧٦-١٧٨٣)، ئێرلەندا (١٧٨٢-١٧٨٤)، بەلجیکا (١٧٨٧-١٧٩٠)و هۆڵەندە (١٧٨٣-١٧٩٥)دا. بەبڕوای ئێمە بیرۆکەی دیموکراسیی لانیکەم لە رووی مێژووییەوە پەیوەستبووە بە بیرۆکەی دەوڵەتی نیشتیمانیی، خەتەرناکیی لەوەدایە کە ئەمە لەرووی تیۆرییەوە بگۆڕدرێت بۆ مەرجی دیموکراسیی، بەو مانایەی سەربەخۆبوون لە دەوڵەتێكو دامەزراندنی (تجانس)هاوڕەنگیی لەسەر ئاستی شوناس (الهوية) ببێتە مەرجێك بۆ جێبەجێکردنی دیموکراتیەت.

ئیدی ئەمە دۆخەکە بوو تاکو شەپۆلە دیموکراسییەکانی ئەمدواییەی رۆژهەڵاتی ئەوروپاو روسیاو بالکان هەڵایسان، بەشێوەیەك بووە مایەی جیابوونەوەی چەندین قەوارەی سیاسیی کە لەسەر ئاستی شوناس بەدووی هاوڕەنگییدا دەگەڕان، یاخود شوناسێکی نیشتیمانیی، لانیکەم باڵادەست، وەك مەرجێك بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نوێنەرایەتییو پلورالیزمی سیاسییو هەڵبژاردنەکان. ئەمەش لە دۆخی بالکاندا بووە مایەی کارەساتو پاکتاوکردنی ئیتنیی، ئێمە لێرەدا بۆیە ئەوە بە نمونە دەهێنینەوە بە ئامانجی ئاماژەدان بە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی تر یاخود نیوە سەرکەوتووەکان بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەکی دیموکراتیی بەبێ پاکتاوکردنی ئیتنیی لە بەلجیکاو کەنەداو ئیسپانیاو بەڕازیلو باشووری ئەفریقاو چەندین شوێنی تر، هەروەها تاکو ئاماژە بدەین بە زەرورەتی ئەوەی کە دیموکراتخوازانی عەرەب لەپاش شۆڕشەکان

مۆدێله تایبەتەکانیان برەوپێبدەن کە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون‌و دیموکراسیی‌و فرە شوناسیی، هەروەها بنیاتنانی دەوڵەتێك بۆ سەرجەم هاوڵاتیان پایەداربێت، لەبریی دروستبوونی شوناسگەریی‌و رەگەزایەتیی وەختێك بوار دەکرێتەوە بۆ گەیشتن بە حکومەتی نوێنەرایەتیی یاخود هەر گوزارشتێکی سیاسیی تر.

لەشۆڕشەکاندا پتر لە رابردوو ئەوە دەرکەوت کە شوناسی عەرەبیی پایەدارەو عەرەب لە موحیتەوە بۆ خەلیج کۆدەکاتەوە، مەزنترین شۆڕش لە جیهانی ئیسلامیدا لە ئەندۆنیسیا روویداو، کە هاوشێوەی شۆڕشی میسرییە، کەچیی هیچ کەسێکی بەرەو شۆڕش‌و شۆڕشگێڕیی نەخرۆشاند، لەوەختێکدا شۆڕش لە دەوڵەتێکی عەرەبیی گچکەی وەك تونسدا، وەك تەزووی کارەبا لە جەستەی لاوازی عەرەبیداو، گەیەنەری خەون‌و ئەجێنداو بیروباوەڕەکانە. ناگونجێت خەون‌و هیوای شۆڕشێکی عەرەبیی بێ بوونی (المشترك العروبی/هاوبەشیی عەرەبایەتیی) لەنێوان وڵاتە عەرەبییەکاندا بگوازرێتەوە. راستە ناگونجێت لەم سەردەمەدا هیچ شوناسێك بەزۆر بەسەر کەسدا بسەپێنرێت، بەڵام ناشکرێت هێزی یەکخستنی گشتیی بۆ شوناسی عەرەبیی فەرامۆش بکرێت، هەروەها ناگونجێت لە دژبەیەکیی لەگەڵ شوناسە نیشتیمانییەکانی تردا لە زەمەنی وەرچەرخانی دیموکراسیدا دابنرێت. ئەرکی شۆڕش گەڕانە بەدووی ئەو شتانەی کە هاونیشتیمانیان لە دەوڵەتدا کۆدەکاتەوە نەوەك پەرتکردنیان، ئەگەر لەو ئەرکەیدا لەرووی بنیاتیی‌و بەرنامەو دروشمەوە شکستیهێنا ئەوا لەبری وەرچەرخانی دیموکراسیی بەرەو جەنگی نێوخۆیی دەڕوات.



شۆڕشی فەرەنسیی هانی چەندین شۆڕشیدا، تەنانەت لە ئەمەریکای لاتینیش لەپاش ساڵی ١٨٠٨، هەروەها جووڵانەوە نیشتیمانییە دیموکراتییەکان لە هیندستاندا، هەروەها بیروباوەڕەکانی رێنیسانس‌و رۆشنگەریی لە جیهانی عوسمانیی‌و جیهانی عەرەبیی عوسمانیی بەتایبەتیی بڵاوکردەوە. عوسمانییە نوێیەکان کە رێبەرایەتیی ریفۆرمیان دەکرد بەنێوی "تەنزیمات"و، سەرنجی رۆشنبیرانی ئەوروپییان بەلای خۆیاندا راکێشا، نەوەی دووەمیان کاریگەربوون بە شۆڕشی فەرەنسیی‌و بەهاکانی لەپێناو چەسپاندنی یەکێتی لەنێو خودی ئیمپراتۆریەکەدا بەئامانجی بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانی ئەوروپیی بیانیی، نەوەك بەئامانجی بانگێشتکردنی، لەپێناو هەوڵدان بۆ ئەفراندنی هاوڵاتیبوونی عوسمانیی کە تێکڕای عوسمانییەکان وێڕای رەگەزو زمان‌و دین یەکسانبن، پێش ئەوەی دەستێوەردانی ئەوروپیی بۆ لەباربردنی خودی پرۆژەی تەنزیمات بەشداریی بکات، هەروەها گۆڕینی لە پرۆژەیەکەوە بۆ چەسپاندنی یەکێتیی‌و هێزی ئیمپراتۆریەکە بۆ ئامرازێك بەئامانجی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی. لە یەکەمین قۆناغی رزگاریی نیشتیمانیدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ژمارەیەك نیشتیمانپەروەر ئیلهامیان لە بەهاکانی شۆڕشی فەرەنسییەوە وەرگرت. ئایا دروشمی شۆڕشی سوریی مەزن (١٩٢٥-١٩٢٧) ئازادیی‌و برایەتیی‌و یەکسانیی نەبوو، ئایا ئەمانە هەمان بەهاکانی شۆڕشی فەرەنسیی مەزن نەبوون؟.

ناتوانرێت لاسایی خاڵی دەسپێکردن بکرێتەوە، شۆڕشی فەرەنسیی تەنیا بە خۆڕەسیی (عفوی) بۆ شۆڕشێك گەشەینەکرد، بەڵکو ئەوەی شۆڕشی هەڵایساند لە واقیعدا هەوڵێکبوو بۆ تەکاندان بە نیازی دژانەی

رەوتی شۆڕشی ئایندە، ئەمەش هەوڵدانێکی ئەریستۆکراتیی بوو بۆ بەستنی کۆمەڵەی فیوداڵی گشتیی کە هەر لەساڵی ١٦١٤ لەکارکەوتبوو. ڕێك وەك ئەوەی بیرۆکەی نوێنەرایەتیی و گرفتی ئەوەی کێ نوێنەرایەتیی نەتەوە پێشنیازبکات، ئەم خواستە لە بەستنی کۆمەڵەکەوە وەرچەرخا بۆ شۆڕشێکی "چینی نێوەند" سەبارەت بە مافەکانیان لە نوێنەرایەتیی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا. هێندێك کە دەیانویست دووبارە بەشداریی فیوداڵە کۆنەکان بۆ دەسەلات بگێڕنەوە، دژ بە (الملكية المطلقة /پاشایەتیی رەها) بوون، ئەوان بەرپرسیاربوون لە کات و ساتی شۆڕش، نەك هێزە نوێیەکان. بەڵام بیرۆکەی بەشدارییکردنیان لە کاروباری ولاتدا پێشنیارکرد، ئەوەی لەساڵی ١٧٨٩ دا لەلایەن هێزە کۆمەلایەتییە نوێکانەوە قۆزرایەوە، ئەوانەی کە پێشتر لە ساڵی ١٦١٤دا لەسەر شانۆکە نەبوون.

لەراستیدا، چەکی نەتەوە لە خانەدان و ئیکلیرۆسەوە گۆڕدرا بۆ چینی سێیەم یاخود ئەوەی دواتر بە بۆرژوازیەت یاخود چینی نێوەند نێوبرا، یاخود هەر نێوێکی تر، ئەو چینەی کە زۆری نەبرد بەرفراوانبوو بەچەشنێك سەرجەم هاونیشتیمانیانی گرتەوە. "چینی نێوەند" کە بەشێکبوو لە خەڵکی ئاسایی، بە بیروبۆچوونی نوێی بارگاویی بوو، لەبەرئەوەی دووچاری "بیروبۆچوونی فەیلەسوفان" (ئەو گوزارشتەیە کە بەباڵای رۆشنگەراکاندا بڕا)" و ئابووریناسان"(ئەو گوزراشتەیە کە بەباڵای فیزیۆکراتەکاندا بڕا) بۆوە. تەنانەت بیروباوەڕەکانی "ماسۆنییەکان/کۆمەڵەی بنیاتنەرە ئازادەکان"یش کە ڕێکخستنەکانی وەك قارچك بەربڵاو هەڵتۆقین، کە لە هەشتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا هەژموونیان بەسەر بوارە پیشەیی و



فەرهەنگییەکانی پاریسیدا کردبوو. هەروەها شۆڕش لە پاشایەتی دەستوورییەوە گەشەیکرد بۆ کۆماریی، دوای ئەوەی پاشای فەرەنسا لە حوزەیرانی/ یۆلیۆی ١٧٩١دا، هەوڵی هەلاتنی لە ولاتدا. ئەمەش بە دەستبەردان لە گەل لەقەڵەمدراو بووە مایەی هەڵکشانی خولیای کۆمارگەرایی و توندبوونەوەیی و بەرفراوانبوونی قەبارەی کاریگەرییەکەی لەبەرامبەر پاشایەتی دەستووریی دا کە خولیای سەرەکیی شۆڕشەکە بوو. هەروەها لەگەڵ بەرفراوانبوونی خولیای کۆمارگەرایی، گەل دەستی لە پاشا بەردا هەروەك چۆن پاشا وازی لە گەلەکەی هێنا. شۆڕشی فەرەنسیی وەك بروسکە دای لە سیستەمە کۆنەکەو، ئەم رەگەزە بروسکەدارە کتوپڕە چیدی لە باقی ولاتانی تری ئەورووپادا بگێڕرێتەوە ، هەروەها لەپاش دەستگرتن بەسەر سیستەمە کۆن و بروسکەلێدراوەکەدا، کە زۆر بەئەستەم لەوە تێدەگەیی چی روودەدات، شۆڕش راستەوخۆ بۆ بەریگریکردن لەخۆو بە بەرپاکردنی جەنگ وەرچەرخا دژبە سوپا بیانییەکان کە هاتبوونە نێو ولاتەکەوە. راستە سوپایەکی نیشتیمانیی شۆڕشگێڕیی و هەروەها مۆدێلی دەوڵەتێکی ناوەندیی بنیاتنا، بەڵام ئاکامی ئەو مۆدیلە روانگەیەکی پاك و پوختبوو بۆ یەکێتی نەتەوە بەرامبەر بە چەمکی هاولاتیبوون کە یەکانگیربوو لەگەڵ نیشتیمانپەروەریی و نەتەوایەتییدا.

"شۆڕشی فەرەنسیی جەنگی گشتگیری داهێنا، واتە کۆی سەرچاوەکانی نەتەوەی جەمکرد لەرێگەی سەربازگیریی، بەیاسایی کردن، دەستگرداگرتنی توندی ئابووری، و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی جیاوازیی نێوان سەربازو هاولاتییان وەك جیاوکێکی چینایەتیی شۆڕەسوارانەوە... ئیدی مەترسیی ئەو دەرئەنجانەی کە ئەو

دۆزینەوەیە بەدوای خۆیداهێنا روون نەبۆوە مەگەر لەو قۆناغەیە مێژووییەدا نەبێت. بەشێوەیەك جەنگە شۆڕشگێڕییەکان لەنێوان هەردو ساڵی (١٧٩٢-١٧٩٤)دا، وەك دۆخێکی تایبەتی نائاسایی مایەوە، بەچەشنێك زۆرینەی چاودێرەکانیش لە سەدەی هەژدەدا لە ماناکانی نەگەیشتن. ئەو دەرەنجامانەی پێی گەیشتبوون گەیشتە ئەوەی کە جەنگەکان دەبێتە مایەی هەڵایسانی شۆڕشەکانو، شۆڕشەکانیش جەنگگەلێك دەبەنەوە کە مەحاڵە ببڕێتەوە"[٣٧]. بەڵام ئێمە ئەمڕۆکە لەمانای سەربازگیریی نەتەوە دەگەین، و دیوی دووەمی لێسەندنەوەی جیاوکەکانی خزمەتی سەربازیی لە چینی ئەریستۆکرات کردوێتیە مافێك لە مافەکانی هاوڵاتیان، ئەوەی تێگەیشتنێکی هاوچەرخی سەبارەت بە هاوڵاتیببون ئەفراندووە کە بەشداربووە هاوجووتکردنی گەلو نەتەوەدا، هەروەها لەنێوان هاوڵاتیبوونو نەتەوایەتییدا کە لەوەوبەر باسمان لێوە کردووە. شۆڕشی فەڕەنسییو سوپاکەیو هەروەها سوپاکانی ناپلیۆن کە سەربازگیریی زۆرەملێو ڕێکخستنی هاوچەرخیان گرتبووەبەر، بیرۆکەی هاوڵاتیبوونو سوپای نیشتیمانیی گشتاندبوو، بەواتایەکی تر ئەو سوپایە سوپای هاونیشتیمانیان بوو لە دەوڵەتی-نەتەوەی ناوەندییدا، نەك سوپای چینێکی دیاریکراو کە ئەریستۆکراتی یان هەرشتێکی تره. بەڵام پێدەچێت هەروەها شۆڕش بیرۆکەی بەسەربازییکردنی کۆمەڵگەی گشتاندبێت کە گوزارشتە توندڕەوەکەیمان لە سیستەمە شۆڕشگێڕییە تۆتالیتارییەکاندا بینییەوە.

[37] ئەریك هۆبزباوم، ١٤٨.



فەرەنسا لەپاش شۆڕش بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیی تا ئەوکاتەی سیستەمی دیموکراتیی جێگیربوو. لە کۆتاییدا روونبۆوە کە دیموکراتی راستەوخۆ لە شۆڕشەوە سەرچاوە ناگرێت، و دەوڵەتە دیموکراتەکانیش لە شۆڕشەکانەوە سەرچاوەناگرن، بەڵکو لەرێگەی پرۆسەیەکی ریفۆرمەوە کە شۆڕشی دیموکراتیی رێبەرایەتیی بکات. ئەگەریش شۆڕش راستەوخۆ دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت زۆرجار سیستەمێکی توندوتیژی پاکتاوگەرا دادەمەزرێتو، دواجاریش بە دیموکراتی کۆتایی نایەت، بگرە بەرەو فۆرمێکی دەسەڵاتگەراییو ئۆتۆریتەخوازی نوێ ملدەنێت. لێرەوە زۆرجار دیموکراسی لەسەر پێکگەیشتنی دوو پرۆسە دادەمەزرێت ئەوانیش: پرۆسەی گۆڕینی سیستەمە کۆنەکەو، پرۆسەی تێپەڕاندنی کارەساتو نسکۆکانی خودی شۆڕشەکانە. لەپاش ئەنجومەنی دامەزراندن، رۆڵی یەعقوبییەکان هات پاشتر رۆڵی ئیدارەو (١٧٩٥-١٧٩٩) کۆنسوڵیەتو (١٧٩٩-١٨٠٤) ئیمپراتۆریەت(١٨٠٤-١٨١٤)و پاشتر دووبارە بنیاتنانەوەی پاشایەتیی ئالبۆربۆن(١٨١٥-١٨٣٠)و پاشایەتی دەستووریی(١٨٣٠-١٨٤٨)و کۆماریی (١٨٤٨-١٨٥١)، دواتر دیسانەوە ئیمپراتۆریەت لە سایەی لویس پۆناپارتدا (١٨٥٢-١٨٧٠). کۆی ئەمانە قۆناغەکانی دژەوستانەوەی شۆڕش نین، لە بەشێکی ئەو قۆناغانەدا هێندێك لە ئامانجەکانی شۆڕش جێبەجێکران، لەسایەی ناپلیۆندا فەرەنسا بووە خاوەنی یاسای مەدەنی، و لەگەڵ کڵێساشدا ئاشتەواییان کرد، لە فەرەنساشدا بانکێکی نیشتیمانیی بۆ یەکەمجار دامەزرێنرا. دیسانەوە بەشێوەیەکی فەرمیی وەزیفەکانی دەوڵەتو دادگاو زانکۆو خوێندنگاو سوپاو پەروەردەو زۆرینەی پیشەکان کە

دەوڵەتی هاوچەرخی لەسەر بنیات دەنرێت پلەبەندیی کران‌و ڕێکخرانەوە، کە زۆرینەیان بۆ سەردەمی ناپلیۆنیی دەگەڕانەوە، واتە بەشێك لە دامەزراوە هاوچەرخەکان کە ڕۆشنگەران هیوایان بۆ دەخواست، سیستەمە دەسەڵاتگەراکان لەپاش شۆڕش هێنایانەئارا، ئەو سیستمانەی کە بەشێك لە بیروباوەڕەکان پیادەکردو لەسەری ڕۆیشتن‌و بەشێکی تریشیان پشتگوێخست، بەشێکی تریش لەو بیروباوەڕانە لەگەڵ دووبارە بنیاتنانەوەی کۆماریی دیموکراتیی لەپاش قۆناغی ئیمپراتۆریی‌و لەپاش هەوڵدانی بنیاتنانەوەی پاشایەتیی، جێبەجێکران. بەڵام پێویستە بڵێن کە سیستەمەکەی ناپلیۆن بەشێك لە بیروباوەڕەکانی شۆڕشی بەشێوازێکی دەسەڵاتگەرا وەك ریفۆرمێکی کارگێڕیی لەسەرەوە جێبەجێکرد، هەروەها بەشێکی تری، لەسەردەمی پاشا لویس فلێپدا، کەبەڕادەیەك کەسێکی لیبڕاڵ بوو، جێبەجێکرد.

پێشتر نووسەری ئەم کتێبە لەساڵی ٢٠٠٧ دا، واتە پێش شەپۆلی شۆڕشە عەرەبییەکان، نووسیویەتی "ئەو دیموکراسیەی کە هەنوکە دەیزانین لە ڕێگەی شۆڕشەوە دروستنەبووە بەڵکو لەڕێگەی پرۆسەیەکی ریفۆرمی دوورو درێژەوە دروستبووە. هێندێکجار خودی وەرچەرخانەکە بەبێ شۆڕش بووە، بەڵکو لەسەرەوە بووە. تەنیا هێندێك لە حاڵەتەکانی ریفۆرم بەهۆی ڕاپەڕینی توندەوە لەئاست کێشەگەلی تر دەستیپێکردووەو ریفۆرمی دیموکراتیی بەدووی خۆیدا هێناوە... بەڵام کەمجار ڕێکەوتووە دیموکراسی بەیەکبین لەڕێگەی یەك کردەی شۆڕگێڕییەوە بنیاتنرابێت، یاخود لەڕێگەی شۆڕشێکەوە کە دیموکراتخوازان بەهۆی کردەیەکی کودەتاییەوە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتبێتەدەست. تەنانەت شۆڕشی فەڕەنسییش لەساڵی ١٧٨٩دا



سیستەمێکی دیموکراتیی پێگەیشتووی پێکنەهێنا، بەڵکو بە قۆناغی یەعقربیەکان، و پاشتریش یاخیبوونە ناپلیۆنیی‌و پاشایەتییەکاندا تێپەڕیی..."[٣٨]، " تەنانەت گەر گریمانەی ئەوەش بکەین کە ئیمکانی "کودەتای دیموکراتیی" یا شۆڕشگێڕیی بەئامانجی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیی هەیە، ئەوە بەدەگمەن ڕوودەدات چونکە پێویستیی بە بوونی هێزگەلێکی دیموکراتییە کە لە پلەیەکی بەرزی ڕێکخستن‌و هێز بەهرەمەندبێت، "ئەمەش ڕێگەی لێناگرێت کە بە چاکسازیی پلەبەپلە هەستێت کە بتوانێت دیموکراسی بنیاتبنێت"[٣٩].
شۆڕش لەپێناو گۆڕینی سیستمدا لەو دەوڵەتە ستەمکارییەکانی چونکە دژی ریفۆرمن شتێکی زەروریییە. هەروەها گۆڕینی سیستەم مەرجێکی پێویستە بەڵام تەواویش نییە، شۆڕشی دیموکراتیی بە تەنیا یەك کردە ناگات بە دیموکراتی کە قڵپکردنەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایەتییە، بەڵکو لەڕێگەی پرۆسەی ریفۆرم‌و بنیاتی درێژخایەن لەپاش گۆڕینی سیستەمەوە دێتەئاراوە.

---

[38] عزمي بشارة، المسألة العربية: مقدمة لبيان ديمقراطي عربي، ط ١ (بيروت:مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٧)، ص ٢٢٦.
[39] هەمان سەرچاوە، ٢٣١-٢٣٢.

## شۆڕشی دیموکراتیی و ئایدۆلۆجیی

لەمێژوودا هیچ شۆڕشێکی جەماوەریی، یاخود کە توانیبێتی ببێتە جەماوەریی، نییە کە لەسەر بنەمای بەدیهێنانی بەرنامەیەکی پێشوەخت و لەسەر ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی فیکریی و جوولانەوەیەکی روون و ئاشکرا هاتبێتەئارا. تەنانەت ئەوشۆڕشانەش که دواجار بوونە خاوەن ئایدۆلۆجیایەکی فەرمیی، هەروەك لە روسیاو ئێران و کوبا هەندێکی دیکەدا هەبووە، لەسەرەتادا شۆڕشگەلێکی دژ بە ستەم و چەوسانەوە یاخود بۆ گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایەتیی، یان رزگابوون لە دەستی داگیرکەر بوون. ئەوەی پارتە سیاسییە هەژمووندارەکانی بۆخۆی راکێشاوە. هەروەها کۆنترۆڵکردنی دواجاری شۆڕش لەلایەن حیزب یان جولانەوەیەکەوە، یان خۆسەپاندنی ئەو حیزب و جولانەوانە بەسەر دەسەلاتدا پاش کۆتاییهاتنی شۆڕشەکە، دەبێتەهۆی پشکوتنی ئەمجۆرە سیستەمی فەرمانڕەوایەتییە. زۆرجار پاش سەرکەوتنی شۆڕش و گەیشتن بەدەسەلات بەچەند ساڵێك دۆخەکە بۆ جێبەجێکردنی ئایدۆلۆجیا فەرمییەکە وەرچەرخاوە، ئەمە حاڵەتەش بۆخۆی لەشۆڕشی کوبادا وەك نموونە روویدا. ئەوەی لەبنەڕەتدا وەك شۆڕشێك بەئامانجی چەسپاندنی بەرنامەیەکی ئایدۆلۆجیی دەستپێنەکردووە، بەڵکو پاشتر ئەم بەرنامەیەی کردۆتەبنەما، دواتریش تیۆریزەکراوەو شەرعییەتی پێدراوە بەئامانجی پێدانی رەوایەتیی و ماقوڵییەت بەم وەرخانە لە نیشتیمانپەروەرییەوە بەرەو کۆمۆنیزم کە پێویسییەکانی وەرچەرخانی شۆڕش بەرەو دەسەلات



سەپاندوویەتی. دەتوانرێت بوترێت کە شۆڕشی ڤێتنامیی گەر پێشوەخت خۆی وەك شۆڕشێك لەپێناوی دامەزراندنی سیستمێکی فەرمانڕوایەتیی کۆمۆنیستی رابگەیاندایە، بەو چەشنە هەرگیز گەل چەکیان لەپێناویدا هەڵنەدەگرت و لەدەوری کۆنەدەبوونەوە، ئەو گەلەی کە شۆڕشەکەی لەنێو شۆڕشەکاندا کردە نموونەیەکی بالا لەتێکڕای ولاتە هاوشێوەکانیدا، لەنێویشیاندا دەوڵەتە عەرەبییەکان. لێرەدا پێویست ناکات باس لە کتێبخانەی شۆڕشگێڕیی عەرەبیی بکەین کە پڕە لە بەراوردکاریی شۆڕشە عەرەبییەکان بە شۆڕشی ڤێتنامیی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا.

لەسەروبەندی شۆڕشەکاندا پارتە ئایدۆلۆجییەکان سوورن لەسەر تەئکیدکردنەوە لەسەر بەرنامەیەك تا لانیکەم زۆربەی چینەکانی نێو کۆمەڵگەو هێزە سیاسیی و کۆمەلایەتییە جیاوازەکان لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، هەروەها هەوڵدەدەن بەرنامە تایبەتەکانیان بشارنەوە یاخود دوای بخەن هەتا بەهۆی شۆڕشەوە جڵەوی دەسەلات دەگرنەدەست.

له کاتی هەلایسانی شۆڕشدا، تەنانەت پارتە ئایدیۆلۆجییەکانیش بەوریاییەوە جەخت لە لانیکەمی بەرنامەیەك دەکەنەوە کە توێژگەلێکی بەرفراوانی گەل و هێزگەلێکی سیاسیی و کۆمەلایەتیی جۆراوجۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو هەوڵدەدەن بەرنامە تایبەتەکانی خۆیان بشارنەوە یاخود دوابخەن. تا ئەو کاتەی دەتوانن لەرێگەی شۆڕشەوە بگەنە دەسەلات.

دەشێت پێش شۆڕش وەرچەرخاندنێکی فەرهەنگیی و ئایدیۆلۆجیی لای توێژگەلێکی بەرفراوانی کۆمەڵگا بێتەئارا. ئەستەمە باس لە

فیکرێکی شۆڕشگێڕانە یاخود فاکتەرە شۆڕشگێڕییەکان بکەین بێ ئەو وەرچەرخانەی کە دەبێتە مایەی تێڕوانین لە شێوازی ژیان وەك ستەمێك کە تەحەمول ناکرێت، و وێناکردنی تاکەکان لە خودی دەستەجەمعی خۆیان وەك گەل، هەروەها بینینی دەسەڵات وەك حاڵەتێکی دابڕاو لە دەوڵەت، یان وەك بەکارهێنراوی دەوڵەت لە خزمەت بەرژەوەندییە ئۆلیگارکییە تایبەتەکانیدا، یاخود بینینی ئازادیی وەك پێویستییەكو، پێویستییەکان وەك داواکارییو، داواکارییەکانیش وەك مافو شتی دیکە. لەلایەکی ترەوە، تەسەور ناکرێت جەماوەرێکی بەرفراوان خواستی دامەزراندنی سیستەمێکی فەرمانڕەوایەتییان لەسەر ئایدۆلۆجیای پارتێك لە پارتە سیاسییەکان هەبێت.

هەربۆیە شۆڕشە جەماوەرییەکان بە سروشتی خۆیان شۆڕشی پارتە ئایدۆلۆجییەکان نەبوون کە هەوڵی گەیشتنە دەسەڵات بدات، ئەمجۆرە شۆڕشانە زۆرجار لە یەکخستنی گەلو کۆکردنەوەیان لەدەوری خۆی شکستدێنێت، و دەبێتە مایەی هەڵایسانی جەنگی پارتیزانیی، یاخود شێوەی جۆرێك لە کودەتای سەربازیی بەخۆیەوە دەبینێت. شۆڕشە جەماوەرییەکان حیزبیی نین بەڵکو جەماوەریین، بەڵام ئەو پارتە سیاسییانەی کە دەست بەسەر شۆڕشدا دەگرن لەپاش گۆڕینی بۆ دەسەڵات، مێژوویەك بۆ شۆڕش دروست دەکەنو شکۆمەندیی خۆیانی تێدا بەرجەستە دەکەن، جۆرێك لە ئەفسانەو شتی خەیاڵخاویی ئەوتۆ دادەتاشن کە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم پارتانە پێشڕەوییو ڕێبەرایەتیی



شۆڕشەکەیان کردووە، یاخود ئەگەر ئەوان نەبوونایە شۆڕش نەدەبوو[•]، لەوەختێکدا هێزو پارتە سیاسییەکانی تر ئەو حیزبە بە (سرقة الثورة/ دزینی شۆڕش) تۆمەتباردەکەن. ئەمەش بەشێکە لە دەلالەتەکانی شۆڕشی ئەمڕۆی میسر، بەڵام ئەوەش یەکێکە لە دیاردە دینامیکییەکانی شۆڕشەکان لەهەر جێگەیەکدا بێت، ئەگەر ئەمە بۆ زۆرینەی شۆڕشەکانی مێژووراستدەرچێت، ئەوا بەراستیی بۆ شۆڕشە دیموکراتییەکانیش راستە، هەروەها بۆ ئەو شۆڕشانەشی کە جەماوەرو هێزە سیاسییەکانی بەئاشکراو بە زۆرترین ڕێگە رایگەیاندووە کە ئامانجیان  رزگاربوونە لە ستەمکارییو بەدیهێنانی سیستەمی دیموکراتیی، هەر راستە.

بەشێوەیەکی گشتیی، تێکڕای شۆڕشەکان ئامانجیان بەدیهێنانی دیموکراسیی نییە، بەڵام شۆڕشە عەرەبییەکان کە لە کانونی یەکەم/ دیسێمبەری ٢٠١٠و لەنێوان سەرەتای تەموز/ یۆلیۆی ٢٠١١ هەڵایساوە، ئەو قۆناغەی ئەم کۆڵینەوەیەی تێدا نووسراوە، سەرجەمیان دروشمی دیموکراسییو دەوڵەتی مەدەنییان بەرزکردبۆوە. لەم تێکستەدا بەلای باسکردنی مانای هاوچەرخی دەوڵەتی مەدەنییدا

[•] زۆر جار هەوڵدەدرێت تێکڕای گەل بە قەرزاری کەسێك کە سەرۆکی حیزبێکە یاخود بنەماڵەیەکیش دابنرێتو میدیای ئەو حیزبانە دەهۆڵ بۆ ئەوە دەکوتن کە هەرچییەك پاش شۆڕش هاتۆتەئارا لەسایەی حیکمەتو مەزنیو لێهاتوویی ئەو کەسە یان ئەو بنەماڵەیەو بەرنامەی ئەو تۆش پێکدەهێنرێت گوایە رۆژانی خەباتی ئەوان شۆڕشو رۆژەکانی پاش شۆڕشی دروستکردووە، بەوەش بەناوی شەرعییەتی شۆڕشگێڕییەوە زەمینەی بۆ دیکتاتۆریی خۆشدەکەنو شۆڕشەکە لاقەدەکەن.

ناچین[40]، خەڵکیی وا لەسەر بیستنی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیی راهاتوون، بەو پێیەی کە دەوڵەت نییە، زۆرجاریش تیۆرسینەکان بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنییان بە سیفەتی مەدەنیی راڤەکردووە بەوەی کە: نە دەوڵەتە، نە ئاینییە، نەسەربازییە. لە دۆخی دەوڵەتی مەدەنیدا

40 وەختێك هاوواتایی (الترادف) دیموکراتیو مەدەنیەت، مافە مەدەنییو مافە دیموکراتییەکان، تەجاوزی ململانێ ئایدۆلۆجییو بگرە عەقایدییە ستەمگەراکانیش دەکات، ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ببێتە دەسەڵاتگەرایی بە بەرگێکی ئایدۆلۆجیی (إهاب جدید) سەرنجڕاکێشی پەسەندکراوەوە. ئەمەشە کە لە دووڕیانی شۆڕشی میسریی ئەمڕۆدا ململانێ لەسەر نێوەرۆكو تەئویلو وەزیفەکانی توندتربۆتەوە، ئەوەی کە لەرێگەی چەمکی دەوڵەتی ئیسلامیی مەدەنییەوە شیمانەگەلێك لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەك هەر دەوڵەتێك بەرژەوەندیی هاونیشتیمانیانی بەدیهێنا بە مانا گەوهەرییەکەی "**المقاصد الشرعية**/مەبەستە شەرعییەکان"ی ئەداکردووە کە لە بنەڕەتدا بەتێکڕا "**المقاصد المدنية**/مەبەستی مەدەنین"، هەروەها دەوڵەتێکی ئیسلامییە بەبێئەوەی بەخۆیان بزانن. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە پڕئێشەیە کە مامۆستای پێشەوا موحەممەد عەبدە پێشانیداوە، وەختێك دۆزییەوە کە لە فەڕەنسادا ئیسلامی بەبێ مسوڵمانان هەیە، و لەمیسریشدا مسوڵمانان بەبێ ئیسلام. بۆئەوەی نەکەوینە نێو ئەرگومێنتێکی دوورو درێژەوە، بزاڤە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ بەتایبەت لە میسردا، لەئاستی خوارەوەی وزەی قووڵی مەدەنیی ئیسلامیدان، ئیسلام وەك دینو شارستانیەتو کۆمەڵگە، ئەوەی کە مەبەستە شەرعییەکانەو، خوێندنەوەی دەوڵەتیش لەبەر تیشکی ئەو مەبەستانەدابێت. "**اسلامية الدولة**/ئیسلامییبوونی دەوڵەت" لە خۆڕاگەیاندنیدا نییە، بەڵکو لە بەدیهێنانی وەزیفە مەزنەکانی مەبەستدارەکانی ئیسلامدایە. ئیدی ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان بە ئیسلامیی رادەگەیەنن وا راڤەدەکرێت کە کەمترین دەوڵەتی ئیسلامیین بە مانا گەوهەرییەکەی سەبارەت بە مەبەستە گشتییە باڵاکانی ئیسلام.



سیفەتێکە دەدرێتە پاڵ دەوڵەتی دیموکراتیی بەوەی دەوڵەتێکی دیموکراتیی نائاینییو ناسەربازییە. ئایا ئەو مانایە ئامانجی هەموو ئەوانەیە کە ئەم دروشمە بەرز دەکەنەوە؟ ئایا مەبەستی هەر کەسێك لە پاڵپشتیکردنی شۆڕش لە بنەڕەتدا بەشدارییکردنە لە چەسپاندنی دیموکراسیدا؟.

رەنگە پاڵنەرەکانی خەڵك وەك تاك بەمەبەستی بەشداریکردن لە نارەزایەتییەکاندا هەمیشە بەلای چاودێرانەوە نادیارو ناڕۆشن بێت. هەروەها رەنگە رقو تووڕەیی جەماوەریی کەڵەکەبوو دژ بە سیستەمە فەرمانڕەواکان بۆخۆی بنەمابێت. مەبەستمان ئەو تووڕەییە کەڵەکەبووەیە کە دێتەئارا بەهۆی :گەندەڵییو بێکارییو هەژارییو فشەڵیی ئاسایشی کۆمەڵایەتییو دۆزەخییبوونی ژیانی رۆژانەو بێبەشیی کۆمەڵایەتییو سیاسییو هەروەها سوکایەتییو بێحورمەتیپێکردنو نەبوونی ئازادییەکانو، بەدڕەفتاریی هێزەکانی پۆلیس دەرهەق بەهاوڵاتی، سەرشۆڕپێکردنی هاوڵاتیی بەرێگەیەکی ئاسایی لەپەیوەندی نێوان تاکەکانو دەزگاکانی دەوڵەتو، بڵاوبوونەوەی خزمخزمێنەو مەحسوبیەت لە ئەلفەوە تا یاو، لەدەستدانی سەروەریی لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا... هتد. لە تێڕوانینی سۆسیۆلۆژی ئەو وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە مەزنانەی بەرجەستەی شۆڕشەکان دەکەن، ئەو فاکتەرە بینراوو نەبینراوانە تێکەڵ بەیەکتردەبن. سروشتییە ئەم پرسانە بزوێنەری نارەزایەتییەکان بن. بەڵام بێگومان هەڵوێستوەرگرتن لەئاست سیستەمی دەسەڵاتگەراو ئەو ئاکامانەی بەدوایدا دێن بریتییە لەو هەڵوێستە گشتگیرو کۆکەرەوەیە لەوەختێکدا ئەو تووڕەییە بۆ هەڵوێستێکی سیاسیی لە

شەقامە عەرەبییەکاندا دەگۆڕن، بەشێوەیەك شەقام دەبێتە فۆڕمێکی زینددووی پڕپشێویی و تووڕەیی رای گشتیی سەرکوتکراو و پەراوێزخراو، وەك ئەوەی رای گشتیی بۆخۆی فۆرمێکی دامەزراوەیی خواستەکانی خۆپێشاندەران و پرسەکانیان بێت کاتێك لەدەوڵەتێکی دەستوورییدا کە بەتەواویی رێز لە مافە مەدەنیی و کۆمەڵایەتییەکان بگیرێت (**یتمأسس**/بەدامەزراوەیی دەکرێت). شەقام، بریتییە لە رای گشتیی تووڕەو تەقیو دژ بە نائامادەگیبوونی. خواستی دیموکراسییش لە کن زۆرینەی هەرە زۆری دەسپێشخەران و بەشداربووان گەڵاڵەبووە، لە رێگەی کەڵەکەبوونێکی سیاسییەوە کە لانیکەم سێ دەیەیە درێژەی کێشاوە. رەنگە بە نەرێنیی گەڵاڵە کرابێت، واتە بە ناساندنی شتێك بەوەی نەفی دەکات، بە مانایەکی تر دژ بە ستەمکاریی، لە کن ئەوانی تر کەمتر بەسیاسیی کراون واتە ئەو کەسانەی رێژەی بەشداربوونیان بەهۆی خراپیی رێژەی بارگاویی نەبوونیان بەسیاسەتەوە کەمتر نەبوو. ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە شۆڕشەکان کردەیەکی حیزبیی رێکخراونین کە بەرنامەیەکی پێشەوەختی هەبێت.

لەراستیدا، ئەگەر شۆڕش شۆڕشێکی گشتگیر بێت و پارتێك بە بەرنامەیەکی گشتگیرو تۆکمەوە رێبەرایەتیی بکات، ئەوا زۆرجار ستەمکارییەك دەگۆڕێت بە ستەمکارییەکی تر، بەقسەی کارل پۆپەر دیزاینێکی کۆمەڵایەتیی گشتیی هاوچەرخ لە بیروباوەڕەکانیەوە بەسەر زۆربەی بوارە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت، فەزای گشتیی بە چەکی "**هیمنویةو موءسسیة**/هەژموونگەرایی و دامەزراوەیی" هاوچەرخ داگیر دەکات کە



دووبارە ستەمکارییە کۆنەکە بە شێویەکی هاوچەرختر بەرهەمدێنێتەوە. پێویستە باس لەوە بکەین کە لەمەوبەر ئاماژەمان پێداوە سەبارەت بەوەی کە پارتە سیاسییەکان لە گشت شۆڕشەکاندا بەرنامە ئایدۆلۆجییەکانیان بەئامانجی چوونەنێو جووڵانەوەیەکی جەماوەریی گشتگیرەوە ئاشکرا ناکەن، تاکو جەماوەرە بەرفراوانەکە بە بەشداریی کردنیان رازیبن. بەڵام ئاشکرانەکردنی بەرنامەی ئایدۆلۆجییی دەبێت لە دۆخی شۆڕشی دیموکراتیکدا بکرێتە ستراتیژ نەك تاکتیك، تائەو کاتەی دیموکراسییەکە وەك سیستم دەچەسپێت.

پارتە سیاسییەکان رێبەرایەتیی شۆڕشە عەرەبییەکانیان نەکرد، پێشتریش باسمان لەم بابەتەو فاکتەرەکانی کرد. بەڵام نابێت خوێنەر لەوە دڵنیابێت کە ئەم نائامادەگییە خۆی لەخۆیدا مەرجێکی تەواو بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیی پێکدەهێنێت. رەنگە بێپلانیی و بێبەرنامەیی سیاسیی لە دۆخی لەبەریکهەڵوەشانی سیستەمی فەرمانڕەوادا، ببێتە مایەی پشکوتن و پێشڕەویی هێزی کۆمەڵایەتیی ناسیاسیی لە ژیانی سیاسیدا، هەروەها ببێتە مایەی کەرتبوون و کەلێنی گەورە لە دەوڵەت و کۆمەڵگەداو هەڕەشە لە سەریان وەك قەوارەگەلێکی یەکگرتوو پێکبهێنێت، بگرە رەنگە دارمانی دەوڵەت و کۆمەڵگەش ببێتە هەڕشە بۆ هەرێمە هاوسێکانیان. با بە چاویلکەیەکی رەشی خەیاڵاویی رابمێنین، داخوا ئەبێ دۆخی رۆژهەڵاتی عەرەبیی و کەنداو دوورگەی عەرەبیی چۆن بێت لە کاتی شلۆقبوونی دۆخی تایفەگەریی و خێڵگەریی و نێوچەگەریی لە سایەی ئەم هەلومەرجەی ئەمڕۆدا.

کەواتە پێویستە پلان و بەرنامە هەبێت بە شێوەیەك بەرفراوانترین هێزی سیاسیی لەسەریی رێبکەون بەئامانجی زەبتکردنی پرۆسەی

وەرچەرخانی دیموکراسیی و ئاراستەکردنی. شۆڕشی دیموکراتیک یاساو بنەمای خۆی هەیە کە لە شۆڕشەکانی تری جیای دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ناراستەوخۆ بە ئامانجەکانی دەگات، لەرێگەی پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراتییەوە، هەربۆیە پێویستە تائەوپەڕی خوێندنەوەی بۆ کرابێت و رێکخراو بێت و کۆدەنگیی لەسەر بێت، ئەگەرنا کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

ئامانجی دیموکراتی ئاشکراو بەرچاوە، نابێت لە سفرەوە دەست پێبکرێت، وەك ئەوەی عەرەب شتێکی نوێی دابهێنن. لانیکەمی ئەوە زانراوە بۆ دیاریکردنی ئەوەی داخۆ سیستەمێك دیموکراتیە یان نا. بەڵام پرسیارە گەورەکە لە چۆنێتی وەرچەرخانی دیموکراتیدایە. لێرەدا تایبەتمەندیی هەر دەوڵەتێك دەرکەوێت، هەر لێرەشدا داهێنان دروست دەبێت. لەڕاستییدا پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیەلە نێوان شۆڕش و تایبەتمەندییەکانی و هەروەها پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراتیدا هەیە.

ئاشکرایە بۆ نموونە، گەر شۆڕشێك بەگشتیی لەسەر گردکرنەوەی تایفیی و شوناسیی بخرێتەسەرپێ، و تێیدا کۆمەڵگە بەسەر چەند شوناسێك دابەشبکرێت، ئەوا بەگشتیی نابێتە مایەی پلورالیزمی سیاسیی و فیکریی لەچوارچێوەی کۆمەڵگەدا ، بەڵکو کۆمەڵگە بۆ چەند کۆمەڵگەیەکی دیکە دابەشدەکات. پاشتر زۆری پێناچێت ئەو کۆمەڵگایە دەگۆڕێت بۆ گرووپی بچوك بچوکی کۆمەڵگەی سیاسیی، پاشتریش پەرتدەبێت بۆ قەوارەی سیاسیی یاخود قەوارەی کۆمەڵایەتیی دژبەیەك و ناکۆك کە پەیوەندیی رق و کینە لەنێوانیاندا زاڵ دەبێت، جا با لەرواڵەتیشدا لەچوارچێوەی یەك قەوارەی سیاسیدا بژین. ئەم دۆخە



لە مێژووی کۆمەڵایەتیی و مێژووی نەتەوەکاندا گرفتی پێگەیشتنی تەواوی کۆمەڵایەتیی یاخود بنیاتنانی نەتەوەیەکە کە ئێمەی عەرەب هەنوکە لەئاستییدا نین. دەوڵەتە هەرێمییەکان نەگەیشتوونەتە ئاستی دەوڵەتی نەتەوەیی بەشێوەیەك رەگەزێکی ئەرێنیی بن لە پێگەیشتنی تەواوی عەرەبیی بۆ یەك نەتەوە کە لە چەند دەوڵەتێکدا بژین. لەسەرێی ئەمەش وەك دەوڵەتانی عەرەبیی خۆیان رابگەیەنن و، لە یەك چوارچێوەی هەرێمییدا کۆببنەوە. دیارە مەترسیی دیکەش لەگۆڕێدایە، وەك بڵاوکردنەوەی گرفتە ئایدۆلۆجییەکان لەپێناو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا. ئێمە لێرەدا باس لە پێشەنگبوونی پارتەکان ناکەین، ئەو دۆخەی کە دەشێت لە زۆر حاڵەتدا شتێکی خوازراوبێت کاتێك پارتەکان هێزێکی رۆشنگەری نوێگەرا پێکبێنن، و گوزارشت لە هێزە سیاسییە راستینەکانی نێو کۆمەڵگە بکەن، هەروەها تێڕوانینی راستینەی کێبڕکێکاران هەبێت، و بەشێکی ئەو زیانانەشیان بەرکەوتبێت کە سیستەمی ستەمکاریی پێشتر ئەنجامیداوە. گرفتەکە لەوەدایە ئەو پارتە سیاسییانە ئەو پرسە ئایدۆلۆجییانەیان بێننەپێشەوە کە لە سەروبەندی شۆڕشدا شاردوویانەتەوە و، یەکسەریی لە ئان و ساتی رووخانی رژێمدا بەخۆبکەون، یاخود تەنانەت دەرکەوتنی سەرەتاکانی لاوازییشی، پارتگەلێك لە بەشدارییکردن لە شۆڕشدا دوودڵبوون، یاخود بەشێوەیەکی دروست گرەویان لەسەر نەکردووە، ئەمەش مەترسییەکی ئەوتۆی نییە. ئەم دۆخە بە رێژەی جیاواز لە هەردوو شۆڕشی تونسیی و میسریدا دەیبینین.

گرفتی سەرەکیی لە خواستی پێشنیارکردنی کێشەو هەڵوێستە ئایدۆلۆجییەکانی ئەو پارتە سیاسیانەدایە کە هەست بە بەهێزیی خۆیان دەکەن بە ئامانجی یەکلاکردنەوەیان پێش ئەوەی لە پرەنسیپەکانی سیستەمی دیموکراسیدا بچەسپێنرێت. ئالێرەدا پارتە سیاسییە بێهێزەکان زارەترەك دەبن، و داوای گەرەنتیی دەکەن کە ئایدۆلۆجیای هیچ پارتێك نەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆجیای فەرمیی دەوڵەت، واتە دامودەزگا دەوڵەتییەکان پەیوەست نەبن بە فیکرێکی دیاریکراوەوە، جا ئاینیی بێت یاخود چینایەتیی یان هەر شتێکی تر. لێرە هەست بە خەتەرناکیی دووبارە گەڕانەوەی فۆڕمێکی نوێی ستەمکاریی دەکرێت کە پارتگەلێکی سیاسیی ڕێبەرایەتیی دەکەن کە ئایدۆلۆجییەتیان دەخەنە سەرووی پرەنسیپەکانی گەمەی دیموکراسییەکەوە، و خۆیان دەخەنە بان دەوڵەتەوەو، شۆڕش بۆ خزمەت بەرژەوەندییە ئایدۆلۆجییەکانی وەبەردێنێت. لە حاڵەتی دەستەبەربوونی بڕوای جەماوەریی بەوەی شۆڕشگێڕان لەبەر دیموکراسی بەخۆکەوتوونو شۆڕشیان بەرپاکردووە، ئیدی بەرەوپێشچوونەکە بە ئاراستەی ملکەچکردنی پارتە سیاسییەکان دەبێت بەئامانجی دواخستنی گرفتە ئایدۆلۆجییەکانو ڕێککەوتن لەسەر بنەماکانی دیموکراسی کە هێزە سیاسییو کۆمەڵایەتییو دامەزراوەکانی دەوڵەت بەتایبەت سوپا پەیماندەدەن لە هەر بارودۆخێکدا ڕێزی لێبگرن، هەروەها لە حاڵەتی سەرکەوتنی هەر پارتێکی سیاسیی لە هەڵبژاردنی ئایندەدا.

دەسەڵاتداری نوێنەرانی زۆرینە لە هەڵبژاردنی خولیدا (دوري) یەکێکە لە گرنگترین ئەم بنەمایانە، نەك هەمووی. زۆرینە بەپێی ئەو



بنەما دیموکراسییانە حوکمدەکات کە بەدرێژایی مێژوو گەشەیکردووە. ئەوەی کە خەڵکی پەرۆشی بوون، و وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ستەمکاریی لێیانڕوانیوە، تەنانەت لە ناساندنی نەرێنیشیاندا بۆ ستەمکاریی، واتە بەوەی ڕەتیدەکاتەوە. ئەمەش بریتییە لە پێناسەی کۆی گەل بۆ ئەڵتەرناتیڤی ستەمکاریی، ئەم بنەمایانەی کە لە چەمکی هاوڵاتیبوونی دیموکراتیدا بەرجەستەیە. هەروەها لە فەرمانڕەواییکردن بەگوێرەی پرنسیپی هاوڵاتیبوون وەك ڕێکخەری پەیوەندی نێوان دەوڵەتو دانیشتوانەکەی، ئەوەی وادەکات کە دەوڵەت دەوڵەتێکی مەدەنیی بێت.

## لیستی سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبیی:


١. ابن تيمية. احمد، مجموع الفتاوى، جمع وترتيب عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، ج٤، (المدينة المنورة: مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م).

٢. ابن تيمية. احمد، مختصر منهاج السنة، اختصره الشيخ عبدالله الغنيمان، الجزء الاول، (المدينة المنورة: ١٤١٠هـ).

٣. أرندت. حنة، في الثورة، ترجمة: عبدالوهاب. عطا، ط١، (بيروت: المنظمة العربية للترجمة، ٢٠٠٨).

٤. بشارة. عزمي، المسألة العربية: مقدمة لبيان ديمقراطي عربي، ط١، (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٨).

٥. بن محمد بن قاسم. عبدالرحمن، الدرر السنية في الاجوبة النجدية: مجموعة رسائل ومسائل علماء نجد الاعلام من عصر الشيخ محمد بن عبدالوهاب الى عصرنا هذا، ج١، ط٦، (١٤٦٧هـ/ ١٩٩٦ م).

٦. الحكيم. توفيق، ثورة الشباب، (القاهرة: مكتبة مصر، ١٩٩٨).

٧. دسوقي. عاصم، وأخرون، الثورة والتغيير في وطن العربية عبر العصور: اعمال ندوة الجمعية المصرية للدراسات التاريخية، (القاهرة: مركز البحوث والدراسات الاجتماعية في كلية الاداب – جامعة القاهرة، ٢٠٠٥).

٨. العروي. عبدالله، مجمل تاريخ المغرب، (الدار البيضاء – بيروت: المركز الثقافي العربي، ٢٠٠٧).

٩. غرابية. عبد الكريم، "سورية: القرن التاسع عشر ١٨٤٠ – ١٨٧٦" (محاضرات)، ( القاهرة: معهد الدراسات العربية العالية، ١٩٦١—١٩٦٢).

١٠. فتحي عثمان. محمد، من أصول الفكر الاسلامي: دراسة لحقوق الانسان ولوضع نهاية الدولة والامامة في ضوء شريعة الاسلام وتراثه التاريخي والفقهي، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٨٤).

١١. الفراء الحنبلي. أبو يعلي محمد بن الحسين، الاحكام السلطانية، صححه وعلق عليه الفقي. محمد حامد، (بيروت: منشورات محمد علي بيضون لنشر كتب السنة والجماعة، دار الكتب العلمية، دون تاريخ).

١٢. المطيري. حاكم، الحرية او الطوفان: دراسة موضوعية للخطاب السياسي الشرعي ومراحله التاريخية، ط٢، (عمان: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ٢٠٠٨).

١٣. هوبسباوم. ايريك، عصر الثورة: اوروبا ١٧٨٩—١٨٤٨، ترجمة: فايز صياغ، ط٢، (بيروت: المنظمة العربية للترجمة، ٢٠٠٨).




## به زمانه بيانييه‌كان:


١. Aristotle, politics, Translated by Benjamin Jowett with introduction, Analysis, and Index by H.W.C. Davis, (Ny: dover publications inc., mineola, 2000).

٢. Brinton. C., Anatomy of Revolution, (Ny: Vintage Books: 1995)

٣. Friedrich. C. j., Revolution, (Ny: Atheron, 1995).

٤. kuhn. Thomas S., The Structure of Scientific Revolutions, 3rd Edition, ( Chicago and London: The University of Chicago Press, 1996).

٥. Lenin, Left Wing Communism, (Moscow: Progress, 1950).

٦. Lenin.” The collapse of The Second International”, in: Collected Works, Vol. 21 (Moscow: Progress, 1965).

٧. Matin Lipset. Symor, Revolution and Counter: Change and Persistencein Social Structures, ( New Oxford: Transaction Books, 1998). & Brunswick